
# قوربانیانی دەستی داعش.. چۆن قەرەبوو دەکرێنەوە؟



عەدنان حوسێن

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

کۆمەڵێك چالاکوانی مەدەنی و سیاسی لە سەرجەم نەتەوەو ئایینەکانی عێراق کۆنگرەیەکیان بەدرێژایی سێ ڕۆژ لە ڕۆژانی ٨-١٠ی شوباتی ٢٠١٥ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بە بەشداریی کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسی و ڕۆشنبیری و نوێنەرانی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و دەستە ئایینیەکان دەربارەی( جینۆساید وپاکتاوی رەگەزی و ئاییندەی ئێزیدی و مەسیحییەکان لە عێراق) سازکرد.

من یەکێك بووم لە بەشداربووانی کۆنگرەکە کە لە هەموو ناوچەکانی عێراق و چەند وڵاتێکی دوورەوە ئامادەی بووبوون، بێجگە لە توێژینەوەی گرانبەهاو دانوستانی زیندووی ناو کۆنگرەکە، من بینیم کە دوو بڕگەی زۆر سەرنجڕاکێش و پڕ بایەخ لە کۆنگرەکەدا هەبوون، کە یەکێکیان بریتی بوو لەوەی کە لەسەر شانۆی هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلا لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەکە ئەنجامدرا، دووەمیشیان لە دەرەوەی هۆڵ و لە دەرەوەی شاری هەولێر.

لە گۆشەی شانۆکەدا پەردەیەکی سپی بەرزکرابۆوە لە پشتییەوە دوو ئافرەت دانیشتبوون لەوانەی کە دوای دەردەسەرییەکی ترسناك خۆشبەختانە لە دەستی دڕندەکانی داعش رزگاریان بووبوو، بەڵێ، وشەی( دڕندەکان) تاکە وشەیە لە فەرهەنگی زمان کە گونجاوە بۆ وەسفکردنی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەڵکو ڕەنگە وا پێویستە لەسەرمان بەدوای زاراوەیەکی دیکەدا بگەڕێین، تەنانەت دڕندەکانی دەشت ودەریش کە لەوان دڕندەترن دوای تێربوون واز لە دوژمنکارییەکانیان دێنن، بەپێچەوانەی چەکدارانی داعش کە هیچ سنوورێکیان نیە بۆ دوژمنکاریی و رق و کینە بە رامبەر هەموو شتێك و گیانی تۆڵەسەندنەوە کە لە ناخیاندا چەسپیوە، ئەمەش بە شایەدی ئەو دوو ئافرەتە ئێزیدییەی کە لەسەر شانۆ و لەپشت ئەو پەردە سپییەوە قسەیان دەکرد.

کاتێ من گوێم لەم دوو ئافرەتە دەگرت هەستم بەوە دەکرد کە هەموو شانەیەکی لەش و گیانم خەریکە تێکدەشکێت وەك ئەو درەختانەی لەبەر رەشەبایەکی بەهێزدا خۆیان ناگرن، ئومێدم دەخواست کە ئەگەر ڕێکخەرانی کۆنگرەکە ئەو پەردە سپییەیان بۆ دیارنەکردنی ئەو دووئافرەتە دانەنابایە بەرامبەر ئەو خەڵکەی لەوێ ئامادەبوون کە ژمارەیان لە ٨٠٠ کەس زیاتر بوو. حەزم دەکرد بە چاوی خۆم سەیری هەڵچوونی ئەو دوو ئافرەتەم بکردایە کە بەزمانێکی پڕلە ئێش وئازار و خەمێکی قووڵەوە باسیان لە مەینەتییەکەی خۆیان دەکرد.

بەراستی ئەمە کارەسات و مەینەتیی سەدان هەزار ئافرەت و پیاو و منداڵ و پیرە. ئەو دوو ئافرەتە ئێزیدییە باسیان لە سکانداڵ و دەستدرێژییە دڕندەییەکان دەکرد کە ڕووبەڕوویان بووبوونەوە یان بە درێژایی ئەو چەند مانگە پێوەیان دەتلانەوە کە تەنانەت بەردی شاخیش بەرگەیان ناگرێت.

بەڵام ئەو بڕگەیەی لە دەرەوەی هۆڵەکە بەڕێوەچوو بریتی بوو لە سەردانێك بۆ گردبوونەوەیەکی چەند سەد خێزانێکی ئاوارەی

ئەو ناوچانەی داعش داگیری کردوون، ئەو شوێنە دەکەوێتە شارۆچکەی عەنکاوەی نزیك شاری هەولێر، کە بریتی بوو لە خانوویەکی تەواونەکراو، تەنیا هەیکەلێکی مەڵبەندی بازرگانی (مۆڵ) بوو کە خاوەنەکەی کاری بیناکردنی راگرتبوو بۆ حەواندنەوەی ئاوارەکان، شوێنەکە بۆ نیشتەجێ بوون گونجاو نییە، چونکە لە هەموو لایەکەوە کراوەتەوە و دەسەڵاتدارانی تایبەتمەندیش بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی کۆمەکبەخش بۆ چەند رووبەرێکی بچووك بە دیواری ئەلەمنیۆم دابەشیان کردووە، هەر رووبەرێك لەوانە لە رووبەری ژووری خانوویەکی ئاسایی زیاتر نییە، بۆیە پێویستە هەرخێزانێك خۆی لەو رووبەرە بچووکەدا بحەوێنێتەوە، یەکێك لەوانەی یاوەرمان بوو پێی گوتین: ئەوانە شانسیان هەیە و لەخەڵکی دیکە بەختەوەرترن! چونکە توانیان پەناگەیەك بەدەست بێنن کە بنمیچیان هەیە و نزیکە لە شار، لە کاتێکدا دەیان هەزار خێزانی دیکە هەن لەئێستادا لە خێوەتگاکاندا نیشتەجێن، بەڵکو هەشیانە تەنانەت خێوەتیشیان دەست نەکەوتووەو لە چۆڵەوانیدا ژیان بەسەر دەبەن.

ئەو پیاوەی یاوەرمان بوو باسی جۆرەها کێشەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ماددی بۆ کردین کە ئەو ئاوارانە رووبەڕوویان دەبنەوە، ئەمە سەرەڕای مەینەتیی دەروونیی ترسناك، بە تایبەتیش ئەوانەی ئازیزو خۆشەویستی خۆیان لەدەستداوە یان ئەوانەی دەربارەی چارەنووسی ئەو ئازیزانەیان هیچ نازانن، بە تایبەتیش ئەو ئافرەتانەی وەك (سەبایا) لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بەدیلگیراون و دووچاری سەختترین مامەڵە بوونەتەوە ئەویش دەستدرێژیی کردنەسەرە، یان لە بازاڕدا بە هەرزان فرۆشتوویانن، بەراستی مەینەتییەکی نالەبارو کوشندەیە، هیچ سنوورێکی کاتی و شوێنی بۆ ئێش و ئازارەکانیان نییە.

کۆنگرەکە بە چەند داخوازی و راسپاردە کۆتایی بە کارەکانی هێنا، بۆ نموونە: ئەوەی کە لە ناوچەکانی موسڵ و شنگال و دەشتی نەینەوا روویدا بە تاوانی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی دابنرێت، هەروەها سەرکۆنەکردن بە تاوانی بەکۆیلەکردنی ئافرەتانی ئێزیدی و مەسیحی و فرۆشتنیان و دەستدرێژی کردنە سەریان لەلایەن چەتەکانی داعشەوە وەك تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، هاوکات هەوڵدان بۆ شیاندنی ستەملێکراوان و دابینکردنی پاراستنی تەواوی قوربانیانی جینۆساید و پاکتاوی رەگەزی لەلایەن دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، هەروەها کارکردن بۆ بەپەلە ئازادکردنی ئەو ناوچانەی کە گروپە تیرۆریستەکان داگیریان کردوون و مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و قەرەبووکردنەوەی ماددی ئەوان و هەموو قوربانییەکانی دیکە.

بە گشتی ئەوانە داخوازی و راسپاردەی باش و پێویستن کە بەدی بهێنرێن، بەڵام هەموو سامانی جیهان ناتوانێت گیان بۆ قوربانییەك لەو قوربانیانەی کوژراون بگێڕێتەوە، هەروەها بە هەموو سامانێك ناتوانێت قەرەبووی ئافرەتێکی ئێزیدی یان مەسیحی بکرێتەوە کە مرۆڤایەتییەکەی پێشێلکرابێت یان دووچاری دەستدرێژیی بووبێتەوە. گیانی هەموو ئەوانەی ماون بەردەوام تا دوا هەناسەیان ئازاردەکێشن و دڵیان خوێنی لێدەچۆڕێت..هیچ شتێك قەرەبوویان ناکاتەوە، بۆیە پێویستە حکومەتی فیدراڵ لە بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هەموو جیددییەکەوە نەك هەر بەتەنیا داعش لەناوبەرن و ئەو ناوچانەی ژێر دەستی رزگاربکەن و قەرەبووی ماددیی زیانلێکەوتووان بکەنەوە، بەڵکو لەرووی مانەویشەوە قەرەبوویان بکەنەوە، ئەوەش ناکرێ ئەگەر هەموو ئەوانەی هۆکاری ئەو کارەساتە ترسناکە بوونە نەدرێنە دادگا، بەر لە داعشیش سەرکردە سیاسیی و سەربازییەکانی عێراقی ئەم بەرپرسیارێتییەیان دەکەوێتە ئەستۆ ئەوانەی سیاسەتە چەوتەکانیان هۆکاری ئەو مەینەتییانە بوون. نابێ هیچ کام لەوانە لەم سزادانە رزگاری بێت، بەر لەچەند مانگێك ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لە مەسەلەی کەوتنی موسڵ بەدەستی داعش پێکهێنابوو، جا هەروەك هەندێ لە ئەندامانی لیژنەکە لە لێدوانەکانیاندا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن روونیان کردبۆوە کە لیژنەکە رووبەڕووی فشارێکی بەهێز دەبێتەوە بۆ لادانی رێڕەوەی لێکۆڵینەوەکە تاکو ئەو گەورە سەرکردە سیاسی و سەربازییانە مەحکوم نەکرێن کە هۆکاری ئەم کارەساتە بوونە.

ئەمە نابێ هەرگیز رووبدات، جا بۆ ئەوەی ئەمە لە داهاتوو دووبارە نەبێتەوە پێویستە بەرپرسیارێتییەکان دەربارەی رووداوەکان بە ئاشکراو راستی دیاری بکرێن، نامانەوێت مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، نامانەوێت ئەوەی لە ٢٠٠٦ روویدا بە هیچ شێوەیەك دووبارە ببێتەوە، چونکە ئەوەی ئەو کاتە روویدا ئەوە بوو کە یەکەم حکومەتی نوری مالکیی سەرۆك وەزیرانی پێشوو توانی دەرفەت بە دیکتاتۆر سەدام حسێن بدات خۆی رزگاربکات لە بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی جەنگ و ئەو تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامی داون، ئەو حکومەتە دۆسیەیەکی (بچووك)ی بۆ هەڵبژارد تا دادگایی پێ بکات و مەحکومی بکات و بە لەسێدارەدان حوکمی بدەن، ئەویش لەسێدارەدانی چەند کەسێك بوو لە دۆسیێی دوجەیل، لەکاتێکدا ئەو دیکتاتۆرە دادگایی نەکرا لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و بۆردومانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە غازی ژەهراوی، هەروەها دادگایی نەکرا لەسەر تاوانەکانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان کە کورد و عەرەب و خەڵکی دیکەشی گرتەوە، دیسان دادگایی نەکرا لەسەر شەڕە دوژمنکارییەکانی دەرەوە.

بە راستی کارەساتێك بوو بۆ هەموومان کە سەدام لەسەر ئەو تاوانە گەورانە مەحکوم نەکرا، هەروەها کارەسات و گاڵتەجارییە بۆ هەمووومان کە ئەو بەرپرسە سیاسی و سەربازییانە لە سزادان و لێپێچینەوانە رزگاریان بێت، ئەوانەی کە یارمەتی داعشیان دا تا ئەو تاوانانە دەرحەق ملیۆنەها کەسی خەڵکی عێراق ئەنجام بدات.

**کاتێ من گوێم لەم دوو ئافرەتە دەگرت هەستم بەوە دەکرد کە هەموو شانەیەکی لەش و گیانم خەریکە تێکدەشکێت، ئومێدم دەخواست ئەو پەردە سپییەیان بۆ دیارنەکردنی ئەو دووئافرەتە دانەنابایە بەرامبەر ئەو خەڵکەی لەوێ ئامادەبوون**

**هەموو سامانی جیهان ناتوانێت گیان بۆ قوربانییەک لەو قوربانیانەی کوژراون بگێڕێتەوە، هەروەها بە هەموو سامانێک ناتوانێت قەرەبووی ئافرەتێکی ئێزیدی یان مەسیحی بکرێتەوە کە دووچاری دەستدرێژیی بووبێتەوە**





# سەرۆکێک

## توانای پێشبینی و پێشپێگرتنی
## مەترسی و هەڕەشەکانی سەدەی ٢١ی هەیە



**سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەوەی مەزندە و پێشبینی زۆر وردی بۆ رووداو و گۆڕانکارییەکان هەیە، لە هەمانکاتدا توانای بەرنامەدانانیشی بۆ پێشگرتن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوە نەخوازراوەکانیش هەیە**

### ● سەرۆکێك توانای پێشبینیکردن و چارەسەری کێشەکانی هەیە

ئاڵۆزیی کێشەکانی جیهان لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرکردەکانی جیهان و بڕیاردروستکەران توانای پێشبینیکردن و پێشپێگرتنی کێشە و تەحەددییەکانیان نییە، لەمەش خراپتر کاتێك کێشەو تەحەدییەکان دەتەقنەوە، توانای ئەوەیان نییە کە وەك خۆی مامەڵە لەگەڵ کێشـــەکان بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئەم حاڵەتە کە ئێستا جیهان تێیکەوتووە، بەشێکی پەیوەندی بەو سیستەمە سەقەتەوە هەیە کە دوای رووخانی دیواری بەرلین ناوی لێنرا «سیســـتمی نوێی جیهان»، لە کاتێکدا سیستمەکە هەر سیســـتمە کۆنەکەی شەڕی سارد بوو، بەشـــێکی دیکەی پەیوەندی بەو جوگرافیا سیاسییەی سەردەمی شەڕی سارد و پێناسەی شەڕی سارد بۆ سەروەریی دەوڵەت هەبوو، لەم لایەنەوە لە بەشـــێکی ئەورووپا و یەکێتی ســـۆڤیەتی پێشان هەم جوگرافیای سیاسی، هەم سەروەریی دەوڵەتیش گۆڕانکاری بەســـەردا هات، بەڵام لە بەشـــێکی دیکـــەی جیهـــان وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و باکووری ئەفریقیا، بە هەمان ریتمی سیستمی سەردەمی شەڕی سارد زیاتر پشـــتگیری رژێمە خۆســـەپێن و دیکتاتۆرییەکان کرا، ئەمە وایکرد ماوەی ٢٢ ســـاڵ (لە ١٩٨٩-٢٠١١) وڵاتانی عەرەبی و ئیســـلامی لە پرۆســـەی دیموکراتـــی و کرانەوە داببڕێن، ئەم دابڕانـــە وایکرد رق و کینەی پەنگخواردووی زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن کەس لە خۆسووتاندنەکەی بوعەزیزی لە تونس بتەقێتەوە. پســـپۆڕان و بیرمەندان ســـەبارەت بەو خۆسووتاندنە دەڵێن: ئەو بڕیارەی بوعەزیزی لە تونس تەنها بڕیـــاری یەك کەس نەبووە، بەڵکو ئەوە بڕیاری ٣٠٠ ملیۆن کـــەس بووە کە لـــە ئازادی بێبەش بوون. لـــە عێراقیش کە لە کۆتایی ســـاڵی ٢٠٠٢ ـەوە، ســـەرەتای خۆئامادەکردنی هاوپەیمانـــان و عێراقییەکان بۆ رووخانی رژێمی پێشـــووی بەعس دەرکەوت، هەموو لایەنە ســـەرەکییەکانی ئەم کێشەیە بێجگە لە شەخســـی بارزانی، هەریەکەیان بیری لە ئامانج و مەبەســـتی تایبەتی خۆی کردۆتەوە و ئەوەی بیریان لێ نەکردۆتەوە ئایندەی عێراق بووە، هەر بۆ نموونە:

١. ئامانجی ســـەرەکی ئەمریـــکا داگیرکردنی عێراق بووە، ئەمەش لە یەکەم رۆژی کەوتنی بەغدا بە ئاشکرا دەرکەوت کە ئاڵای ئەمریکایان لەسەری پەیکەرەکەی سەدام حوسێن لە ناو شـــاری بەغدا داکوتا، لەمەش خراپتر کەسێکیان بۆ حاکمـــی مەدەنی عێراق هەڵبژارد کە ناوی پۆل بریمەر بوو،

**ئەگەر سەرکەوتن لە بونیادنانی دەوڵەت بەشێوازی تازە لە سەدەی بیستەم وەک مەدالیا بە بەرۆکی (لی کوان یو)ی سەرۆکی سەنگافورا بدرێت، ئەوا سەرکەوتنی پێشمەرگە بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتی هاوچەرخ بە شێوازیکی تازە بۆ هەموو جیهان ئەو مەدالیایە دەبێت کە جیهان بە بەرۆکی مسعود بارزانی، سەرۆکی کوردستانیەوە بدات، ئەگەر شێوازە تازەکەی لی کوان یو بۆ بونیادنانی دەوڵەت ئەو کتێبە بێت کە پاش ٣٠ساڵ لی کوان یو بە ناوی (چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا) بڵاوی کردەوە، ئەوا شێوازە تازەکەی بارزانی بۆ راستکردنەوەی چەمکی سەروەریی دەوڵەت لە جیهان و پێکەوەژیان و لێبوردەیی و پێکەوە گونجانی بەها و کەلتوورە جیاوازەکان، ئەو قوربانی و سەرکەوتنانەی پێشمەرگەیە کە راستەوخۆ بە سەرپەرشتی بارزانی لە سەنگەرەکانی شەڕدا تیرۆریستانی داعش تێکدەشکێندرێن. ئەگەر کۆدی سەرکەوتنی لی کوان یو بۆ بونیادنانەوەی سەنگافورا، دووبارە ژیاندنەوەی ئیرادەی هاووڵاتیانی سەنگافورا بووبێت بۆ بەگەڕخستنەوە لەسەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەوا کۆدی سەرکەوتنی بارزانی ژیاندنەوەی ئیرادەی پێشمەرگەیە لەسەر ئاستی سەربازی و سیاسی و ئەخلاقی بۆ تێکشکاندنی دوژمنانی مرۆڤایەتی و پاراستنی مانای ئازادییە، ئەمەش واتە پێشمەرگە مانا کلاسیکییەکەی سەرباز و سوپا (Soldiers and army) تێدەپەڕێنێت. ئەگەر سەرباز و سوپا هەموو کات هەڕەشە بووبن بۆ ئازادی و دیموکراتی، ئەوا پێشمەرگە خۆی بۆتە مانایەک بۆ ئازادی و دیموکراتی، هەر بۆیە لەم جیهانە شڵەژاوەی سەدەی بیست و یەکدا بێجگە لە پێشمەرگە، هیچ وڵاتێک چارەسەری بۆ تێکشکانی تیرۆریستان و پاراستنی ئازادی لەبەردەست نییە، بۆیە جیهان پێشمەرگەی خۆش بوێت، یان خۆشی نەوێت، کوردستانی خۆش بوێت، یان خۆشی نەوێت، دەبێت بۆ پاراستی ئازادی و تێکشکانی تیرۆریستان گوێ لە بارزانی بگرن.**

هیچ ئەزموونێکی لەسەر عێراق و لەگەڵ عێراقییەکان نەبووە.

٢. لەسەر داوای لایەنە شیعەکان کە ئامانجیان تۆڵەسەندنەوە بوو لە سوننە، سوپای عێراق و تەواوی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و موخابەرات هەڵوەشێندرانەوە، ئەم توخمە ترسناکانە بێ بەرنامە تێکەڵاوی کۆمەڵگەی سوننە کرانەوە، ئەم هەنگاوە لە پێناوی ئەوە نەبوو ئەم دەزگایانە، دەزگای داپڵۆسێنەری رژێمێکی دیکتاتۆرین و پێویستە بگۆڕێن، بۆ دامەزراوەی دەوڵەتی هاوچەرخ، بەڵکو نییەت و ئامانجی لایەنەکانی شیعە بۆ ئەوە بوو سوپا و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و موخابەرات لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی شیعە دروست بکەنەوە و سوننەی عێراق پاکتاو بکەن، تەنانەت ئەوەندە کورتبین بوون، سەدام حوسێن و دارودەستەکەی سەدان تاوانی زۆر دڕندانەتر و خوێناویتریان لە رووداوەکەی دوجەیل لە دژی هەموو عێراقیەکان ئەنجامدابوو، بەڵام چونکە لایەنی شیعە داخ لەدڵ بوون بۆ تۆڵەسەندنەوە وایانکرد تەنها لەسەر دوجەیل لە سێدارە بدرێت.

٣. عەرەبی سوننەی عێراق کە کەمینەن لە عێراقدا، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠-٢٠٠٣، بەشی هەرە زۆریان وەك ئەمری واقیع خۆیان لە سوپا و ئەمن و موخابەرات و پۆلیس بینیییەوە، بە واتایەکی دیکە پلەدارەکانی ئەم دامەزراوە بەشی هەرە زۆریان عەرەبی سوننە بوون، پێش رووخانی رژێمی بەعس، سەدام حوسێن پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تیرۆریستانی قاعیدە دروستکردبوو، بۆیە کاتێك رژێمەکە رووخا، ئەو هەموو خەڵکە تێکەڵاوی کۆمەڵگەی سوننە کرایەوە، ئەمە وایکرد لە ماوەی کەمتر لە ١٠٠ رۆژدا تیرۆریستان و سەرانی پێشووی بەعس خۆیان رێکبخەنەوە و دەست بکەن بەکاری خۆکوژی و کردەی تیرۆریستی گەورە ئەنجام بدەن، هەر بۆ نموونە لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٣ توانییان سیرجی دی میلۆی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق تیرۆر بکەن، لە ٢٩ی ئابی ٢٠٠٣ توانییان محەمەد باقر حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق تیرۆر بکەن.

ئەگەر لەبەرامبەر هەموو ئەم لایەنانە سەیری هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی بکەین، دەبینین لە پێش رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٢ـەوە پێشبینی ئەم بارودۆخەی کردبوو، هەستی بەوەش کردبوو کە ئەو ئەقڵییەتە و ئەو بەرژەوەندییە تایبەتانە عێراق بەرەو دۆزەخ دەبەن، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ

**هەم کوردستان لەسەر ئاستی هێزی پێشمەرگە و دەزگای هەواڵگری پێویستی بە ئەزموون و تەکنەلۆژیا و چەکی سوپا و دەزگاکانی هەواڵگری رۆژئاوا هەیە، هەمیش رۆژئاوا پێویستی بە ئەزموون و وره و ئیرادە و شێوازی کارکردنی پێشمەرگە و کارمەندانی دەزگای هەواڵگری کوردستان هەیە**

ئەوە بووە کوردســـتان تێکەڵاوی ئەو بارودۆخە نەبێتەوە، هەر بۆ نموونە:

١. لــە کۆنفرانســی لەندەن کــە لە کۆتایــی ٢٠٠٢ بۆ کۆبوونـــەوەی موعـــارەزەی عێراقی بەڕێوەچوو، ســـەرۆك بارزانی زۆر راشـــکاوانە بە هەردوو لایەنی عەرەبی سوننە و شـــیعەی راگەیاند: «رژێمی ســـەدام حوسێن گەورەترین تاوانی بەرامبەر کورد و کوردستان ئەنجامداوە، زیاتر لە ٣٧ کەسی تەنها لە بنەماڵەی ئێمە ئەنفال کردووە، بۆیە داواتان لێدەکەم دوای تۆڵە مەکەون، بیرکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە ئەم وڵاتە بەرەو دۆزەخ دەبات».

٢. دوای رووخانی رژێمی ســـەدام حوسێن، هەندێك دەنگ بڵاوبۆوە کە دەبێــت هێزی پێشـــمەرگە نەمێنێت، بارزانی ئەمـــەی نەك هەر قبووڵ نەکرد، بەڵکو رایگەیاند مانی ئەو لەگەڵ مانی پێشمەرگەیە.

٣. لــە ئابی ٢٠٠٣وە کە بە راشـــکاوی شـــەڕی ناوخۆی نێوان شـــیعە و ســـوننەی عەرەب دەســـتی پێکردووە، هەتا ئێستاش کە گەورەترین بەرەی شەڕمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیە و داعش ناوچە سوننەنشینەکانی داگیرکردووە، بارزانی رێگەی نەداوە کـــورد ببێتە لایەنێك لەو ناکۆکییە، واتە پشتگیری ســـوننە بکات دژی شیعە، یان پشتگیری شیعە بکات دژی سوننە، لە ئێستاشدا زیاتر لە سەدان هەزار عەرەبی ســـوننە کە لە ترسی ئەو شەڕە روویان لە کوردستان کردووە و لە کوردستان بە ئازادی ژیان بەسەر دەبەن.

٤. لەســـاڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ئەمریکا ناچار بوو دیراســـەتی بارودۆخی عێراق بکات، بۆ ئەمـــە لیژنەیەکی پێکهێنا کە راوێژیان لەگەڵ هەموو ئەو ســـەرۆك کۆمارانەی ئەمریکا دەکرد کە لە ژیاندا مابوون، هەروەها پرسیان بە راوێژکارانی ئاسایشـــی نەتەوەیی و وەزیرانـــی دەرەوە و دیپلۆماتکارانی ئەمریکـــی دەکـــرد کە لـــە ژیانـــدا مابوون، هەمـــوو ئەو سیاســـەتمەدار و پسپۆڕانەش کە کاریان لەسەر پرسی عێراق کردبوو، بیروبۆچوونیان وەرگرتبوون کە چی بکەن بۆ ئەوەی رێڕەوی پرۆسەی سیاسیی عێراق راستبکەنەوە، دوای هەموو ئەمانـــە راپۆرتێکیان ئامادەکرد بەنـــاوی (راپۆرتی بیکەر هاملتۆن)، سەرۆك بارزانی کە ئەوکاتەی راپۆرتەکە دەرچوو لە بەغدا بوو، لەوێوە سەرلەبەری ئەو راپۆرتەی رەتکردەوە و رایگەیاند: «ئێمە راسپاردەکانی ئەو راپۆرتە قبووڵ ناکەین، چونکـــە دیکتاتۆرێکـــی دیکە زیندوو دەکاتـــەوە». چەند رۆژێك دوای ئەم رەتکردنەوەیەی سەرۆك بارزانی، سەنتەری دیراساتی ستراتیژی نێودەوڵەتی (CSIS) وتارێکی لەسەر راپۆرتەکە بە ناونیشانی (چاوەڕێمان کرد شاخ بزێ، مشکی بوو)، ئەمەش مانای ئەوەیە لیژنەکە هێندەی شـــاخێك بووە، راسپاردەکانی مشکێك بووە.

٥. لەماوەی کابینەی یەکەمی حکومەتی عێراق، ســـەرۆك بارزانـــی هەوڵیدا کـــورد رۆڵی میانگیر بۆ چارەســـەری کێشـــەکان بگێڕێت، بەڵام هەردوو لایەنی ســـوننە و شیعە هەوڵیاندەدا، ســـوود لەم هەڵوێســـتەی کورد بۆ بەرژەوەندی شـــەڕی مەزهەبگەرایی خۆیان وەربگرن، هەر بۆ نموونە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا، ئەگەر کێشـــەیەك لە نێوان سوننە و شیعە هەبوایە، کورد هەوڵیدەدا رۆڵێکی خێری تێدا بگێڕێت، بەڵام کە دەهاتە ســـەر پرســـێك پەیوەندی بە کوردســـتانەوە هەبێت، پەلەمانتارانی شـــیعە و ســـوننە دەنگیان لە دژی کورد دەدا، سەرۆك بارزانی هەســـتی بەم دیاردەیە کردبوو، بۆیە لـــە کابینەی دووەمی حکومەتـــی عێراق، دوای ١٠ مانـــگ وتوویژ و میانگیری ئەمریکا، لە هەولێر لەســـەر بنەمـــای رێککەوتنـــی هەولێر کابینـــەی دووەم پێکهات، برگەکانـــی رێککەوتنی هەولێر، بـــۆ بونیادنانەوەی عێراق بوو لەســـەر بنەمای هاوبەشی هەموو پێکهاتەکان، بەڵام لە یەکەم رۆژی پێکهێنانی حکومەتەوە، نوری مالیکی پابەند نەبـــوو بەم رێککەوتنە، بۆیە ســـەرۆك بارزانی لە نەورۆزی ٢٠١٢ رایگەیاند: «ئەمە ســـەرەتای دیکتاتۆریەتە و ئێمە جارێکـــی دیکە ناچینەوە ژێردەســـتی هیچ دیکتاتۆرێك و گەلی کوردستان بڕیاری خۆی دەدات».

سەرۆك بارزانی لە نیسانی ٢٠١٢ سەردانی ئەمریکای کرد و لە کۆشکی سپی بە راشکاوانە بەسەرۆك ئۆباما و ئیدارەی ئەمریکی راگەیاند، لە کۆڕێکیشدا کە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراســـەتی سیاســـەتی رۆژهەڵاتی نزیك بۆ ســـەرۆك بارزانی گرێدابوو، لەوێش راشـــکاوانە ئەو مەترسییانەی بۆ ئاشـــکراکردن و داوای کرد کە دەبێت بەپەلە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

٦. لە ساڵی ٢٠١٣ سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە هەوڵیدا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا راستبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەغدای کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی سوننە هەستیان بە مەغدووری دەکرد و وەڵامی داخوازییەکانیشیان نەدرابۆوە، ئەوە بە تەواوی ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشەی تیرۆریســـتان خۆشـــکردبوو، حکومەتی مالیکیش هەموو ســـوننەی بە دوژمنی خۆی دەزانی بەوانەشـــەوە کە وەك نوێنەری سوننە لەناو پرۆسە سیاسیەکە بوون، بۆیە مالیکی هەمـــوو وەزارەتەکان و دامـــەزراوە گرنگەکانـــی دەوڵەتی بەســـتبۆوە بە نووسینگەی خۆیەوە، ئەوەش وایکرد لەلایەك زەمینەی باش بۆ تیرۆریستان دروست بێت، لەلایەکی دیکە دامەزراوەکانی دەوڵەت راوەســـتابوون، بۆیە عێراق کەوتبووە حاڵەتی پاشـــاگەردانی، ئەم حاڵەتە وایکرد لەگەڵ هاتنی ســـاڵی ٢٠١٤ ئیدی نوری مالیکی و تا رادەیەك شیعەش هەموو بیرکردنەوەیان لەســـەر ئەوە بێت چۆن بەغدا بپارێزن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بودجەی کوردســـتانیان بڕی، بەڵام وێڕای ئەو هەموو دەســـتدرێژییانەی بەغدا بۆ ســـەر قوتی خەڵکی کوردستان، ســـەرۆك بارزانی بڕیاری نەدا کورد لە پرۆسە سیاســـییەکە بکشـــێتەوە، لەمەش زیاتر بەغدای لە

**٢٨ دەوڵەتەکەی ئەوروپا کە بتوانن بۆ سەرکەوتن لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و دابینکردنی ئاسایش لەناو یەکێتی ئەوروپا، باس لەوە بکەن ئامادەن قوربانی بە بەشێک لەسەروەری دەوڵەت بدەن، ئەوا بیرکردنەوە لە پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی دەوڵەتانێکی وەک سووریا و عێراق، شتێکی زۆر لاوەکییە بۆیان**

**هەتا ئێستا هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لەنێوان دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتانە نییە، ئەوا ئەو تیرۆریستە ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆی لە ژێر چاودێریدا بێت، کە دەچێتە وڵاتێکی دیکە لە ژێر چاودێری نابێت، بۆیە ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە**

**نییەت و ئامانجی لایەنەکانی شیعە بۆ ئەوە بوو سوپا و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و موخابەرات لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی شیعە دروست بکەنەوە و سوننەی عێراق پاکتاو بکەن**

مەترسی تیرۆریستانی داعش ئاگادار کردەوە و ئامادەکاری پێشـــاندابوو نەهێڵێت ئەو ڕووداوە ڕووبدات، بەڵام مالیکی بـــە بارزانی گوتبوو: تۆ خەمی کوردســـتانت بێت، خەمی ئێمەت نەبێ.

٧. دوای خۆبەدەســـتەوە دانی پێنج فیرقەی سوپای عێراق و کەوتنی موسـڵ، مالیکی کەوتە حاڵەتی شـپرزەبوون و تۆمەتبارکردنی کوردســـتان، بـــەڵام بارزانی کەوتە هەوڵدان لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بە ئەقڵێکی تازە سەیری ئەم کێشە تازەیە بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئـــەم هەوڵانەی بارزانی لەلایەن عێراق و ئەمریکاوە بەوجۆرە لێکدەدرانەوە، بارزانی بەرژەوەنـــدی تایبەتی خۆی هەیە و دەیەوێت دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنێت، دیارە پێش دیاردەی داعشـــیش بارزانی ئەم ڕاســـتییەی نەشـــاردۆتەوە و کەی گونجاو بێت ئەو بڕیارە هەر دەدرێت، لایەنی تیرۆریســـتانی داعشیش لەم پەیامەی بارزانی بە هەڵە تێگەیشتبوون، ئەوان واتێگەیشـــتبوون، کاتێك بارزانی باسی مەترسی گەورەی تیرۆریســـتان دەکات، لەو ڕوانگەیەوە کە پێشمەرگە ناتوانێت بەرگری بکات و ئەگەر هێرش بکەنە سەر کوردستان، لەچەند ســـەعاتێکدا کوردستان داگیر دەکەن، بۆیە کە هێرشیان کردە سەر کوردستان، ڕاســـتە لەو ناوچانەی تێکەڵاون و گوندی عەرەبی زۆری لێیە، بە هاوکاری گوندە عەرەبەکان توانییان چەند شـــوێنی گرنگ لە پارێزگای نەینەوا داگیر بکەن، بەڵام لەبەرامبەردا، ســـەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانـــی دا، ئەمەش واتە لـــە ڕۆژی ٢ی ئابی ٢٠١٤ بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش ڕاگەیاند، لەڕۆژی ٨ی ئاب ٢٠١٤ ســـەرۆك ئۆباما بڕیاریدا لە ئاســـمانەوە هاوکاری پێشمەرگە بکات، هەروەها ١٠٠ سەعات دوای داگیرکردنی شنگال حکومەتی عێراق بڕیاریـــدا دوو کۆپتـــەر بنێرێتە هەولێر بۆ ئـــەوەی هەندێك پێداویستی بگەیەنێتە سەر چیای شنگال.

ئاماژەکردنمان بە مەزندە و پێشبینییەکانی سەرۆك بارزانی لەو ڕوانگەیەوە نییە کە هاوکاری هاوپەیمانان بۆ کوردستان و هێزی پێشـــمەرگە بـــە کەم بگرین، نەخێـــر، هاوکاری و یارمەتی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە جێگەی تەقدیرە و هۆکارێکی گرنگن بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، ئەوەی مەبەستە لە خســـتنەڕووی ئەم پێشبینییانە ئەوەیە، سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەوەی مەزندە و پێشـــبینیی زۆر وردی بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییـــەکان هەیە، لـــە هەمانکاتدا توانای بەرنامەدانانیشـــی بۆ پێشـــگرتن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگـــەڵ ڕووداوە نەخوازراوەکانیش هەیـــە، هەر بۆ نموونە: بە درێژایی ســـاڵی ٢٠١٤ مەترسیی تیرۆریستانی داعشی خستۆتەڕوو، بەرامبەریشی ئاگادار کردۆتەوە پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەترسییە بکرێت، بەڵام بەرامبەر گوێی لێنەگرتووە، کە گوێشـــی لێنەگرتووە، مەبەســـت ئەوە نییە گومانی لە قسەکانی بارزانی هەبووە، بەڵکو ئەو سەرکردەیە کە (نوری مالیکی)یە نەیتوانیوە پێشبینی بکات و نەیتوانیوە بەرنامە بۆ پێشـــگرتن و مامەڵەکردن لەگـــەڵ ڕووداوەکان دابڕێژێت، ئەمە تەنها کێشـــەی کەسێك نییە ناوی مالیکی بێت، یان کەســـێکی دیکە، بەڵکو ئەمە کێشـــەی ئەوروپا و ئەمریکاشـــە، چونکە ئەوانیش نە بۆ داعش و نەبۆ لکاندنی کریما بە ڕووسیاوە پێشبینییان نەکردووە، هەر بۆ نموونە ساڵی پار لە مانگی کانوونی دووەم هەردوو کۆنفرانســـی جیهانی داڤوس و میونیخ بەڕێوەچووە، لە هەموو پەنێڵەکانی ئەو دوو کۆنفرانســـە بابەتێك نییە کە باس لە مەترســـی تیرۆریستان بکات و باسی دامەزراندنی خەلافەتی داعش بکات، بابەتێك نییە باس لەوە بکات، کێشـــەی ئۆکرانیا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ئەوروپا و جیهان.

## ● وتووێژەکانی بارزانی لەگەڵ سەرۆکەکانی ئەوروپا

ســـەرۆکی پەرلەمانـــی ئەوروپا لە یەکێك لـــە پەنێڵەکانی کۆنفرانســـی میونیخ بۆ ئاشتی و ســـەبارەت بە لەبەریەك هەڵوەشـــانی سیستمی جیهانی و نەبوونی بڕیاری پێویست، ئاماژەی بەوە کرد سیســـتمی جیهانی بریتییە لەوەی هێزە گەورەکان بتوانن بیپارێزن. بەڵام ئێستا هێزە گەورەکان خۆیان کێشەیان هەیە و بۆشاییەك دروستبووە و ناتوانن بڕیار بدەن، لە ئێستاشدا چەندین کێشە وەك تەحەددی ڕووبەڕووی جیهان بوونەتەوە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر کێشـــەی تیرۆرە، ئەم کێشـــەی تیرۆرەش دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان شـــەڕی تیرۆریســـتان لـــە دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە ئێســـتا لە ١٦ دەوڵەت بوونی هەیە، دووەمیان شـــەڕی تیرۆریســـتان لەناوخۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا، تازەترینیان هێرشی تیرۆریستان بووە بۆسەر گۆڤاری شارلی ئیبدۆ لە ناو جەرگەی فەرەنسا. ئێستا ئەوروپا بەهۆی مەترسیی تیرۆرەوە دووچاری چەندین کێشـــەی گەورە بۆتەوە، کە جیاوازە لە کێشەکانی تەنانەت پێنج ساڵی ڕابردوو، لەوانە:

١. پێشـــتر ئەوروپا ترســـی ئـــەوەی هەبوو تیرۆریســـتان لـــە ڕۆژهەڵاتەوە دزەبکەنـــە وڵاتەکانیان و لـــەوێ کاری تیرۆریســـتی بکەن، بەڵام لە ئێســـتادا تیرۆریستان بوونەتە بەرهەمی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا و لە ڕۆژئاواوە تیرۆریست دێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریا و عێراق بۆ ئەوەی جیهاد بکات.

٢. شەڕی تیرۆریستان بۆتە شـــەڕێکی تێکەڵاو (Hybrid warfare)، ئەمـــەش واتە لەســـەر چەندین بوار و بە هەموو ئیمکانییەت و میکانیزم و هۆکارێك ئەم شـــەڕە دەکەن، بۆ نموونە لە ئەوروپا یاســـای مافی ڕادەبڕین و خۆپیشاندانی ئازاد هەیە، تیرۆریستان بە ئاشکرا لە مەیدانەکانی ئەوروپا گوتاری توندڕۆیی ئایینی دەدەن و خۆپیشـــاندان دەکەن و داوای جێبەجێکردنی شـــەرعییەت لە فەرەنسا و بەریتانیا و

**سەدام حوسێن و داروودەستەکەی سەدان تاوانی زۆر دڕندانەتر و خوێناویتریان لە ڕووداوەکەی دوجەیل لە دژی هەموو عێراقییەکان ئەنجامدابوو، بەڵام چونکە لایەنی شیعە داخ لەدڵ بوون بۆ تۆڵەسەندنەوە وایانکرد تەنها لەسەر دوجەیل لە سێدارە بدرێت**

**ئامانجی سەرەکی ئەمریکا داگیرکردنی عێراق بووە، ئەمەش لە یەکەم ڕۆژی کەوتنی بەغدا بە ئاشکرا دەرکەوت کە ئاڵای ئەمریکایان لەسەری پەیکەرەکەی سەدام حوسێن لە ناو شاری بەغدا داکوتا**

**ئاڵۆزیی کێشەکانی جیهان لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرکردەکانی جیهان و بڕیاردروستکەران توانای پێشبینیکردن و پێشپێگرتنی کێشە و تەحەددییەکانیان نییە**



سەرۆك كۆماری فەرەنسا پێشوازی لە سەرۆكی كوردستان دەكات

بەلجیكا و هەموو وڵاتانی یەكێتی ئەوروپا دەكەن.
**٣.** لە ئەوروپا ڤیزای شـــنگن هەیە، بەم ڤیزەیە تیرۆریستان دەتوانن ســـەردانی هەموو وڵاتانـــی یەكێتی ئەوروپا بكەن، ئەمەش مانای ئەوەیە تیرۆریستان دەتوانن لە ئەڵمانیا پلانی تیرۆریســـتی خۆیان دابڕێژن و لە فەرەنســـا، یان بەلجیكا، یـــان هەر وڵاتێكی ئەوروپی جێبەجێـــی بكەن، ئەوجا لەبەر ئەوەی كە هەتا ئێســـتا هاوپەیمانییەكی نێودەوڵەتی لەنێوان دەزگا هەواڵگرییەكانی ئەو وڵاتانە نییە، ئەوا ئەو تیرۆریستە ئەگەر لە وڵاتەكەی خۆی لەژێر چاودێریدا بێت، كە دەچێتە وڵاتێكـــی دیكە لەژێـــر چاودێری نابێـــت، بۆیە ئەمەش كێشەیەكی گەورەی دروستكردووە.
**٤.** لەوڵاتانـــی رۆژئاوا، كێشـــە و ئیشـــكالیەتێك هەیە لە نێوان پاراســـتنی ئاسایشـــی ناوخۆی وڵات و پاراســـتنی تایبەتمەنـــدی و ئازادی تاك، ئایـــا دەزگاكانی هەواڵگری چۆن دەتوانن زانیاری كۆبكەنەوە بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی و ئازادی تاك پێشـــێل بكرێت؟ ئایا دەكرێت ئاسایش بكرێتە قوربانـــی تایبەتمەندی و ئازادی تاك، یـــان بەپێچەوانەوە، چۆن هاوســـەنگی متمانە لە نێوان هاووڵاتیان و دەزگاكانی هەواڵگری دروســـت دەكرێت؟ ئایا ئەگەر هاوپەیمانییەكی بەهێز لە نێوان دەزگا هەواڵگرییەكانی جیهانی ئازاد دروست بكرێت، ئەم هاوپەیمانییـــە تاچەند لە رێگەی كۆكردنەوەی زانیارییـــەوە زیان لە كۆمپانیا گەورەكان دەدات، كە كێبڕكێ لەسەر زانیاری دەكەن، یان تاچەند زانیاری ئەو كۆمپانییانە ئاشكرا دەبن و توانای كێبڕكێی بازرگانیان نامێنێ؟
**٥.** چ مەترســـیەك لەسەر مرۆڤایەتی دروست دەبێت، ئەگەر تیرۆریستان بتوانن دەستیان بگات بە تەكنەلۆژیای بایلۆژی (بایۆ سایبەر) یان تەكنەلۆژیای نانۆ (نانۆ تەكنەلۆژی)؟ ئایا چ كارەساتێك دروست دەبێت؟

ئاماژە كردن بۆ ئەم خاڵانە بۆ ئەوەیە بزانین بەشـــی زۆری ئەو تەحەددی و هەڕەشـــانەی كە لە ئێســـتادا رووبەڕووی جیهـــان دەبنـــەوە، پەیوەندییەكی راســـتەوخۆی بە تیرۆر و تیرۆریســـتانەوە هەیە، بەڵام مەترسی هەموو ئەم بوارانەش لە دوو خاڵی سەرەكیی شـــەڕی دژی تیرۆریستان رەنگی داوەتەوە، كە رۆژئاوا لە هەردووكیاندا نە پێشبینی پێدەكرێت، نە دەشـــتوانێت پێشـــی پێبگرێت، كە ئەوانیش تێكشاندنی تیرۆریستانە لەســـەر زەوی، دووەمیان رێگرتنە لە كردەوەی تیرۆریستی.

لەم دوو بوارەدا، كوردســـتان تەنها شوێنە لەم جیهانە كە لە هەردوو بەرەی شـــەڕی تیرۆریستان ســـەركەوتوو بووە، ئەو سیســـتمە سیاسیەشی لە كوردستان بوونی هەیە، هاوشێوەی سیستمە سیاسییەكانی رۆژئاوا بڕوای بە ئازادی رادەربڕین هەیـــە، هەروەها فرەحزبی و فرەئایین و فرەنەتەوەییش بوونی هەیە، هەموو هۆكارەكانی تەكنەلۆژیای سەردەم بەتایبەتی تەكنەلۆژیای كۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتیشی هەیە.

كەواتە ئەم سەركەوتنەی كوردستان لەشەڕی دژەتیرۆر لەسەر هەردوو ئاســـتی ناوخۆ و بەرەكانی شەڕ، تەوەری سەرەكیی هەموو وتووێژەكانی بارزانی بوون لەگەڵ هەموو ســـەرۆك و وەزیرەكانی بەرگـــری و دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپیدا، ئەم حاڵەتە هاوكێشەیەكی تازەی دروستكردووە، هەم كوردستان لەسەر ئاســـتی هێزی پێشـــمەرگە و دەزگای هەواڵگری پێویســـتی بە ئەزمـــوون و تەكنەلۆژیا و چەكی ســـوپا و دەزگاكانـــی هەواڵگری رۆژئاوا هەیـــە، هەمیش رۆژئاوا

**ئەوروپا وتووێژەكانی لەگەڵ سەرۆكی كوردستان لەو خاڵە كلاسیكییەكان چڕناكاتەوە، داخۆ سەرۆكی كوردستان بڕیار دەدات دەوڵەتی كوردستان رابگەیەنێت، یان كوردستان وەك پارچەیەك لە عێراقدا بمێنێتەوە، ئێستا بیركردنەوەیەكی تازە دروست بووە، بەوەی چۆن دەتواندرێت هەموو پێكەوە شەڕی تیرۆر بكەین و چۆن بتوانین هەموومان ئاسایشی ئەوی دی وەك ئاسایشی خۆمان سەیر بكەین**



سەرۆكی نەمسا پێشوازی لە سەرۆك بارزانی دەكات

پێویستی بە ئەزموون و ورە و ئیرادە و شێوازی كاركردنی پێشمەرگە و كارمەندانی دەزگای هەواڵگری كوردستان هەیە، كەواتە لەم حاڵەتەدا بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان كوردستان و تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا دەبێتە تێكشكانی تیرۆریستان لەبەرەی ناوخۆ و لە بەرەی دەرەوەش، ئەم كارەش هەر وڵاتێك راستەوخۆ لەگەڵ كوردستان پەیوەندی دروست بكات، وەك وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ناوی لێناوە (سەركردایەتیكردن لە ناوەندەوە) واتە پەیوەندی لە ناوەندەوە بۆ ناوەند، ئەوا هەم كوردستان سوود لە مەشق و راهێنان و ئەزموون و تەكنەلۆژیا و چەكی ئەوان وەردەگرێت، هەم ئەوانیش دەتوانن بە هاوشێوەی پێشمەرگە سوپایەك بونیاد بنێن كە بتوانێت تیرۆریستان تێكبشكێنێت، هەمیش دەزگای هەواڵگریی خۆیان بەو جۆرە ئەكتیڤ بكەنەوە كە بتوانیت متمانە و هاوسەنگی لەنێوان دابینكردنی ئاسایش و رێزگرتنی تایبەتمەندی وئازادی تاك رابگرێت.

لەم گۆشەنیگایەوە كە ئەوروپا بە دەنگی بەرز بانگەشەی بۆ دەكات و ئەمریكا گوێی دەگرێت بۆ ئەوەی نەیبیستێت، ئێستا ئەوروپا وتووێژەكانی لەگەڵ سەرۆكی كوردستان لەو خاڵە كلاسیكییە چڕناكاتەوە، داخۆ سەرۆكی كوردستان بڕیار دەدات دەوڵەتی كوردستان رابگەیەنێت، یان كوردستان وەك پارچەیەك لە عێراقدا بمێنێتەوە، نەخێر ئەو چەمكە كلاسیكییەی سەردەمی شەڕی سارد ئێستا لە ئەوروپا كۆتایی هاتووە، ئێستا بیركردنەوەیەكی تازە دروست بووە، بەوەی چۆن دەتواندرێت هەموو پێكەوە شەڕی تیرۆر بكەین؟ چۆن بتوانین هەموومان ئاسایشی ئەوی دی وەك ئاسایشی خۆمان سەیر بكەین؟ لەم دووخاڵەدا كوردستان كاراكتەرێكی بەهێزە، ئەم كاراكتەرە بەهێزە كە خاڵی یەكەمی پێناسەكردنەوەیە، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ستراتیژیەتی تێكشاندنی تیرۆریستانە، ئەو خاڵە تێدەپەڕێنێت دروستكردنی دەوڵەتی كوردستان مەترسی بێت بۆ ئاسایشی جیهان، یان نە، بەپێچەوانەوە بۆ ئێستای جیهان دەوڵەتی كوردستان هۆكاری سەرەكییە بۆ رزگاركردنی سیستمە لەبەریەك هەڵوەشاوەكەی جیهان، هۆكاری سەرەكییە بۆ پێناسەكردنەوەی سەروەریی دەوڵەت و دروستكردنی سوپایەك كە توانای كۆكردنەوە و دووبارە دابەشكردنەوەی هەبێت، لە ئێستادا ئەم قەناعەتە لە ئەوروپا دەركەوتووە، ٢٨ دەوڵەتەكەی ئەوروپا كە بتوانن بۆ سەركەوتن لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و دابینكردنی ئاسایش لەناو یەكێتی ئەوروپا، باس لەوە بكەن ئامادەن قوربانی بە بەشێك لەسەروەریی دەوڵەت بدەن، ئەوا بیركردنەوە لە پاراستنی سەروەری و یەكپارچەیی دەوڵەتانێكی وەك سووریا و عێراق، شتێكی زۆر لاوەكییە و لەبەر ئەوەی كوردستان وەك هێزێكی سەرەكی لەناو هاوپەیمانی دژەتیرۆردا سەلماندنی توانای تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعشی هەیە، هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی كوردستان سەلماندنی توانای دروستكردنی متمانە و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دابینكردنی ئاسایش و تایبەتمەندی و ئازادی تاك هەیە، هەروەها سەرۆكی كوردستان توانای پێشبینیكردنی كێشە و تەحەددییەكانی هەیە و دەشزانێت چۆن بەرنامە بۆ پێش پێگرتنیان دابنێت، ئەوا بەرژەوەندی ئاسایشی ئێستا و ئایندەی جیهان وادەخوازێت، ئەم كیانە ببێتە نموونەی ئەو دەوڵەتەی كە لە سەدەی بیست ویەك دەتوانێت ئازادی بپارێزێت و تیرۆریستان تێكبشكێنێت.

**بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان كوردستان و تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا دەبێتە تێكشكانی تیرۆریستان لەبەرەی ناوخۆ و لە بەرەی دەرەوەش، ئەم كارەش هەر وڵاتێك راستەوخۆ لەگەڵ كوردستان پەیوەندی دروست بكات، وەك وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ناوی لێناوە سەركردایەتیكردن لە ناوەندەوە**



ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# نابێت بێجگە لە پێشمەرگە هیچ هێزێکی دیکە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان هەبن

■

**داعش لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بە شەڕی تایفەگەرییەوە خەریکە، لەگەڵ کوردا خەریکی شەڕی نەتەوەییە**

**بارودۆخی عێراق و کوردستان هەستیار و ئاڵۆزە، لەلایەك شەڕێکی سەخت لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بوونی هەیە، لەلایەکی دیکە قەیرانی ئابووری و دارایی و دابەزینی نرخی نەوت کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە. سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداش، لەگەڵ ئەوەی کورد لە حکومەت و پەرلەمانی بەغدا بەشدارە، بەڵام بارودۆخەکە بەو ئاستە ئاسایی نییە کە ئێمە ئاواتی بۆ دەخوازین، لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش هەموو هەوڵەکان خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی هەم هەمانگییەکی باش لە نێوان حزبە بەشداربووەکانی ناو حکومەت لەگەڵ حکومەت هەبێت، هەمیش هەماهەنگییەکی باش لە نێوان فراکسیۆنە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان هەبێت و هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی هەرێمی و وەزیرە کوردەکانی بەغدا هەبێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێستا کوردستان و عێراق بە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و هەستیاردا تێدەپەڕێت، وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئاگات لە هەردوو بارودۆخەکە هەیە و چ خوێندنەوەیەکتان بۆی هەیە؟**

- ئەم دۆخە مەترسیدارەی کە هاتۆتە پێشەوە تەنیا بریتی نییە لە پەلاماری دەوڵەتێکی تیرۆریستی پڕچەکی وەك داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، بەڵکو بارودۆخێکی سیاسیی تازە و قەیرانی ئابووری و دارایی رووی کردۆتە ناوچەکە، کە پێوەندیدارە بە دابەزینی نرخی نەوت و ئەو کاریگەرییانەی کە لێی کەوتۆتەوە، جگە لەوەش ئێمە لە ناو عێراقدا وەك کورد هەندێ بارودۆخی تایبەتی ترمان هەیە، لە پاش رووخانی رژێم کە بەشداربووین لە دروستکردنی ئەم دەوڵەتە تازەیەی کە پێی دەوترێت عێراقی تازە، کۆمەڵێك کێشەمان بۆ دروستبووە، بەشێك لە کێشەکان کێشەی مێژوویی بوون کە وەك کورد لە عێراقدا هەمانە، بەشی زۆربەیان لەسەردەمی رژێمی رووخاوی پێشوو هەبووە و بەردەوامیش ماوەتەوە تا سەردەمی نووسینی دەستوور و تا دوای رووخانی رژێمی عێراقیش، ئەو گرفت و کێشانەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدادا بوو لەسەردەمی حکومەتی نوری مالیکی گەیشتنە ترۆپك و گەیشتە ئەوەی دابڕانی تەواو دروست بێت، هەتا گەیشتە هاتنە دەرەوەی وەزیرەکان و بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، ئەمە جگە لە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و کێشەی پێشمەرگە و کۆمەڵێك کێشەی تریش هەبوون کە کێشەی ئیداری و سیاسی بوون لە نێوان هەرێم و بەغدا، بەم کێشانەوە داخڵی ئەم بارودۆخە سیاسییە تازەیە بووین، ئەمانە هەمووی وەك زەرووڕەتی قۆناغەکە ئەوە دەخوازێت کە هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان لە رووی دارایی و ئیداری و سیاسییەوە خەریکی چاکسازی و هەماهەنگی بین و ئەوەش لە ناو کوردستان بەهێزمان دەکات، بۆیە پێویستە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەمە کۆك و هاوڕابن، هەرچی پێوەندی بە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیە، بە دڵنیاییەوە دوژمن یەخەی هەمووومانی گرتووە، جیاوازی لە نێوان هیچ کەس و لایەنێکدا نەکردووەو ناشیکات، ئەم هەڕەشەیەی دەکرێت هەڕەشەیە بۆ سەر کۆی ئەزموونەکەمان، داعش لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بە شەڕی تایفەگەرییەوە خەریکە، لەگەڵ کوردا خەریکی شەڕی نەتەوەییە، پەلامارەکانی خەستکردۆتەوە بۆ ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان و بەتایبەت بۆ ئەوە شوێنانەی ئێمە بە کوردستانی دەزانین، ئەوان هێرشی بەرفراوانی بۆ دەکەن تا داگیری بکەن و دەستی بەسەردا بگرن، بە دڵنیاییەوە لێرەوە ئێمە پێویستیمان بە یەکگوتاری و یەکهەڵوێستی هەیە، ئەمەش لەسەر ئاستی دوو بەشە، بەشێکیان یەکخستنی گوتارمانە لە دەرەوەی کوردستان، بۆ نموونە ئێمە کە رووبەڕووی بابەتی بودجە بووینەوە لە بەغدا، هەروەها ئەوەی پێوەندیشی بە نەوتەوە هەیە، ئێمە بە یەکدەستی و بە یەکگوتاری وەك نوێنەرانی کورد لە بەغدا توانیمان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنین، بەوەی یەکهەڵوێست بووین و لەسەر پرسە جیاوازەکانی دیکەش ئێمە پێکەوە یەکهەڵوێستین، بەتایبەتی بۆ بابەتی حەشدی شەعبی لە ناوچە کوردستانییە کێشەلەسەرەکان، هەروەها بۆ مەسەلەی حەرەسی نیشتمانی ئێمە قسەی خۆمانمان هەیە، رێگە نادەین لەژێر هەر ناونیشان و بە هەر بیانوویەك بوویێت، جارێکی دی هێزێك جگە لە پێشمەرگە لەو ناوچانە دەسەڵاتیان هەبێت، چونکە بە کردەوە پێشمەرگە سەلماندیان کە ئەوان پارێزەری ئەو ناوچانەن، خۆ ئەگەر ئەو ناوچانە پێشمەرگەی بۆ نەچووایە، بە هەمان چارەنووسی موسڵ و دیالە و ناوچەکانی دی دەچوون کە بۆ داعش بەجێهێڵدران، لە کاتێکدا پێشمەرگە بۆتە پارێزەری هەموو پێکهاتەکان و پارێزەری ئەو ناوچانە، بەو ئیزافەیەی کوردستانبوونی ئەو ناوچانە بۆ ئێمە گرنگە، کەواتە بە نیسبەت ئێمەوە مەحاڵە جارێکی دی رێگە بدەین لەژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت، ئەو هێزانەی خاکیان بۆ داعش چۆڵ کرد بێنەوە ناو ئەو ناوچانە، ئەمەش پێویستی بە رێککەوتن و یەکگوتاریی هەیە، هێزێکی وەك پێشمەرگە، راستە تا ئێستا حکومەتی عێراقی ئیعترافی بەو هێزە نەکردووەو بودجەی بۆ دانەناوە، چەکداری نەکردووەو لە مەشق و راهێنان بێبەشی کردووە، لە ماوەی ڕابردوودا حکومەتی ناوەندی بە ئەنقەست پێشمەرگەی بە هەموو شێوەیەك فەرامۆش کردووە، بەڵام لەناوخۆشماندا دەبوو

**لەو بارودۆخە سەختەی لە عێراقدا هەیە تا ئێستا نەمانهێشتووە شتێکی قەبە لە دژایەتی کورد تێپەڕێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێوەندییەکانمان ئۆرگانییە و توانیومانە گوتارمان یەک بخەین**

**پێویستە هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان یەکگوتار بن تا بە ئیرادەوە ئەم چاکسازییانە بکەن و یەکرا بن لەسەر خیتابێک کە پلان بۆ کوردستانێکی خۆشگوزەران دادەنێت**


**لە ماوەی ڕابردوودا حکومەتی ناوەندی بە ئەنقەست پێشمەرگەی بە هەموو شێوەیەک فەرامۆش کردووە، بەڵام لەناوخۆشماندا دەبوو ئاوڕێکی زیاتری لێبدرایەتەوە**

ئاوڕێکی زیاتری لێبدرایەتەوە، دەکرا پێشـــمەرگە لە رووی سەربازییەوە ڕێکخراوتر بوونایەو لە رووی خۆشگوزەرانییەوە بودجە و مووچەی باشـــتریان هەبوایە، لە رووی زانســـتی سەربازییەوە مەشقیان پێبکەین و باشتر ئامادەمان بکردنایە، ســـەرەڕای هەموو ئەو کەموکورتیانـــە و ئەو گرفتانەی لە هێزی پێشـــمەرگەدا هەبوون، کەچی پێشمەرگە توانی ببێتە سیمبۆلێکی زۆر جوان و ئەرکێکی پیرۆز لە ئەستۆ بگرێت، ئەمە بەشێکی بە خۆشەویســـتی و نیشتمانپەروەری کراوە، بەشـــەکەی دیکەی پێویستی بە ئیدارەیەکی حەکیم هەیە تا بە ڕێکخراوەتریان بکات و خۆشـــگوزەرانی پێشمەرگە باشتر بکرێت، پێویســـتە هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان یەکگوتار بن تا بە ئیرادەوە ئەم چاکســـازییانە بکەن و یەکڕا بن لەسەر خیتابێك کە پلان بۆ کوردستانێکی خۆشگوزەران دادەنێت.

*** بـــە حوکمی ئـــەوەی یەکێك بـــوون لە بەشـــداربووانی کۆبوونەوەکەی ســـەرۆکایەتی حکومەت و هەر پێنج لایەنە سیاسییەکان کە لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوون، دەزانن بەڵێنتان دابوو تـــا هەمووان پێکەوە هاوکار بن تا بەرنامەو پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت و سەرکەوتووی بکەن، ئەم هاوڕابوونە تا چەند مژدە دەداتە خەڵکی کوردستان و تا چەند پرســـەکان و چارەسەرەکان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا تەواو دەبێت؟**

- ئێمە کاری لەسەر دەکەین، لە کۆبوونەوەکەی سەرۆکایەتی حکومـــەت کـــە پێکهاتبوون لـــە ســـەرۆکی حکومەت و جێگرەکـــەی و وەزارەتە پێوەندارەکان بـــە وەزارەتی دارایی و ســـامانە سروشتییەکان و پلاندانان و لیژنەی نەوت و گاز و نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم و ئێمەش وەك لایەنی پەرلەمان وەك سەرۆکی فراکســـیۆنە کوردییەکان و جێگری سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ و وەزیرەکانی کورد لە بەغدا کۆبووینەوە، پاشـــانیش سەردانی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد و لەوێش بەشێك لە ڕێککەوتنەکەکان بریتی بوو لەو خاڵانە:

یەکـــەم زەرووڕەتی قۆناغەکە، دووەمینیان هەندێ وردەکاری زیاتر هەیە پێویستی بە بڕیاردانی سیاسی هەیە، هەروەها لە بواری جیا جیادا پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزایی هەیە، لە بواری پسپۆڕیدا لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی عێراقی لـــە بەغدا ئەندامانی کورد لەو لیژنەیەدا کە لە بواری نەوت و گازدان ناکرێت پێوەندییان بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و لیژنـــەی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان نەبێـــت، لە وردەکارییەکانی کـــە پێوەندی بە نەوت و گاز و ڕێکخســـتنی پێوەندی نێوان مەرکەزو هەولێر هەیە بۆ نموونە لە بواری تەشریعدا، ناکرێت پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ئەو یاســـایانە نەبێت کە لە بەغدا دەردەچن و ناشـــکرێت لە بەغـــداش ئاگامان لە پەرلمانی کوردســـتان نەبێت بۆ هەر بڕیار و ڕایەك لەســـەر ئەو ناوچانەی کە یەکتربڕینمان هەیە لە ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان، دواتر هەندێ شتی خێرا دێتە پێشەوە پێویستی بەوەیە بڕیار بدرێت لەسەر ئەوەی ئایا ئێمە لە پرۆســـەیەکدا بەشدار بین، یان نەبین، موقاتەعە بکەیـــن یان نـــا، هەندێ بابەتی باڵاتر هەیە پێویســـتی بە بڕیاری سیاســـی باڵا هەیە لەسەر ئاســـتی سەرکردایەتی سیاســـی هەرێمی کوردســـتان، ئەم بابەتانە پێویســـتی بە ڕێکخســـتن هەیە، پێویســـتی بەوە هەیە کە ئـــەم پێوەندییە بکەینە پێوەندییەکی دامەزراوەیی، نەك تەنیا هەر کەسەو لە ڕێی حزبەکەی خۆیەوە خەریك بێت، چونکە دەبێ لە خۆمان بپرســـین: ئایا ئێمە لەوێ نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکەین، یان حزبێك؟ ئێمە نوێنەری هەموو هاووڵاتیان و لایەنگرانی هەموو حزبەکان و بێلایەنەکانیشـــین، کەواتە ئێمە لە بەغدا پێویستمان بە هەماهەنگی زیاتر هەیە، هەرێمیش پێویستی پێیەتی، چونکە هەندێ پرسی گشتی نەتەوەیی هەیە، بێ جیاوازی حـــزب و ڕەنگەکانمان پێوەندی بـــە هەموومانەوە هەیە، هەر دوێنێ ئـــەو لیژنەیەمان لە پەرلەمانی عێراقیدا کە بریتین لە هەشـــت خوشـــك و برای بەڕێز کە لە بواری تەشـــریعات کار دەکەن، ڕامانسپاردن کە لەگەڵ لیژنەیەکی کوردســـتان هاوئاهەنگ بن و بـــە بەردەوامی پێوەندییان بە یەکەوە هەبێت، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســـتانیش و نوێنەرانی ئێمە لە حکومەتی فیدراڵ و ئێمە لە پەرلەمانی عێراقی بڕیارمان داوە کە لەســـەر ئاســـتی باڵا پێوەندییەك لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت دروست بکەین و میکانیزمێك بدۆزینەوە تا ئەمە ڕێکبخەین و بە سیفەتە وەزیفییەکانمانەوە پێوەندییەکانمان بکەینە پێوەندییەك وەك یەك جەســـتەی لێ بێت لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، بە سیفەتە وەزیفییەکانمان ئێمە لەوێوە ئەم هاماهەنگییە بکەین و تەنیا لە قەیرانەکاندا نەبێت چاومـــان بە یەکتر بکەوێت، ئەگـــەر ئەمەمان کردە میکانیـــزم و بۆمان دامەزرێنرا، دوای ئەوە ئەگەر منیش لە وەزیفە نەمێنم و بە ســـیفەتی وەزیفەکە کەســـێکی دی بێتە پۆستەکەوە لەو شوێنەدا کە کارەکە دەکات، ئەم هەماهەنگییە ئۆرگانیزە دەکات، بەمە یەکگوتاریمان لە خیتابەوە تەرجەمە دەکرێتە ســـەر پراکتیك، واتـــە پێوەندییەکانمان ئۆرگانی و روون دەبێت دەزانین لە چ کاتێکدا چ هەڵوێســـتێك بگرین، ئەمەش بۆ خۆی پردی زانیاری لە نێوان لایەنەکان دروست دەکات تا لەوێشـــەوە بەخەڵکی کوردســـتان بگەیەندرێت. بە فیعلی لەمـــەدا دەرکەوتووە کە بە تەجروبە هەر کاتێك کورد یەکگوتار بووبێت و توانیبێتی هەڵوێستی خۆی یەکبخات و لەســـەر مێزی گفتوگۆ بە ئاشکرا و شەفافانە بیروڕاکانیان بە یەکتری بڵێن، توانراوە دەستکەوت بەدەست بهێنن، باشترین نموونەمان لە نووســـینی دەستووری عێراقیدا بوو، کە کورد ئەو کاتە یەکگوتارو یەکهەڵوێســـت بوو، بۆیە توانرا زۆرترین دەستکەوتەکانی خۆی لە دەســـتووری عێراقدا جێبکاتەوە، ئێمـــەش توانیمان لە بودجەدا بیکەین و لە زۆر پرســـی تردا کراوەو لەو بارودۆخە ســـەختەی لە عێراقدا هەیە تا ئێســـتا نەمانهێشـــتووە شـــتێکی قەبە لە دژایەتی کورد تێپەڕێت، هۆکارەکەشـــی بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە کـــە پێوەندییەکانمان ئۆرگانییـــە و توانیومانە گوتارمان یـــەك بخەین، ئەمە لە ئایندەی نزیك و لە کۆتاییدا بۆ پرســـی گەورەی جۆراوجۆر کە ڕووبەڕوومـــان دەبێتەوە، گرنگیەکی باشـــی دەبێت، تا بتوانین لەبەردەم نەیار و دوژمنانمان بە هێزەوە دەربکەوین.



پرۆفیسۆر ریچارد نید لیبۆ لە زانکۆی دۆرتمۆس بۆ گوڵان:

# کێشەی ئۆکرانیا یەکلاببێتەوە، رووسیاش بەشێوەی ئەمری واقیع بەشێکی رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دابب‌ڕێت

**پرۆفیسۆر ریچارد نید لیبۆ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی دۆرتمۆس و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردنی کێشەکان و شەڕ و سایکۆلۆژیەتی بڕیاردروستکەران. بۆ قسەکردن لەسەر تەنگژەکانی ئەمڕۆی جیهان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێشبینی و مەزندەکان بۆ داهاتوو ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ناکۆکی نێوان هێزە مەزنەکان مەترسی لەسەر توانای سەربازی دروستکردووە، بەتایبەتی ناکۆکیی رووسیا و چین لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوادا. تا چ رادەیەك ئەم ناکۆکییە دەبێتەهۆی ئەوەی جارێکی دیکە شەڕی سارد دروست بێتەوە؟**

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و رۆژئاوا بەرەو خراپبوون دەچن، ئەگەرچی هێشتا رێگەیەکی دوور و درێژیان لە پێشە بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی ئەو بارگرژییەی کە لە رۆژگاری شەڕی سارد لە ئارادا بوو. رۆژئاواش بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو بارگرژییەی بەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی ناتۆی پتر بەرفراوان کرد بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا و هەروەها لەسەرەتادا پشتیوانی جۆرجیای کرد. پێدەچێت پۆتین بە هەر ئامرازێك بێت بیەوێت دەستڕۆیشتوویی رووسیا لە نزیك سنوورەکانی دابمەزرێنێتەوە، بارگرژییەکانیش زیاتر دەبن ئەگەر دەست بەسەر بەشێکی رۆژهەڵاتی ئۆکرانیادا بگرێت. ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر وەك قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ- کە دەوڵەت نەبێت- پارێزگاری لەم ناوچەیە بکات، بە چەشنی ترانزنیستیریا. بەڵام ئەگەرێکی کەم هەیە بە چەشنی سەردەمی شەڕی سارد پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن بێتەوەئاراوە، ئەگەرچی بڵاوکردنەوەی ئەم دواییەی هێزی رووسیا مایەی نیگەرانییە. بەڵام ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە هەردوولا لەسەر ئاستی جیهانی ململانێی یەکتر بکەن. دەرفەتی ئەوە هەیە ئەم گرژییانە بەرەو خاوبوونەوە بچن، کاتێك پۆتین دەسەڵات جێدەهێڵێت.

*** ساڵی ٢٠١٤ بۆ هەموو جیهان ساڵێکی پڕکێشە و تەحەددی بوو، ئایا تاچەند پێشبینی دەکەن لە ساڵی ٢٠١٥ کێشەکان چارەسەر بن، یان یەکلایی ببنەوە؟**

- من وای دەبینم کە ساڵی داهاتوو یاخود دوو ساڵی داهاتوو تەواو هاوشێوەی ئەمساڵ بن. پێشبینی ئەوە دەکەم وردە وردە کێشەی ئۆکرانیا یەکلا ببێتەوە، کە رووسیا بەشێوەی ئەمری واقیع بەشێکی رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە داببڕێت، بەڵام نەك بیکاتە بەشێك لە وڵاتەکەی. داعش خاك و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەدەست دەدات بەهۆی ئەو بەرهەڵستییەی لەسەر ئاستی مەحەلی رووبەڕووی دەبێتەوە، هاوشان بە پشتیوانی رۆژئاوا بۆ رکابەرەکانی. ئێران دوودڵ دەبێت لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە، ئەویش بەهۆی دابەشبوونە ناوخۆییەکانیەوە و ئەمریکا جڵەوی ئیسرائیل دەکات لە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی پێشوەختە. ئەوروپا سەرقاڵ دەبێت بە قەیرانە ئابوورییە بەردەوامەکەیەوە. جۆرێك لە رێککەوتن لەگەڵ یۆنان و وڵاتانی دیکەی باشووری یەکێتی ئەوروپادا دەکرێت. رەوشی ئابووری بەردەوام بەرەوپێش دەچێت، بەڵام بە رەوتێکی لەسەرخۆ. بەریتانیا لەلایەن هاوپەیمانێتییەکەوە حوکمڕانی دەکرێت، کە پێکدێت لە پارتی کرێکاران و پارتی ناسیۆنالیستی سکوتلەندی. ئەگەرچی ئەمە پێویستی بە دوو هەڵبژاردن دەبێت تاوەکو رووبدات. ئەگەر گرفتی تەندروستی روونەدات، ئەوا هیلاری کلینتۆن دەبێتە کاندیدی دیموکراتەکان و سەرۆکایەتی دەباتەوە، کە تا رادەیەکی کەم سیاسەتێکی دەرەوەی توندتر دەگرێتەبەر بە بەراورد بە باراك ئۆباما، وڵاتانی ئاسیا بەردەوام لە ململانێدا دەبن لەبارەی ئەو دوورگانەی ناکۆکییان لەسەرە، ئەگەر بەخت یاوەر بێت، ئەوا نە چین و نە ژاپۆن و نە ڤێتنام کارێکی هەڵەشە ئەنجام نادەن.



# پێشمەرگە

## ئەڵقەی پێکەوە گرێدانەوەی داقۆس و میونیخ






**ئەوروپا گەیشتە ئەو قەناعەتەی ١٦ دەوڵەت شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات و تەنها پێشمەرگە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**

**● ئەزموونی پێشمەرگە بۆ ئایندەی سوپا لە جیهاندا**

ئەمساڵ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس، دوو پەنێڵ زیادکران، کە بریتی بوون لە: (ئایندەی سوپا و ئایندەی دەزگاکانی هەواڵگری)، لە پەنێڵی ئایندەی سوپا کە لە رۆژی ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ بەڕێوەچوو، د. رۆژ نوری شاوەیس کە وەك جێگری سەرۆك وەزیرانـــی عێراق ئامادە بوو، پێشکەشـــکاری پەنێڵەکە وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە بە ئامادەبووانی ناساند، هەروەها خـــوان کارلۆس بینزۆن وەزیری بەرگـــری کۆڵۆمبیا، لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی توانی سوپایەك دابمەزرێنێت و وڵاتەکەی لە تیرۆریســـتان و مافیا پاك بکاتەوە، هەروەها جۆزیف نای وەك بیرمەندێك کە خاوەنی بیرۆکەی (هێزی نەرم و ئایندەی هێزە) کە لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆن یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە، هەروەها واڵفەنگ شنایگەر سەرۆکی کۆنفرانســـی میونیخ بۆ ئاسایش بانگهێشـــت کرابوون، بۆ پێکەوە گرێدانەوەی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس بە کۆنفرانســـی میونیخ بۆ ئاسایش، ئەدمیراڵ کۆرنێل وەك نوێنەری سوپای ئەمریکا بۆ کۆڕبەندی داڤۆس بانگهێشت کرابوون، لـــەم پەنێڵەدا وتووێژەکان لەســـەر ئەوە بوون چۆن بتوانرێت لە ئێســـتادا سوپایەك دابمەزرێت کە بتوانێت لەسەر زەوی گروپەکانی تیرۆریســـتی و مافیا تێکبشـــکێنن، بۆ ئەمەش نوێنەرانی دوو ئەزموونی سەرکەوتوو داوەت کرابوون، یەکەمیان ســـوپای کۆڵۆمبیا لە ئەمریـــکای لاتینی، کە ماوەی ١٥ ساڵە لە دژی گروپەکانی مافیا و تیرۆریستیان لە ئەمریکای لاتینی ســـەرکەوتوو بووە، هەروەها نوێنەری هێزی پێشمەرگە کە ئەویش لە شەڕی تیرۆریستانی داعش توانی سەرکەوتنی گەورە و سەرســـوڕهێنەر تۆمار بکات.

«لەو راپۆرتەی بۆ پەنجا و یەکەمین کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاسایش ئامادەکراوە، پرسیارێکتان وروووژاندووە، ئایا ئەڵمانیا دەتوانێت لە ناو ئەم جیهانە کێشە هەمەجۆر و شەڕە تێکەڵاوەکاندا سەرکردایەتی بکات؟ من بە سادەیی لێرە وەڵامتان دەدەمەوەو دەڵێم: بەڵێ، ئەڵمانیا دەتوانێت سەرکردایەتی بکات، بەڵام پرسیاری ئەوە دەکەم ئایا مەبەستمان لە سەرکردایەتیکردن چییە و دەمانەوێت چۆن سەرکردایەتی بکەین؟ ئایا دەمانەوێت وەک رووسیا سەرکردایەتی بکەین؟ نەخێر، ئایا دەمانەوێت باڵادەست بین بەسەر دراوسێکانماندا؟ نەخێر، لە دیدی ئێمەوە سەرکردایەتی واتە سەرکردایەتی لە ناوەندەوە لەگەڵ هاوپەیمان و هاوبەشەکانمان بە یەکسانی، هەندێک لەوانەی ئێستا لەم کۆنفرانسە ئامادەن، قسەکەی وەزیری دەرەوەی پۆڵەندەیان لەبیرە، کاتێک وتی: (ئەڵمانیا لاواز بێت، جێگەی مەترسییە، بەهێزیش بێت، جێگەی مەترسییە)، ئەم قسەیە مانای ئەوەیە دەبێت ئەڵمانیا رۆڵی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام گێڕانەوەی رۆڵی خۆی بەو مانایە نییە دەمانەوێت ئەڵمانیا ببێتە هێزی ژمارە یەک لە ئەوروپا، یان بیەوێت باڵادەست بێت بەسەر دراوسێکانیدا، نەخێر بۆچوونی ئێمە بۆ سەرکردایەتی لە ناوەندەوە تەواو پێچەوانەی ئەمەیە، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی لە ناوەندەوە بە تەنها بە رێگەی ئێمە کار ناکات، بەڵکو دەبێت هەردوولامان بە هەموو توانای خۆمانەوە بە شێوەیەکی هاوسەنگ و هاوبەش هاوکاری بکەین، ئەمەش واتە چۆن هەموومان پێکەوە شەڕی تیرۆریستان دەکەین؟ چۆن بەگژ کێشە هەمەجۆرەکان و شەڕە تێکەڵاوەکاندا دەچینەوە؟ لە ئێستای جیهاندا دەوڵەتێک چەند گەورە بێت و چەند توانای هەبێت، ناتوانێت بە تەنها کێشەیەک چارەسەر بکات، بەڵام کاتێک پێکەوە بەشدار دەبین لە پرۆسەی بڕیار دروستکردن بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، بڕیارەکان شەرعییەتی زیاتریان دەبێت و زیرەکانە و کاریگەرتر کار دەکات، ساڵی پار لە سۆماڵ و مالی و پاکستان و لوبنان، توانیمان پابەندبوونی خۆمان جێبەجێ بکەین، هەروەها لە عێراق و کوردستان توانیمان هەم چەک و پێداویستی شەڕ بۆ پێشمەرگە دابین بکەین، هەمیش هاوکاری مرۆیی بگەیەنینە کوردانی ئێزیدی، هەروەها پەرلەمانی ئەڵمانیاش بڕیاریداوە راوێژکارانی ئەڵمانیا بنێرێتە کوردستان بۆ ئەوەی مەشق و راهێنان بە پێشمەرگە بکەن، هاوکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ پێشمەرگە کاریگەربوون و بێجگە لەوەی توانییان هێرشەکانی داعش رابگرن، لە هەمانکاتدا توانییان داعش تێکبشکێنن و کۆبانی ئازاد بکەنەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە شەڕەکە کۆتایی هاتووە، ئەمە شەڕێکی درێژخایەنە و دەبێت هاوکارییەکانمان بەردەوام بێت».

**ئۆرسۆلا ڤۆن دێر لیان وەزیری بەرگری ئەڵمانیا
پەنجاو یەکەمین کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاسایش**

ئەگەر سەرنجی شێوازی رێکخستنی ئەم پەنێڵە بدەین، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەبەست لە بانگهێشتکردنی د.رۆژ نوری شاوەیش وەك فەرماندەیەکی مەیدانی پێشمەرگە نەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەگەڵ وەزیری بەرگری کۆڵۆمبیا و کۆکردنەوەیان لەگەڵ دوو کەسایەتی پراکتیشنەر بەمانای خاوەنی فیکر و پراکتیزەکردنی ئەو فیکرە لەسەر دەستی خۆیان، هەموو ئەمانە پێکەوە لەگەڵ نوێنەری سوپای ئەمریکا، ئەو مانایەمان بۆ دەخاتەڕوو کە زۆر گرنگە ئەمریکا سوود لە ئەزموونی پێشمەرگە و سوپای کۆڵۆمبیا بۆ تێکشکانی گروپە تیرۆریستییەکان و دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت وەربگرێت، دیارە بونیادنانەوەی دەوڵەت بەو شێوازە نا، کە پێشتر لە عێراق و ئەفغانستان ئەمریکا پیادەی کرد، بەڵکو بەو مانایەی دەوڵەتێك بونیاد بنێتەوە کە بتوانێت بە مانای دەوڵەت پێناسەکەی ماکس ڤیبەر جێبەجێ بکات، دەوڵەتێك بێت بتوانێت بە شێوەیەکی شەرعی هێز و توندوتیژی بەکار بهێنێت و توانای ئەوەی هەبێت پارێزگاری لە سنوورە جوگرافییەکەی خۆی بکات.

سەبارەت بەم لایەنە جۆزێف نای وەك بیرمەند و پراکتیشنەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەگەر تۆ رێنمایی بدەیتە سەرۆك ئۆباما چی پێدەڵێت؟ نای بە ئامادەبووانی گوت: «پێی دەڵێم هەڵەکانی ڤێتنام و ئەفغانستان و عێراق دووبارە مەکەوە»، ئەمەش وەك باڵیۆز والفەنگ شنایدەر باشتر هەڵوەستەی لەسەر قسەکەی جۆزێف نای کردو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دەوڵەت هەم هۆکاری کێشەکەیە و هەمیش دەکرێت چارەسەری کێشەکەش بێت، بە واتایەکی دیکە لاوازی و شکستی دەوڵەت هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی و داگیرکردنی بەشێکی وڵاتەکە لەلایەن تیرۆریستانەوە، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،

**لە دارشتنەوەی سیستمی نوێی جیهان، یان لە رزگاکردنی سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد، کوردستان ئەو ناوچەیە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت و سەرۆکی کوردستان ئەو کەسایەتییە کە دەبێت لەسەر ئەم پرسە ئامادەبوونی هەبێت و قسەی خۆی هەبێت**

> **وەک لەماوەی یەک دوو هەفتەی رابردوو بینیمان، جارێکی دیکە میدیاکانی ئەمریکا سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و پێداویستییەکانی پێشمەرگەیان کردە سەردێڕی هەواڵەکانیان، ئەم کرانەوەیە بە رووی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، مانای ئەوەیە چیدیکە وڵاتانی ئەوروپا چاوەڕێی ئەوە ناکەن بە رێگەی عێراق و ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان و پێشمەرگە بکەن**

> **لە کۆبوونەوەی لەندەن، ئەمریکا و عێراق ویستیان پێشمەرگە بشارنەوە، بەڵام لە داڤۆس ناسنامەی عێراقیبوونیان لە د.رۆژ نوری شاوەیس کردەوە و وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگە بانگهێشتیان کرد و وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگە گوێیان لە ئەزموونی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بۆ ئایندەی عێراق و سووریا راگرت**

> **ئەو وتارەی دیڤید ئیگناشیۆس وەک وەڵامدانەوەیەکە بۆ پەنێڵەکەی میونیخ و راشکاوانە بە ئەمریکا دەڵێت: «ئەگەر دەتانەوێت شەڕی داعش نەدۆڕێنن هەر ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕچەک بکەن، لەبەر ئەوەی تەنها پێشمەرگە دەتوانێت تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت»**

ئـــەو دەوڵەتە نەیتوانیوە، بەمانای دەوڵەتی هاوچەرخ متمانە لەنێوان خۆی و هاووڵاتیانی دروســـت بکات، بۆیە پێویستە لە پرۆســـەی بونیادنانەوەی دەوڵەتـــدا رەچاوی ئەو خاڵانە بکرێت کە چۆن لە نێـــوان حکومەت و هاووڵاتیاندا متمانە دروســـت بکرێتەوە، دیارە متمانە دروستکردنەوەش پێویستی بەرەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتـــە هەیە و رەچاونەکردنی ئەم تایبەتمەندییانە وایکرد کە لە ســـاڵی ٢٠١٤ ســـوپای عێراق خۆی بەدەستەوە بدات و دەوڵەتی خەلافەتی ئیســـلامی داعش دابمەزرێت، سەبارەت بـــەم وەرچەرخانە کتوپڕە لە ناکاوە، هەموو سیاســـەتمەداران و پســـپۆڕان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە هۆکاری ئەوەی لە ســـاڵی ٢٠١٤ روویداو ساڵی ٢٠١٥شی گرتەوە، ئەوەیە کە نەتوانراوە پێشبینی تەحەددییەکان بکرێت، هەروەها نەتوانراوە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی روودانی تەنگژەکاندا چارەســـەری بۆ بدۆزنەوە، بۆیە ئەگەر سەیری سەرهەڵدانی دەوڵەتی تیرۆریســـتانی داعش بکەین، هەست دەکەین هیچ لایەنێك چارەسەری ئەم کێشـــەیەی لا نییە و رێگەچارەی سەربازیش ئەم کێشەیەی پێ چارەسەر ناکرێت. سەبارەت بەم لایەنە د.رۆژ نوری شـــاوەیس کە خۆی وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە لە بەرەکانی شەڕ لەهەمان کاتدا پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقیشی هەیە، بەمجۆرە تەحەددییەکانی خســـتەڕوو کە ئەم شـــەڕە تەنها یەك لایەن نییە، ئێستا لە دەرەنجامی ئەم شـــەڕە زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵك ئاوارە بوون و بەشـــی زۆریشـــیان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەهـــا نرخی نەوت بە رێژەیەکـــی زۆر دابەزیوە، ئەمەش وایکردووە بە رێژەی ٦٠٪ کاریگەری نەرێنی لەسەر بودجەی عێراق هەبێت، بۆیە لەم لایەنەوە عێراق پێویستی بە هاریکاری دارایی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، سەبارەت دووبارە رێکخســـتنەوەی سوپای عێراقیش، د.رۆژ نوری شـــاوەیس جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پاش ئەوەی ســـوپای عێراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لەبەریەك هەڵوەشـــا، گرنگە کاتێك ئەم ســـوپایە دووبـــارە رێکدەخەنەوە، ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە پێویستە ئەم سوپایە لە پێناوی ئامانجێکدا پڕچەك بکرێت و رێکبخرێتەوە و ئامانجەکەشـــی بریتی بێت لە تێکشکاندنی تیرۆریستان، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم ئامانجە نەبێت، ئەوا بـــۆی هەیە لەگەڵ هەر هێرشـــێکی دیکەی تیرۆریســـتان دیسان لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر وریا نەبیـــن، جارێکی دی پڕچەککردنەوەی ئەو ســـوپایە خۆی دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ پڕچەککردنەوەی تیرۆریستان، لە درێژەی قســـەکانیدا د. رۆژ ئامادەبووانی لەوە ئاگادار کردەوە کە ئێســـتا تەنها هێزێك لەســـەر زەوی بتوانێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت، هێزی پێشمەرگەیە، بۆیە زۆر گرنگە لەم بارودۆخە تێبگەن و لەسەر ئەم پرسە بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش بۆ ئەوەی حکومەت و سوپای عێراق هاوکاری پێشمەرگە بکەن، دەربارەی بەشداری پێشمەرگەش بۆ گرتنەوەی موسڵ، د.رۆژ ئاماژەی بەوە کرد، لە ئێستادا پێشمەرگە لە موسڵ زۆر نزیکە، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار پێشـــمەرگە ناتوانێت بەتەنها هێرش بۆســـەر موسڵ بکات، ئاشکرایە موسڵ شارێکی گەورەیە و ژمارەی دانیشتووانی زۆرە و بەشـــی زۆریشی عەرەبی سوننەن، بۆیە پێویستە ئەم پرســـە بە وردی دیراسەت بکرێت و پلانی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوەی بەبێ هاوکاری هۆزەکانی ســـوننە و سوپای عێراق، زەحمەتە پێشمەرگە بتوانێت ئەم کارە بکات، بەڵام سەرەڕای هەمـــوو ئەمانە زۆر گرنگە پێشـــمەرگە وەك ســـوپایەکی مۆدێرن بە تەواوەتی پڕچەك بکرێت، راستە تائێستا هەندێك هـــاوکاری پێشـــمەرگە کراوە، بەڵام ئەگەر پێشـــمەرگە بە ئاستی ســـوپایەکی مۆدێرن رێکبخرێتەوە و پڕچەك بکرێت، دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە عێراق و سووریاش فاکتەری سەقامگیری بێت.

ئەم واقیعەی د.رۆژ نوری شـــاوەیس ئاماژەی پێکرد، خوان کارلۆس بێنزۆن وەزیری بەرگری کۆڵۆمبیا زیاتر پشتڕاستی کردەوە و جەختی لەوە کردەوە بونیادنانەوەی سوپا و هێزەکانی ئاســـایش و پۆلیس لە کۆڵۆمبیا رۆڵـــی یەکلاکەرەوەی لە وەرچەرخانی کۆڵۆمبیا لە دەوڵەتێکی فاشیلەوە بۆ دەوڵەتێکی ســـەرکەوتوو گێراوە، ئەو وەك ئەزموونی وڵاتەکەی ئاماژەی بە سێ خاڵی گرنگ کرد لەوانە:

١. پێویســـتە گوشارێکی زۆر بخرێتە سەر ئەو خەڵکانەی لە ئێستادا پشتیوانی گروپە تیرۆریستیەکان دەکەن، گرنگە ئەم خەڵکانـــە تەنیا یەك رێگەیان لەبەردەمدا بهێڵدرێتەوە، ئەویش ئەوەبێـــت ناچاریان بکەن دانوســـتاندنیان لەگەڵ بکرێ و لە تیرۆریســـتانیان جیابکەنەوە، بەمەش دەگەنە ئەو ئەنجامەی ئەو خەڵکانـــە بگەنە ئەو قەناعەتە کە بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەت کێشەکانیان چارەسەر دەبێت، نەك بە پشتگیریکردنیان لە تیرۆریستان.

٢. ئامادەکرنـــی هێزەکانی ســـوپا و ئاســـایش و پۆلیس بۆ چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان هاووڵاتیان و ئەو هێزانەدا.

٣. تیرۆریستان ١٥ساڵ پێش ئێستا نیوەی خاکی کۆڵۆمبیایان کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام ئێســـتا تەنها ٩٪خاکی کۆڵۆمبیایان لەبەر دەســـتە و لەو ناوچانەشـــی کە هەتا ئێســـتا بەدەست تیرۆریستانەوەن، خەڵك داوای ئاســـایش دەکەن و دەیانەوێت حکومەت ئەو ناوچانەش کۆنترۆڵ بکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە خەڵکەکە گەیشـــتۆتە ئەو قەناعەتە کە دەیانەوێت لە ئاسایش و سەقامگیری بژین.

لەگـــەڵ ئەوەی ئەزموونـــی کۆڵۆمبیا، زیاتـــر پێوەندی بە گروپەکانـــی مافیا هەبووە و کەمتـــر دەکەوێتە چوارچێوەی دەوڵەتێکی وەك سووریا و عێراق کە پێکهاتەیەکی مۆزایکی هەیە و کێشـــەی مەزهەبگەرایـــی و نەتەوەیی تێدایە، بەڵام

وێڕای ئەوەش ئەوەی وەزیری بەرگری کۆڵۆمبیا ئاماژەی پێکرد، لە بونیادنانەوەی سوپا و هێزەکانی ئاسایش بەسەر سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە پیادە بکرێت، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی پێ بخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو متمانەیەی لەنێوان گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونی هەیە بۆتە هۆکاری ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەدەستی هێناوە، بۆیە لە کاتێکدا داوا دەکرێت هێزی پێشمەرگە بە هاوشێوەی سوپایەکی هاوچەرخ بونیاد بنرێتەوە، لەبەر ئەوەیە پێشمەرگە ژێرخانی ئیرادەی ئەو سوپایەی تێدایە و تەنها پێویستی بەوە هەیە کە پڕچەك بکرێت و مەشق و راهێنانی پێ بکرێت. ئەم پرۆسەیە هێزی پێشمەرگە دەکاتە ئەو سوپا راستەقینەیە کە لەسەر زەوی سەقامگیری و ئاسایش دابین بکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا تاچەند ئەمریکا سوود لە ئەزموونی پێشمەرگە و سوپای کۆڵۆمبیا وەردەگرێت؟ ئەم پرسیارە لە پەنێڵەکە رووبەڕووی ئەدمیراڵ کۆرنێل وەك نوێنەری سوپای ئەمریکا کرایەوە، لەوەڵامدا کۆرنێل گوتی: «ئێمە هێندەی لە ئەزموونی سوپای کۆڵۆمبیا فێربووین، هێندەمان فێر نەکردوون»، ئەمەش مانای ئەوەیە سوپای ئەمریکا لەم ماوەیەدا ئەزموونێکی گەورە لە پێشمەرگەش فێربووە، رەنگدانەوەی ئەمەش لە بڕیارەکانی کۆنگرێس رەنگی داوەتەوە کە بڕیاری داوە ٩ لیوای عێراقی و ٣ لیوای پێشمەرگە سەرلەنوێ دابمەزرێننەوە و پڕچەکیان بکەن.

## ● پێشمەرگە لە ئەجێندای کۆنفرانسی میونیخ

ئامادەبوونی سەرۆك مسعود بارزانی وەك تەنها سەرۆك، کە بە فەرمی سەرۆکی دەوڵەت نییە بۆ کۆنفرانسی میونیخ، وەڵامدانەوەی ئەڵمانیا بوو، بۆ ئەو پرسیارەی کە راپۆرتی کۆنفرانسی میونیخ بۆ کۆنفرانسەکەی ئامادە کردبوو، پرسیارەکەش ئەوە بوو: «ئایا ئەڵمانیا ئامادەیە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی کێشەکانی جیهان بکات؟»، لە دانیشتنی یەکەمی کۆنفرانسەکەدا ئۆرسۆلا ڤۆن دێر لیان وەزیری بەرگری ئەڵمانیا رایگەیاند: «من بەسادەیی وەڵامی ئەم پرسیارە درووژێنەرە دەدەمەوە و دەڵێم: بەڵێ ئەڵمانیا ئامادەیە ئەم سەکردایەتییە بکات».

ئەمە لەگەڵ ئەوەی ٦٢٪ خەڵکی ئەمریکا ئەوە بە باش نازانن ئەڵمانیا خۆی لە هەموو کێشەکان تێوەبگلێنێت و تەنها ٣٤٪یان پشتگیری دەکەن. خاتوو ئۆرسۆلا هۆکاری ئەمەی گێڕایەوە بۆ ئەو هەموو ئازارەی کە گەلی ئەڵمانیا لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردووی دوای شەڕی دووەمی جیهانی چەشتوویانە، رەنگدانەوەی ئەم ئازارەشی لەسەر ناخی تاکی ئەڵمانی بەوجۆرە وەسفکرد و گوتی: «ئەم ئازارە بۆتە بەشێك لە (DNA) لە ناخی گەلی ئەڵمانیا، بۆیە دەمەوێت مانای چەمکی سەرکردایەتیکردن روون بکەمەوە، کە ئەویش سەرکردایەتیکردنە لە سەنتەرەوە راستەوخۆ لەگەڵ هاوبەش و هاوپەیمانەکانمان». ئەو قسەیە وەزیری بەرگری ئەڵمانیا پێمان دەڵێت: لە دیدی ئەڵمانیادا کوردستان بەشێکی گرنگ و سەرەکییە لە دابینکردنی ئاسایشی جیهان و پێشمەرگەش بەشێکە لەو سوپایەی کە دەتوانێت ئاسایش و سەقامگیری بۆ پێگە جوگرافییەکەی خۆی دابین بکات، بۆیە دەبێت لەسەنتەرەوە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت و راستەوخۆ چەك و تەقەمەنی و پێداویستی بۆ پێشمەرگە دابین بکرێت، هەر بۆیە ئەگەر لەچوارچێوەی چەمکی سەرکردایەتیکردن لە ناوەندەوە (Lead in Center) هاوکاریەکانی ئەڵمانیا بۆ پێشمەرگە، هەروەها پەیوەندی راستەوخۆی ئەڵمانیا و کوردستان شرۆڤە بکەین، ئەوا هەست دەکەین قسەکانی وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لەسەر بنەمایەکی ستراتیژی و لە چوارچێوەی پێناسەکردنەوەی ئاسایشی نیشتمانی ئەڵمانیاوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێش ئەوەی رۆژی ٦ی شوبات وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لە کردنەوەی کۆنفرانسی میونیخ ئەم قسانە بکات، پێشتر پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیاری ئەوەی دابوو کە حکومەتی ئەڵمانیا راستەوخۆ هێز رەوانەی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی مەشق و راهێنان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات، ئەم بڕیارەی ئەڵمانیا بە ناردنی هێزی سەربازی راستەوخۆ نەك لەژێر چەتری ناتۆ، هەروەها رەوانەکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ کوردستان، رووداوێکی بێ پێشینەوە و سووربوونی ئەڵمانیا پیشاندەدات لەسەر پیادەکردنی سەرکردایەتیکردن لە ناوەندەوە، ئەم چەمکە کە وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لە کردنەوەی کۆنفرانسی میونیخ بە تەواوەتی روونیکردەوە، بۆ ئەوە نییە ئەڵمانیا ببێتە هێزی یەکەم لە ئەوروپا، یان بۆ ئەوە نییە ئەڵمانیا هەژموونی خۆی بەسەر ئەو دەوڵەتانەی دراوسێی و هاوپەیمانەکانی فەرز بکات، بەڵکو چەمکی سەرکردایەتیکردن لە ناوەندەوە مانای ئەوەیە:

١. پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە ئەوروپا ببێتە پرۆسەیەکی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتەکان، بۆ ئەوەی بڕیارەکە شەرعییەتی زیاتری هەبێت و زیرەکانە و کاریگەرتر جێبەجێ بکرێت.

٢. ئەمڕۆ ئەوروپا لەبەردەم کۆمەڵێك هەڕەشە و مەترسی راستەقینەیە، هەر دەوڵەتێك لە جیهاندا چەند هێزی سەربازی هەبێت و چەند ئابوورییەکی پتەوی هەبێت، بەتەنها ناتوانێت کێشەکانی ئەم سەردەمە چارەسەر بکات، بۆیە دەبێت دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا سەرلەنوێ پێناسەی سەروەریی دەوڵەت بکەنەوە و سازش لەسەر هەندێك پرەنسیپی سەروەری دەوڵەت و بکەن و سوپایەك دروست بکەن کە توانای کۆکردنەوە و دووبارە دابەشکردنەوەی (pooling and sharing) هەبێت.

٣. گرنگە هەندێك بنەمای کۆن نەبنە ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکاندا، بۆیە سەرکردایەتیکردن لە

**هەر دەوڵەتێک لە جیهاندا چەند هێزی سەربازی هەبێت و چەند ئابوورییەکی پتەوی هەبێت، بەتەنها ناتوانێت کێشەکانی ئەم سەردەمە چارەسەر بکات، بۆیە دەبێت دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا سەرلەنوێ پێناسەی سەروەریی دەوڵەت بکەنەوە**

**ئەو قسەیە وەزیری بەرگری ئەڵمانیا پێمان دەڵێت: لە دیدی ئەڵمانیادا کوردستان بەشێکی گرنگ و سەرەکییە لە دابینکردنی ئاسایشی جیهان و پێشمەرگەش بەشێکە لەو سوپایەی کە دەتوانێت ئاسایش و سەقامگیری بۆ پێگە جوگرافییەکەی خۆی دابین بکات**

**هەموو سیاسەتمەداران و پسپۆران گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە هۆکاری ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ روویداو ساڵی ٢٠١٥شی گرتەوە، ئەوەیە کە نەتوانراوە پێشبینی تەحەددییەکان بکرێت و هەروەها نەتوانراوە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی روودانی تەنگژەکاندا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە**



**دەبێت لەسەنتەرەوە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت و ڕاستەوخۆ چەک و تەقەمەنی و پێداویستی بۆ پێشمەرگە دابین بکرێت**

ناوەندەوە ئەو بنەما کۆنانە پشـــتگوێ دەخات کە ئاستەنگ بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکان دروســـت دەکات، هەر بۆ نموونە ئەمڕۆ جیهان هیچ چارەسەرێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆریستانی داعش پێ نییە، بەڵام پێشمەرگە لەسەر زەوی توانیویەتی هاوکێشەکە بگۆڕێت، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد دوای ئەوەی ڕاستەوخۆ هەندێك یارمەتی پێشـــمەرگە درا، پێشمەرگە توانی ناوچەکانی لە دەستی داعش رزگار بکات، هەروەها توانی دووبارە کۆبانێ ئازاد بکات.

ئەگەر لـــەم روانگەیـــەوە و لە چوارچێوەی کۆنفڕانســـی میونیخ بڕوانین و بەشداریی سەرۆك بارزانی لەو کۆنفرانسە بخوێنینەوە، دەبینین جارێکی دیکە پرسی پێشمەرگە بۆتەوە مانشێتی سەرەکی هەموو رۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان و هەروەها هەواڵی سەرەکی تەلەفزیۆنەکانی جیهان.

دیڤید ئیگناشـــیۆس رۆژنامەنووسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆســـت، کە یەکێك بوو لەو کەســـایەتییانەی پەنێڵەکانی کۆنفڕانســـی میونیخـــی بەڕێوەدەبرد و ئـــەو پەنێڵەی بە ناونیشانی (ئایا شەڕی داعشـــمان دۆڕاند؟)ی بەڕێوەی برد، لەدوای کۆنفڕانســـەکە لە رۆژی ١١ی شـــوبات لە واشنتۆن پۆســـت وتارێکی بە ناونیشانی (کورد پێویستی بـــە چەکە هەر ئێســـتا) بڵاوکردەوە، ئەو وتـــارەی دیڤید ئیگناشـــیۆس وەك وەڵامدانەوەیەکە بۆ پەنێڵەکەی میونیخ و راشکاوانە بە ئەمریکا دەڵێت: «ئەگەر دەتانەوێت شەڕی داعش نەدۆڕێنن هەر ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕچەك بکـــەن، لەبەر ئەوەی تەنها پێشـــمەرگە دەتوانێت تیرۆریستانی داعش تێکبشـــکێنێت»، لەم وتارەدا زۆر بە تێر و تەســـەلی باسی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی لە میحوەری رۆژهەڵاتی دیجلە کردووە، دیارە ئیگناشوێس ئەم وتارەی لەبەر رۆشـــنایی قســـەکانی سەرۆك بارزانی لە میونیخ کـــردووە، چونکە ئاماژە بەوە دەکات ســـەرۆك بارزانی وردەکاری بۆ روونکردۆتەوە، لەوانە تیرۆریستان لە هێرش بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بەتوانان و تەنها لەیەك رۆژدا بە ١٤ ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو هێرشـــیان کردۆتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، تێکشکاندنی ئەم ئۆتۆمبێلانەش پێویستیان بە چەکی تانکبڕ و چەك و تەقەمەنی پێویست هەیە، ئیگناشیۆس دەڵێت: «ئەم داواکارییانەی کورد زۆر ماقووڵـــن و پێدانی چەك بە پێشـــمەرگە عێراق نیگەران نـــاکات، لەبەر ئەوەی ســـەرۆك بارزانـــی لاری لەوە نییە لە رێگەی بەغداشـــەوە بێت ئەو چەکانە بگەنە دەســـتی پێشمەرگە».


## ● سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە رای گشتی جیهان ناشاردرێتەوە

لەگەڵ دەســـتپێکی ســـاڵی ٢٠١٥ و لە سەرەتای مانگی یەکەوە تا نیوەی یەکەمی مانگی شـــوبات، ٣ کۆنگرەی گرنگ لەسەر ئاستی جیهان تایبەت بە ئاسایش و مەترسیی تیرۆریســـتانی داعـــش و گۆڕانـــکاری جیۆپۆلیتکی لە جیهاندا بەڕێوەچوو. بۆ کۆنفڕانسی لەندەن کە تایبەت بوو بە کۆبوونەوەی دەوڵەتانی هاوپەیمانان دژی تیرۆریستانی داعش، هەرێمی کوردســـتان وەك لایەنێکی هاوپەیمانییەکە بانگهێشـــت نەکرا، گەرچی ئەم بانگهێشتنەکردنە لەگەڵ




ئەوەی بە بیانووی هەڵەیەکی تەکنیکی پینەکرا، بەڵام وەك لە قسەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ورد دەبینەوە، هەست دەکەین ئەوە تاکتیکێك بووە بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بە سەرکەوتنی سوپای عێراق لە قەڵەم بدرێت، دیارە جیهانیش دەزانێت، ماوەی ١٠ ساڵە حکومەتی عێراق ئیعتراف بەوە ناکات کە پێشمەرگە بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق بێت و دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، بۆ ساڵی ٢٠١٥ بڕیار دراوە پێشمەرگە بەشێك لە بودجەی هێزی زەمینی عێراقی پێبدرێت، بەڵام ئەمەیان بۆ نەچووەتە سەر، لە کۆنفرانسی دووەمدا کە کۆڕبەندی ئابووری جیهان بوو لە شاری داڤۆسی فەرەنسا و ساڵانە ئەم کۆنفرانسە دەکرێت، ئەمساڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەر بارودۆخی شەڕی تیرۆریستانی داعش نەیتوانی ئامادە بێت، بەڵام بۆ یەکێك لە پەنێڵەکانی داڤۆس بە ناونیشانی (ئایندەی سوپا) د.رۆژ نوری شاوەیس کە وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق لە داڤۆس ئامادە بوو، بۆ ئەو پەنێڵە وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە بانگهێشت کرا. سەرنج بدەن لە کۆبوونەوەی لەندەن، ئەمریکا و عێراق ویستیان پێشمەرگە بشارنەوە، بەڵام لە داڤۆس ناسنامەی عێراقیبوونیان لە د.رۆژ نوری شاوەیس کردەوە و وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە بانگهێشتیان کرد و وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە گوێیان لە ئەزموونی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بۆ ئایندەی عێراق و سووریا راگرت، کۆنفرانسی سێهەمیان کە کۆنفرانسی میونیخ بوو، ئەم کۆنفرانسە بە گرنگترین کۆنفرانسی زانستی و فیکری بۆ ئاسایش لەسەر ئاستی جیهان هەژمار دەکرێت، بە فەرمی لەلایەن سەرۆکی کۆنفرانسەوە سەرۆك مسعود بارزانی بانگهێشت کرا، ئەو راپۆرتەی بۆ ئەم کۆنفرانسە ئامادەکرابوو بە ناونیشانی (سیستەمی جیهانی لەبەریەك هەڵوەشاو، دوودڵی و نیگەرانی لە پاراستنی)، ئەمەش مانای ئەوەیە لە دارشتنەوەی سیستمی نوێی جیهان، یان لە رزگاکردنی سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد، کوردستان ئەو ناوچەیە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت و سەرۆکی کوردستان ئەو کەسایەتییە کە دەبێت لەسەر ئەم پرسە ئامادەبوونی هەبێت و قسەی خۆی هەبێت، ئەم سێ رووداوە کۆمەڵێك راستیی گرنگی بۆ جیهان ئاشکرا کرد، هەر بۆیە وەك لەماوەی یەك دوو هەفتەی رابردوو بینیمان، جارێکی دیکە میدیاکانی ئەمریکا سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و پێداویستییەکانی پێشمەرگەیان کردە سەردێڕی هەواڵەکانیان، ئەم کرانەوەیە بە رووی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، مانای ئەوەیە چیدیکە وڵاتانی ئەوروپا چاوەڕێی ئەوە ناکەن بە رێگەی عێراق و ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان و پێشمەرگە بکەن، بەڵکو وەك پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیاری لەسەر داوە، دەبێت راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت و ئەم بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیا، بڕیاری پەرلەمانەکانی دیکەی دەوڵەتانی ئەوروپای بەدوادا دێت، لەبەر ئەوەی ئەوروپا گەیشتە ئەو قەناعەتەی ١٦ دەوڵەت شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات و تەنها پێشمەرگە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**ئەگەر پێشمەرگە بە ئاستی سوپایەکی مۆدێرن رێکبخرێتەوە و پڕچەک بکرێت، دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە عێراق و سووریاش فاکتەری سەقامگیری بێت**



**لە بەرژەوەندیی ڕۆژئاوایە کە هەرچییەکی لەدەست بێت بۆ بەهێزکردنی توانای پێشمەرگە ئەنجامی بدات**

*** لە ئێستادا جیهان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك تەحەددی و هەڕەشە و مەترسیی تازە بۆتەوە، ئەم پرسەش هەموو لایەکی گرتۆتەوە، ئایا جیهان چۆن ڕووبەڕووی ئەم مەترسی و تەحەددییانە دەبێتەوە؟**

- من ئەوەندە خۆشبەخت بووم کە لە بەشێکی جیهاندا بژیم و پشێوی باڵی بەسەردا نەکێشابێت، گەرچی هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە لە بەشێکی زۆری جیهاندا بە ئەندازەیەکی گەورە توندوتیژی هەیە، بەڵام چارەسەرێکم پێ نییە، تەنها دەتوانم ئومێدی ئەوە بکەم کە دەستدرێژی گروپە جیاوازەکان بۆ ماوەیەك ئیحتیوا بکرێن کە بەس بێت بۆ هێنانەئارای جۆرێك لە سەقامگیری، لەوە زیاتر شارەزاییی ئەوەم نییە کە چارەسەرێکی دیاریکراو پێشنیار بکەم.

*** ئایا جیهان چۆن مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە جیوپۆلەتیکیەکاندا دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامییەوە؟**

- ئێمە مامەڵە لەگەڵ تەحەددییەکانی دەوڵەت و کاراکتەر غەیرە دەوڵەتییەکاندا دەکەین، ئەوە بەشێکی هۆکارەکەن بۆ دروستبوونی ئەو جیهانەی کە ئێوە وەسفی دەکەن کە پشێوی باڵی بەسەریدا کێشاوە، بەهۆی ڕەفتاری دەوڵەتگەلێکی دیاریکراوی وەك ڕووسیا و چین و بەتایبەتی کۆریای باکوور، کە ئەو دەوڵەتانە پتر هاوشێوەی دەوڵەتانی سەدەی نۆزدە و بیست ڕەفتار دەکەن کە هەوڵیان دەدا دەست بەسەر خاکدا بگرن، وەك ئەوەی لە کریمیا بینیمان. هەروەها کۆماری چینی میللی بانگەشەی خاوەندارێتی خاك دەکات لە ڕۆژهەڵاتی دەریای چین و باشووری دەریای چین، ئەمە یەکێك لە سەرچاوەکانی ئەو دژوارییانەن ڕووبەڕووی بووینەتەوە. تەحەددییەکانی دیکە لە کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، وەك داعش، یان دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی تەنها گروپێکە لەو گروپانەی کە هەمان پاڵنەریان هەیە، ئەویش ئەنجامدانی توندوتیژییە لە ژێر پەردەی ئیسلامدا، ئەوانیش وەك بۆکۆ حەرام و ئەلقاعیدە لە کەنداوی عەرەبی و گروپەکانی پاکستان، هەموو ئەوانە هاوبەشن لە ئایدیۆلۆژیایەکدا کە بێئەندازە توندە. بەلای منەوە بژاردەیەکی سەرەکی لە بەردەم حکومەتەکاندا- ئەوانەی لە پێگەیەکدا مومارەسەی دەستڕۆیشتوویی بکەن- تاکە بژاردەیەك لەبەردەمیاندا ئەوەیە هێزی سەربازی بەکار بهێنن بۆ ئیحتیواکردنی ئەم گروپە جۆراوجۆرانە. هیچ بوارێك بۆ گفتوگۆی دیپلۆماسی نییە لەگەڵ دوژمنێکدا کە سوورە لەسەر ئەوەی بتکوژێت، بەڵام دڵنیام ئێوە لە کوردستان زۆر باش درك بەمە دەکەن. لەبەر ئەوە بەدیلێکی کەم بەدی دەکەم بۆ بژاردەی سەربازی، هێزی ئاسمانی و هێزی زەمینی لە دژی

### پرۆفیسۆر بینجامین کۆهین لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بۆ گوڵان:

# تائێستا تەنها پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشدا هێزی سەرەکی بووە

**پرۆفیسۆر بینجامین کۆهین ئوستادی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئابوورییە لە زانکۆی کالیفۆڕنیا و تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئابووری و سیاسیەکانی جیهان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو رەوشە نالەبارەی ئێستا جیهان بەخۆیەوە دەیبینێت و مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش لەسەر جیهان، ئەم وتویژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

ئەو هێزە دەستدرێژیکارانە.

*** بەڵام شەڕی تیرۆریستان شەڕێکی تەقلیدی نێوان دوو دەوڵەت نییە، بەڵکو شەڕێکی بەرفراوان و فرەڕەهەندە، ئایا تا چەند هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەتوانن ئەم شەرە یەکلایی بکەنەوە؟**

- پێموایە ئێمە مۆدێلێکی دیکەی ناکۆکیی سەربازی دەبینین لە نێوان وڵاتان، هەروەها مۆدێلێکی دیکەی هاوپەیمانیەتی دەبینین، بۆ نموونە لەلایەك هاوپەیمانێتیەك لە نێوان وڵاتان، لەلایەکی دیکەوە کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکانی وەك داعش، یان دەوڵەتی ئیسلامی. ئەمە پرسێکی مەترسیدارە بۆ سەروەری ئەو وڵاتانەی کە شەڕ و ناکۆکیەکەی تێیدا روودەدات. ئەمەش ئێمە ناچار دەکات دووبارە بیر لەو سنوورانە بکەینەوە کە سەد ساڵە دارێژراون. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە چیتر ئێمە ناتوانین ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانمان لە خاکێکی خاوەن سەروەری دیاریکراودا کورت بکەینەوە، کاتێك رووبەڕووی دوژمنێك، یان چەند دوژمنێك دەبینەوە کە هیچ رێزێکیان بۆ سنوورە تەقلیدییەکان نییە، دەبێت لە هەر شوێنێك کە پێویست بکات هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کار بکات.

*** لەلایەکی دیکەوە و لە ئاستێکی دیکەدا ململانێیەك لە نێوان رووسیا و چین لەلایەك و رۆژئاوا بەگشتی لەلایەکی دیکەوە دروست بووە، ئایا پێشبینی هاتنەئارای شەڕی سارد دەکەن؟**

- من رەشبینم لەم بارەیەوە، باوەڕم وایە ئێمە ئێستا لە ئەورووپا رووبەڕووی شێوەیەك لە شەڕی سارد دەبینەوە لە نێوان وڵاتانی رۆژئاوا و رووسیا، کە هەوڵدەدات جۆرێك لە فیدراسیۆن بنیات بنێتەوە، هاوشێوەی ئەوەی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا لەئارادا بوو. پێکهێنانی یەکێتییەکی ئابووری هەوڵی رووسیایە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتیەك کە ببێتە دوژمنی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا. هەروەها چینیش زۆر توندبووە لە پەرەپێدانی تمووحەکانی کە گرێدراوی بەدەستهێنانی خاکن. هەروەها پەرە بە هێزی دەریایی دەدات بۆ درێژکردنەی دەستڕۆیشتوویی بۆ ئەو ناوچانەی کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە شێوەیەکی حەسری ناوچەی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکان. کەواتە پرسگەلێك هەن کە مایەی گرژی گەورە دەبن لە سنووری نێوان رووسیا و رۆژئاوا، هەروەها لە نێوان چین و رۆژئاوا. مەترسی هەیە ئەمە ئەندازەی ئەو ئاڵۆزییانە زیاتر بکات کە لە ناوچەیەکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، لەبەر ئەوەی هەروەك ئەوەی لە سەردەمی شەڕی سارددا روویدا، ئێمە رێژەیەکی زیاتری شەڕی بەوەکالەت دەبینین، بۆ نموونە رووسیا پشتیوانی بەشار دەکات لە سووریا لە دژی ئەو دوژمنانەی کە لەلایەن هێزە رۆژئاواییەکانەوە پشتیوانییان دەکرێت. ئێمە ئەندازەیەکی زیاتری

**هیچ بوارێک بۆ گفتوگۆی دیپلۆماسی نییە لەگەڵ دوژمنێکدا کە سوورە لەسەر ئەوەی بتکوژێت**



## پرۆفیسۆر هنری فارێل
## لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# زەحمەتە شەڕی سارد دووبارە دەست پێبکاتەوە بەڵام کێشە و ناکۆکیی ئیقلیمی زیاتر دەبینین

**پرۆفیسۆر هنری فارێل ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن و تایبەتمەندە لە بواری ئەو هەڕەشانەی لە ئێستادا رووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تەحەددییانەی لە ساڵی ٢٠١٥ رووبەڕووی جیهان دەبنەوە، هەروەها ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی سارد لە فۆرمێکی جیاوازدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

شەڕی بەوەکالەت دەبینین کە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی گرژی نێوان رووسیا و رۆژئاوا و چین و رۆژئاوان.

*** ئایا هەڵوێستی جیاوازی تورکیا وەك ئەندامی ناتۆ و وەك ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، هەروەها قەتەر وەك ئەندامی هاپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش چۆن لێك دەدەنەوە؟**

-پێموایە قەتەر تا رادەیەك هەڵوێستی خۆی نەرمتر کردووە لە ژێر فشاری سعودیە و وڵاتانی دیکەی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، بەڵام کێشە راستەقینەکە تورکیایە و ناتوانرێت بە بێ هاوکاری تورکیا هەڵمەتێکی جددی بەریتەسەر داعش. حکومەتی تورکیا سەرقاڵی ئەوەیە پێگەی دەسترۆیشتوویی بۆ خۆی دابمەزرێنێت. ئێوە بەشێکن لەو جیهانە و پەیوەندی نێوان حکومەتی ئەنقەرە لەگەڵ نەتەوەی کوردی وڵاتەکەی باش نییە. بەڵام رۆژئاوا پێویستی بە هاوکاری تورکیا هەیە و تورکیاش ئەم راستییە دەزانێت و دەیەوێت لەبەرامبەر هەر هاوکارییەدا دەستکەوتێك بەدەست بێنێت، من دەزانم تا رادەیەکی ماقووڵ تورکیا پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ -هەرێمی کوردستانی عێراقدا- بەلای کەمەوە ئەمە تێگەیشتنی منە، ئومێدەکە ئەوەیە ئەمە سەربکێشێت بۆ جۆرێك لە هاوکاری سەربازی، کێشەکە ئەوەیە تورکیا پێداگیری دەکات لەسەر بینینی رۆڵێکی سەربەخۆ، نەك رۆڵێك بێت بکەوێتە خزمەتی رۆڵی ئەمریکاوە. بەڵام بەگشتی تاوەکو هاوکاری تورکیا بەدەست نەهێندرێت، ئەوا تێکشکاندنی داعش زەحمەت دەبێت.

*** ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هێرش و گورزە ئاسمانییەکان نەبوونەتەهۆی راگرتنی داعش، بەڵکو ئەوەی بە شێوەیەکی راستەقینە و لەسەر زەمین شەڕی داعش دەکات، بریتییە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئایا پێویستە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەسەر هاوکاریکردنی پێشمەرگە بکەن؟**

- لە بەرژەوەندی رۆژئاوایە کە هەرچییەکی لەدەست بێت بۆ بەهێزکردنی توانای پێشمەرگە ئەنجامی بدات، من هەستێکی بەهێزم هەیە لەم بارەیەوە. لەوەش زیاتر، پێویستە هەوڵ و کۆشش بخرێتەگەڕ بۆ راکێشانی خێڵە سوننەکان لە پارێزگای ئەنبار لە بەشی رۆژئاوای عێراق بۆ ئەوەی ئەوانیش لەسەر زەوی شەڕی داعش بکەن. هەموو کەس هاوڕایە کە هێزی ئاسمانی بە تەنها هەرگیز نابێتە هۆی تێکشکاندنی داعش، دەکرێت ببێتە هۆی ئیحتیواکردنی داعش– بە دڵنیاییەوە دەرکەوت کە یارمەتیدەرە لە شوێنێکی وەك کۆبانێ-، ئێمە دەزانین کە دەبێت هێزی زەمینی بڵاو بکرێتەوە، تا ئێستاش بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو هێزە پێشمەرگە بووە، من بە توندی پشتیوانی لەوە دەکەم پێویست بە دەستەبەرکردنی چەك هاوکاری پێشمەرگە بکرێت. هەروەها باوەڕم وایە پێویستە سەرنجی سوننەکانیش رابکێشرێت، هەروەها پشتیوانییان بکرێت و زەمانەتیان پێبدرێت کە لە حکومەتی بەغدا دەنگ و سەنگیان دەبێت، واتە هەر شتێك کە ببێتە هۆی هاندانی سوننە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەدا شەڕی داعش بکەن.

**تاوەکو هاوکاری تورکیا بەدەست نەهێندرێت، ئەوا تێکشکاندنی داعش زەحمەت دەبێت**

**رێژەیەکی زیاتری شەڕی بەوەکالەت دەبینین، بۆ نموونە رووسیا پشتیوانی بەشار دەکات لە سووریا لە دژی ئەو دوژمنانەی کە لەلایەن هێزە رۆژئاواییەکانەوە پشتیوانییان دەکرێت**

**کاتێک رووبەڕووی دوژمنێک، یان چەند دوژمنێک دەبینەوە کە هیچ رێزێکیان بۆ سنوورە تەقلیدییەکان نییە، چیتر ناتوانین ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانمان لە خاکێکی خاوەن سەروەری دیاریکراودا کورت بکەینەوە**

**دەوڵەتی ئیسلامی تەنها گروپێکە لەو گروپانەی کە هەمان پاڵنەریان هەیە، ئەویش ئەنجامدانی توندوتیژییە لە ژێر پەردەی ئیسلامدا**

*** شارەزایان پێیانوایە لە دوای کەوتنی دیواری (بەرلین) ـوە هیچ کاتێك هێندەی ساڵی ٢٠١٤ پشێوی باڵی بەسەر جیهاندا نەکێشاوە، ئەمەش درێژ بۆتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٥ـەش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جیهان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پشێوییە سیاسییانەدا دەکات؟**

- ئێمە لە یەکێتیی ئەوروپا رووبەڕووی کۆمەڵە کێشەیەك بووینەتەوە لە بواری ئابووریدا، وەك مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی یۆناندا. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوا ناسەقامگیرییەکی بەردەوام هەیە و پێموایە ئەو ناسەقامگیرییە درێژە دەکێشێت، بەڵام نازانم ئایا دۆخەکە خراپتر دەبێت، یان نا. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندی نێوان رووسیا و ئەوروپاوە ئەوا گرژی و ناسەقامگیری زیاتر دەبینین، بەڵام مەزەندەی ئەوە دەکەم بتواندرێت ئیدارەی ئەم دۆخە بکرێت، کەواتە ئەمانە کێشەی راستەقینەن، بەڵام پێموا نییە ببنەهۆی رووداوی کارەساتی گەورە.

*** بارودۆخەکە ئاڵۆزە و ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر سنوورەکان و و ئەمەش گۆڕانکاریی ئیقلیمی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە ئاشتی و ئاسایشی جیهانیش بەدەر نابن لە کاریگەرییەکانی، بۆ نموونە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، ئایا جیهان چۆن مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە جیوپۆلەتیکییەکان دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامییەوە؟**

- پێموایە دەوڵەتی ئیسلامی رووبەڕووی دوو تەحەددی دەبێتەوە، یەکەمیان سیاسییە و خۆی لە دەست بەسەردا گرتنی خاکدا دەبینێتەوە، ئەوی دیکەیان کۆمەڵایەتییە و خۆی لە بەدەستهێنانی عەقڵ و دڵی خەڵکدا بەرجەستە دەکات و بەدەستهێنانی باوەڕی خەڵك بەوەی چی هەڵەیە و چی راستە. لە رووی دەست بەسەرداگرتنی خاکەوە رووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە، چونکە لە سەرەتادا بە رەوتێکی زۆر خێرا بەرفراوان بوو، بەڵام ئێستا دووچاری دژواری بۆتەوە لەوەی پتر بەرفراوان بێت، هەروەها رووبەڕووی زەحمەتی بۆتەوە لە پاراستنی هەندێ لەو خاکانەی دەستی بەسەردا گرتوون. لە پەیوەندی بە بەدەستهێنانی پشتیوانی جیهانی ئیسلامییەوە ئەوا دڵڕەقییەکەی کارێکی کردووە- بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانییە- زەحمەت بێت. ئەمە لەو شەڕەدا بەرجەستە بووە کە لە نێوان گروپە توندڕەوەکاندا هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا هەوڵبدەن دڵ و عەقڵی خەڵك بەدەست بهێنن، یاخود رووبکەنە ئەو کەسانەی کە تووڕە و نائومێد بوون، ئێمە ئەو شەڕە گەورەیەمان بینی لە نێوان ئەلقاعیدە و گروپە جیاوازەکانی دیکە لە عێراقدا، بەڵام تاوانەکانیان نەگەیشتنە دڕندەیی داعش. کاتێك دەوڵەتی ئیسلامی بڕیاری سووتاندنی فڕۆکەوانە ئەردەنییەکە دەدات، ئەم کارەی نابێتەهۆی ئەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا دۆست بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، چونکە ئەو دڵڕەقی و دڕندەیەتییە دەبینن، بۆیە پێموا نییە زیاتر لەو سنوورەی ئێستا بەرفراوان بن.

*** دوای ٢٥ ساڵ لە رووخانی دیواری بەرلین ئێستا رووسیا هەوڵدەدات جێ پێی خۆی لە سەر شانۆی جیهان جێگیر بکات، ئێستا ململانێیەك لە نێوان رووسیا و چین لەلایەك و رۆژئاوا بەگشتی لەلایەکی دیکەوە دروست بووە، ئایا پێشبینی هاتنەئارای دووبارەی شەڕی سارد دەکەن؟**

- شەڕی سارد ناکۆکییەکی جیهانی بوو، پێموایە لە ئێستادا مەترسی زیاتری ناکۆکی ئیقلیمی لە ئارادایە، رووسیا دیکتاتۆرێکە و پتر بەرەو دژایەتی رۆژئاوا دەڕوات و دەیەوێت خۆی پیشانبداتەوە بەوەی کە هێزی هەیە، ئەگەرنا لەو باوەڕەدانیم رووسیا تموحی ئەوەی هەبێت بە چەشنی ٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا جیهان بگۆڕێت، بەڵکو پتر کار لەسەر کۆنترۆڵکردنی دراوسێکانی دەکات. هەروەها تا رادەیەکی زۆر خەونەکانی چینیش سنووری ئیقلیمی تێناپەڕێنێت و خوازیارە وەك هێزێکی سەرەکی بناسرێت لە ئاسیا و چەند شوێنکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا، بەڵام لەوێش لەبەر هۆکاری ئابووری ئەو رۆڵەی نییە، بەهەرحاڵ پشێوی و ناکۆکی زیاتر بەدی دەکەین.

*** مەترسیی دەوڵەتی ئیسلامی گومان لەسەر ئایندەی هێزی سەربازی لە ناوچەکەدا دروستدەکات، لەبەر ئەوەی شەڕکردن لە دژی داعش و لەگەڵ تیرۆریستان لە پاکستانەوە بۆ نەیجیریا شەڕێکی تەقلیدی لە نێوان دوو دەوڵەت نییە، بەڵکو شەڕێکی بەرفراوان و فرەڕەهەندە، ئایا تا چەند هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بڕیاری سەربازی دژ بە داعش دەردەکات؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی باوەڕی وایە هێزی سەربازی دەتوانێت چی بکات؟، لەلایەکی سنووردارییی هێزی سەربازی بەدی دەکەین، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بڕیار بدەن داگیرکاری بکەن، ئەوەش بارگرانییەکی گەورە دەبێت، زۆر زەحمەت دەبێت کە بتوانن سیاسەتی ئەوانە بگۆڕن، بەڵام ئەوەی دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە هێزەکانیان لە ناو ببەن، دەتوانرێت تا رادەیەك ئەم کارە بە ئاسانی، هەروەها بە شێوەیەکی کارا ئەنجام بدرێت. وەك دەبینین کە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی راستیەکانی سەر ئەرزی واقیع ناگۆڕێت، بەڵام کاریگەرە لەوەی بوار نەدات پتر بەرفراوان بێت.

*** لەسەر رۆشنایی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئارادایە پێشبینییەکانتان بۆ ئایندە چییە؟**

- پێموایە گرفتی زیاتر دەبینین لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل، باوەڕم وا نییە وەرچەرخانی گەورە رووبدات، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی هەنگاو بە هەنگاو لە سیاسەتدا لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیلدا روودەدات. باوەڕم وایە گرفتی زیاتر دەبینین، بەڵام بە چەشنی سەردەمی شەڕی سارد نا.

**بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی راستیەکانی سەر ئەرزی واقیع ناگۆڕێت، بەڵام کاریگەرە لەوەی بوار نەدات پتر بەرفراوان بێت**

**ئێمە ئەو شەڕە گەورەیەمان بینی لە نێوان ئەلقاعیدە و گروپە جیاوازەکانی دیکە لە عێراقدا، بەڵام تاوانەکانیان نەگەیشتنە دڕندەیی داعش**

**ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوا ناسەقامگیرییەکی بەردەوام هەیە و پێموایە ئەو ناسەقامگیرییە درێژە دەکێشێت**

### پرۆفیسۆر جیم بەتەرفێلد لە زانکۆی میشیگان بۆ گوڵان:

# هێشتا ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەو وەهمە دەکات کە دەتوانرێت عێراق ببێتەوە بە دەوڵەت و قابیلی ژیان بێت



**پرۆفیسۆر جیم بەتەرفێلد ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی میشیگان و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای ئەوروپا و مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لە دوای دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی، سیستمی جیهانی رووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە و ئێستاش جیهان بە قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە بێنیزامی باڵی بەسەردا کێشاوە. بە بۆچوونی ئێوە، تا چ رادەیەك نەبوونی سیستمی جیهانی بۆ تێکڕای جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا مەترسی دروست دەکات؟**

-ئەگەرچی رۆژگاری شەڕی سارد پڕ بوو لە ناکۆکیی راستەقینە و ئەو ناکۆکییانەش ئەگەری رووداني تەنانەت شەڕی ناوەکی لێدەکرا، بەڵام تا رادەیەك لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سەردەمێکی جێگیر بوو. هەردوو هێزە مەزنەکە رەچاوی «رێساکانی گەمەکە»یان دەکرد، کە

ڕێساگەلێکی روون بوون و لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا سەرقاڵی «شەڕی بە وەکالەت» بوون. ئێستا ئێمە لە جیهانێکی فرەجەمسەردا دەژین کە تێیدا بەهێزترین ئابووری ( کە ئەمریکایە) لە رووی نێودەوڵەتییەوە زیاد لە پێویستە بارگرانی خستۆتە سەر شانی خۆی و چیتر لەم جیهانەدا رژێمە لاوازەکان بە چەشنی هاوپەیمانەکانی شەڕی سارد پشتیوانی ناکرێن، هەروەها ناکۆکییە قووڵبووەکان لە جیهانی تازەگەشەکردوودا بە زۆری سەردەکێشێت بۆ شەڕێکی سەرتاسەری و هەرەسهێنانی دەوڵەتەکە و ئەگەری ئەوە هەیە ناسەقامگیری وەك حاڵەتێك لە کاروبارە نێودەوڵەتیەکاندا بمێنێتەوە.

*** ئەو کێشە گەورەیەی کە بووە هۆی ئەوەی رەوشەکە مەترسیدارتر بێت، بوونی دەوڵەتی لاواز و دەوڵەتی شکستخواردوو بوو کە لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان زەمینەیان دروست کرد بۆ ئەوەی داعش بەو شێوەیە پەلبهاوێت، کە ئێستا توانیویانە بەشێکی گەورەی عێراق و سووریا داگیربکەن، تا چ رادەیەك هەوڵەکانی داعش بۆ بەرفراوانکردنی سنوورەکانی خەلافەتەکەی دەبێتە تەحەددی بۆ رۆژگاری سەدەی بیست و یەك و ئایا تا چ رادەیەك جیهان ئامادەیە بەرەنگاری ببێتەوە؟**

- نەك هەر تەنها داعش، بەڵکو رێکخراوە هاوشێوەکانی (بۆ نموونە بۆکۆ حەرام) ئێستا و لە داهاتووشدا وەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار دەمێننەوە. وەك کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکان، ئەوانیش لە نێو دانیشتووانە مەدەنییەکاندا دەژین و چالاکن، لەبەر ئەوە زەحمەتە بتواندرێت لە رێی هێزی ئاسمانییەوە بکرێنە ئامانج و بگرە زەحمەتترە شەڕی زەمینیان لەگەڵدا بکرێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئابووریی لاوازی یەکێتی ئەوروپا و چین و رووسیا، هەروەها رادەی بارگرانی ئەمریکا، ئەوا لە رووی سەرچاوەکانەوە سنووربەندییەکی توند هەیە کە لەسەر شەڕکردن لە دژی ئەم کاراکتەرانە کاریگەرییان هەیە.

*** ئەی بۆچوونتان چییە لەبارەی جەمسەرگیری جیهانی، واتە رووسیا و رۆژئاوا لەلایەك و هەروەها ئێستا چین بۆتە تەحەددایەك بۆ سیستمی جیهانی، چۆن دەکرێت بارگرژیی نێوان رووسیا و رۆژئاوا کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم سنووردار بکرێت؟**

- سەرەڕای گرژیی قووڵ و بەردەوامی نێوان رووسیا و رۆژئاوا، بەڵام هێشتا چەند زەمینەیەك هەن بۆ هاوکاریکردن. بۆ نموونە شەڕی تیرۆریزم. وەك رێگەگرتن لە ئێران تاوەکو نەبێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، چونکە نە رۆژئاوا و نە رووسیا خوازیاری ئەوە نین.

*** لە حوزەیرانی ساڵی رابردووە کوردستان رووبەرووی هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆوە، لەو کاتەوە پێشمەرگە شەڕی داعش دەکات، کە ئەمەش هەر بە تەنها شەڕی کورد و شەڕی پێشمەرگە نییە، بەڵکو شەڕی سەرجەم جیهانە، ئایا پێویستە ئەمریکا و رۆژئاوا چۆن هاوکاری پێشمەرگە بکەن بۆ ئەوەی بەسەر ئەم دوژمنەدا زاڵ بێت؟**

- رۆژئاوا خۆی لە پێگەیەکی نالەباردا دەبینێتەوە. لەلایەکەوە خۆشحاڵە بەوەی پێشمەرگە بەرەنگاری داعش ببێتەوە و ئەم تەحەددییە بگرێتە ئەستۆ، لەلایەکی دیکەوە نایەوێت پەرە بە دەوڵەتی کوردی بدات. هۆکارەکان ئاڵۆزن، بەڵام رەنگە ئاماژەکردن بە دووانیان بەس بێت. تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیژی و ئەندامی ناتۆیە و سەرسەختانە بەرهەڵستی دەوڵەتی کوردی دەکات. هێشتا رۆژئاواش-بەتایبەتی ئەمریکا- پێداگیری لەسەر ئەو وەهمە دەکەن کە دەکرێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی قابیلی ژیان.

*** حاڵی حازر سەرچاوەی ئیسلامی توندڕەو تەنها وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان نین، بەڵکو توندڕەوی لە رۆژئاواشدا بەرهەم دەهێندرێت و دواتر رەوانەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان دەکرێت بۆ ئەوەی لەوێ جیهاد بکەن، کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك گرنگە لە ئایینی ئیسلامدا چاکسازی بکرێت؟**

- ئایین دیاردەیەکی ئۆرگانییە کە بەپێی هێزە کۆمەڵایەتییەکان گەشە دەکات و گۆڕانکاری بەسەردا دێت لەو کۆمەڵگەیانەدا و هەروەها لە نێو ئەو گروپانەدا کە پەیڕەوی لێدەکەن. بەو شێوەیەی ئێوە پرسیارەکە دەکەن ئەوا ناکرێت چاکسازی ئەنجام بدرێت، ئەویش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان هیچ ئایینێك- لە نێویاندا ئیسلام- بەڕاستی یەك ئایین نییە. لە نێو هەموو ئایینە مەزنەکانی جیهاندا فرەییەك هەیە کە جیاوازییەکی عەقیدەیی گەورەیان هەیە، تەنانەت لە نێو پەیڕەوانی یەك ئایینیشدا. کەواتە پێویستە چاکسازی لە چ ئایینێکدا بکرێت؟ کام قوتابخانەی ئیسلام؟ کام تەفسیری هەر یەکێك لەو قوتابخانانە؟ خاڵی دووەم ئەوەیە کە پێویستە گۆڕانکاری لە بیروباوەڕی ئایینیدا تەنها لە ناوەوەڕا سەرچاوە بگرێت. بە رەچاوکردنی ئەوەی وترا، سارا چایەس کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی «دزەکانی دەوڵەت: بۆچی گەندەڵی هەڕەشە لە ئاسایشی جیهانی دەکات،» لەوێدا ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن گەندەڵی ریشەی زۆرێك لە توندڕەوی جیهانە. چونکە نارەزایەتی دروستدەکات کە بوار بۆ توندڕەووەکان دەڕەخسێنێت کە سوود لە نائومێدی و تووڕەیی خەڵکە ئاساییەکە وەربگرن. گەندەڵیش پرسێکە دەکرێت چارەسەر بکرێت.

**گەندەڵی ریشەی زۆرێک لە توندڕەوی جیهانە. چونکە نارەزایەتی دروستدەکات کە بوار بۆ توندڕەووەکان دەڕەخسێنێت کە سوود لە نائومێدی و تووڕەیی خەڵکە ئاساییەکە وەربگرن. گەندەڵیش پرسێکە دەکرێت چارەسەر بکرێت**

**تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیژی و ئەندامی ناتۆیە و سەرسەختانە بەرهەڵستی دەوڵەتی کوردی دەکات**

**رۆژئاوا خۆی لە پێگەیەکی نالەباردا دەبینێتەوە. لەلایەکەوە خۆشحاڵە بەوەی پێشمەرگە بەرەنگاری داعش ببێتەوە و ئەم تەحەددییە بگرێتە ئەستۆ، لەلایەکی دیکەوە نایەوێت پەرە بە دەوڵەتی کوردی بدات**

# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

## ڕۆحیگەری ناخ دەورووژێنێت و
## فۆرمێكی تایبەت بۆ ژیان دادەمەزرێنێ

بەشی چوارەم



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

بەشەكانی پێشوو، بۆ كورتە شـــرۆڤەیەك سەبارەت بە دیاردە و چەمكی ئایین لە دیدی زانا و فەیلەسوفانی ئەم سەردەمە تەرخانكرابوو. ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا بزانین كە فەلسەفەی ئایین لە چ بوارێكی ئایین دەكۆڵێتەوە و خۆی بە چییەوە لە كایەی ئاییندا سەرقاڵ كردووە. لەمەودوا چەند بەشێكیش بۆ خودی دیاردەی ئیسلام وەك ئایین و ئەو پایانەی كە خۆی لەسەر ڕاگرتووە تەرخان دەكەین و شییان دەكەینەوە و شرۆڤەیان دەكەین. پایەی یەكەم كە ئیســـلامی وەك ئایین ڕاگرتووە، بریتییە لە چەمكی خودا، پایەی دووەم چەمكی پەیامبەرێتییە و پایەی سێیەمیش كەلامی خودایە. واتە ئێمە خودا وەك

چەمکێکی بەکارهاتوو هەم لەلایەن مرۆڤ و هەمیش لەلایەن ئیسلامەوە دەخەینەڕوو، لە باسی چەمکی پەیامبەرێتیدا ڕوودەکەینە پەیامبەر محەمەد (د.خ) و دەیناسێنین، هەروەها لە بابەتی کەلامی خودایا ئاوڕێ لە کتێبێکی پیرۆزی وەك قورئان دەدەینەوە و بۆچوونی خۆمانی لەسەر دەدەین.

## ■ ئیسلام و چەمکی خودا

هەر چەمکێ کە دەبینرێ و دەبیسترێ، ڕەنگە لەسەرەتادا وشەیەکی ئاسایی بوبێت، بەڵام لەوەدا گومانێك نییە کە ئەو چەمکە مێژوویەکی تایبەت بە خۆی بووە و تیایدا دروستبووە و ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەو چەمکە هەر بەردەوام بێت لە دەرکەوتندا و گۆڕانکاریشی لە مێژووی خۆیدا بەسەردا بێت. ئەو وشەیە لە سەرهەڵدانییەوە وەك وشەیەکی ئاسایی و تا دەگاتە ئەوەی ببێتە چەمك و دەگاتە لای ئێمەش فۆرمی جیاواز وەردەگرێ و گۆڕانی بەسەردا دێ و بەردەوامیش مانا و واتای تری لێوەردەگیرێ، ڕەنگیشە کاتێ کە دەگەڕێیتەوە سەر ڕیشەی چەمکەکە جگە لە سەرابێك، چیتر نەبووبێت. ئەگەر ئەمە وابێت، ئاخۆ دەشێ وشەی خودا وەك چەمکێ بخوێندرێتەوە؟ واتە چەمکی خودا بە پرۆسەی سەرهەڵدان، گۆڕان، گەشەکردن و دەستکاریکردن بە گوێرەی پێویستی کۆمەڵایەتی و هزری مرۆڤایەتیدا، هەروەك گشت وشەیەك پێیدا تێپەڕ دەبێت، ناوی خوداش گوزەری کردبێت؟.

مادام مرۆڤ ئەو پێکهاتەیە بێت کە هەمیشە لە دووی هەقیقەتێکدا وێڵ بێت، ئەوە خواستی بێت کە بوونەوەر لە شێوازێکدا بۆ ئەو مانایەکی هەبێت، بە ڕۆحی خۆی و لە ڕۆحی خۆیدا بەردەوام لە (میعراج)دا بێت، واتە؛ مادام مرۆڤ مەخلوقێکی ئاوها ڕۆحیگەر بێت، ئەم بۆچوونە ئەوە دەردەخات، کە مرۆڤ بەردەوام ئەزموونی ئایینی سەرنجی ڕاکێشابێت. لە دیوێکی مرۆڤدا ڕۆحیگەری ناخی دەورووژێنێت و فۆرمێکی تایبەت بۆ ژیان دادەمەزرێنێ، کەچی بە دیوێکیتریدا ئەم مرۆڤە ئەقڵگەری وەك توانستێکی تری مرۆڤ گەرەکیەتی ئەو فۆرمە باوە هەڵوەشێنێتەوە، ئیدی لە هەلومەرجێکی نوێدا، لە دەرکەوتنی ماریفەیەکی سەردەمیدا و لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتورێکی تردا، ئەم توانستە ئەقڵییە کاری خۆی کردووە و هێشتا هەر دەیکات.

هەر لەسەر ڕێڕەوی ئەو بۆچوونەی پێشەوە، لەم سەردەمەدا گفتوگۆی چڕوپڕ سەبارەت بە چەمکی خودا، بەتایبەتی یەکخودایی (مۆنۆتەیسم) ئەنجامدراوە. ئەم لێکدانەوە و بەدواداچوونەی ئەوانە و دیبەیتەکانیان، پرسیاری زۆر و چڕوپڕی وروژاندووە، وەك: پەیوەندیی مۆنۆتەیسم و ئەقڵگەری لە مێژوودا دەبێت چۆن بووبێت؟ خوداناسین پرۆسەیەکی سۆزگەری، یان ئەقڵگەرییە؟ باوەڕ بە تاقە خودایەك تا چ ڕادەیەك لە ژێر کاریگەری کات و کەلتووردا بووە و دەبێت؟ بیرۆکەی تاقە خودا لە کوێوە هەڵقوڵاوە؟ ئاخۆ لە نێوان بیرۆکەی (تاقە خودا)ی ئایینی و بیرۆکەی (یەکبوون)ی فەلسەفیدا چ چەشنە پەیوەندییەك هەبووبێت؟ ئایا وێناکردنی خودا لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی تایبەتی دەگێڕێت؟ ئەم پرسیارانە و زۆریتریش، بوونەتە جێگە باسی فەلسەفەی ئایین.

بەهەرحاڵ چەمکی مۆنۆتەیسمی بۆ خودا ئێمرۆکە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. چونکە هزری مرۆڤی پۆستمۆدێرن، هزرێکی زیاتر تاکگەر و هەستەوەر و ڕۆحیگەرە و دژ بە گشتگیر و چیرۆکە مەزنەکانی مۆدێرنەیە. واتە باوەڕیان بە جیاوازی هەیە و نایانەوێ بیرۆکەی یەکانەیی واتە یەك ئایدیۆلۆژی ئایینی، یان فەلسەفی سەبارەت بە چەمکی خودا باڵ بە سەریاندا بکێشێت. بەڵام جیهانی ئیسلام هێشتا لە ژێر کاریگەری چیرۆکە مەزنەکاندا دەژی. واتە ئایینی ئیسلام لە ئەندێشەی موسڵمانەکاندا تا ئێستاش یەکێکە لەو چیرۆکە مەزنەی بگرە ئەو تاکە چیرۆکەی کە جیهانی ئیسلامی داگیرکردووە.

ئیسلام وەك گشت ئایینێکی مۆنۆتەیسمی کە بۆخۆی چیرۆکێکی مەزنە، بەناوی خودایەکەوە خۆی وەك ئایینێك ڕادەگەیەنێت، لە سەر ئەو بنەمایەی کە تاکە ڕێگەیە خودا وەریگرێت و دوائایینیشە کە خودا ناردبێتی. ئەو خودایەی کە ئیسلام بە ناویەوە دەدوێ، ناوی (الله)یە و تاقانەیە و لەوێنەی نییە، پێناسەکردنی خودایەکە کە لە مێژووی هزری مرۆڤایەتیدا وەك لە پێشەوە وتمان، بە مۆنۆتەیسمی ناسراوە. خودایەکی مۆنۆتەیسمی باشتر دەناسین، ئەگەر ئەو پێناسانەی تریش بە کورتی بناسێنین کە لە مێژووی ئایین و فەلسەفەدا بۆ خودا بەکارهێنراون. پاشان ڕای خۆشمان سەبارەت بە پێناسەیەك ئاشکرا دەکەین کە ڕەنگە لەم سەردەمەدا بۆ چەمکی خودا گونجاوتر بێت، بەتایبەتی بۆ سەردەمێك و بۆ جێبەندێك کە نەك ڕەهاگەری، بەڵکو ڕێژەگەری دەخوازێ. واتە ئایین لە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەها و سەرتاسەری و یونیڤێرساڵییەوە بۆ ئایینێکی ڕێژەیی و لۆکاڵی و کەلتووری بگوێزرێتەوە. بەمانایەکی تر تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ خودا بەسەر تێگەیشتنێکیتر بۆ خودا زاڵ نەکرێت.

**لە سەرەتادا ئەتەییسمی بە مانای نەبوونی خودا نەهاتووە، بەڵکو بەوانە وتراوە کە لە ئایینی باوی سەردەمی خۆیان لایانداوە، کە ڕەنگە بەجۆرێکیتر خودایان ناسیبێت، نەک باوەڕیان بە خودایەک نەبووبێت**

■ **چەمکی خودا لە نێوەندی پێناسەکاندا**

خودا وشەیەکە، زۆرترین کات بەسەر دەممدا دێت و لە ژیانی ڕۆژانەشدا بۆ زۆر شتیتریش بەکار دەهێنرێت. ڕەنگە مرۆڤ لەو کاتانەی بەکاریدەهێنێت، هەرگیز بیر لەوە نەکاتەوە ئەم وشەیە چییە و لە کوێوە هاتووە، لەبەر ئەوە چۆن بەدەمیدا بێت، ئاوا دەریدەبڕێت. بەڵام لە لایەکیترەوە، مرۆڤ هەندێکجار لە کاتی تەنگانەدا زۆر بە توندی هانا بۆ ئەو خودایە دەبات، نەك وەك وشەیەکی بۆش و بێمانا، بەڵکو وەك فریادڕەسێك کە توانای ڕەهای هەبێت، واتە ئەو خودایە دەتوانێ بە هانای ئەو کەسەوە بێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسە بەوپەڕی متمانەوە چاوەڕوانی دەستی خودا دەبێت. لەوەشیان قوولتر و قورستر ئەوەیە، کە ئایینەکان وەك خوڵقێنەری ئەم بوونەوەرە ناوی خودا وا دەهێنن کە گشت ورد و درشتی شتەکان و دیاردەکان ئەوەتا لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دایە و ئەم دنیایەشی بۆ مەبەستێك خوڵقاندووە کە مرۆڤ بە ناچاری دەبێت گوێڕایەڵی ئەو خودایە بێت. بۆیە هەر ئەو خودایە بە پێی باوەڕی ئەو ئایینانە، پەیامبەری خۆی دەنێرێ تا مرۆڤ لە مەرام و مەبەستی خۆی ئاگادار بکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە مرۆڤ بە ئەقڵ و فکری خۆی بۆ هۆکاری یەکەم و بنەمای بنەڕەتی ئەم بوونەوەرە دەگەڕێ، چونکی ئەقڵی مرۆڤ وا ڕاهاتووە کە دەبێت هەموو شتێك هۆکارێکی دەرەکی بۆ دەرکەوتنی هەبێ، ئەگینا مرۆڤ گەر ئەو بنەما و سەرەتایەی دەستگیر نەبێت، ناحەوێتەوە. ئەوانەی لەم بوارەدا پتر کار دەکەن، فەیلەسوفەکانن، واتە فەلسەفەش وەك ئایین، ڕێبازی تایبەت و میتۆدی پەیوەند بەخۆی هەیە، تا لەو هۆکارە شاراوەیەی سەرەتا و بنەڕەتی ئەم بوونەوەرە، بکۆڵێتەوە. ئیدی وشەی خودا لە چەن پیتێکی ئاساییەوە بۆ چەمك و زاراوەی تایبەت بە خۆی دەگوێزرێتەوە، کە واتا و مانای تایبەت بەخۆی وەردەگرێت. واتە مرۆڤ بە ناچاری چەند پارادایمێکی داهێناوە تا لە بوون و واتاو مەبەستی ئەو خودایە تێبگات و مامەڵەی لە تەکدا بکات.

**جیهانی ئیسلام هێشتا لە ژێر کاریگەری چیرۆکە مەزنەکاندا دەژی. واتە ئایینی ئیسلام لە ئەندێشەی موسڵمانەکاندا تا ئێستاش یەکێکە لەو چیرۆکە مەزنەی بگرە ئەو تاکە چیرۆکەی کە جیهانی ئیسلامی داگیرکردووە**

ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێ بیخەینەڕوو، مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدان و هۆکارەکانی ئەو پارادایمانە نین، بەڵکو ناساندنێکی کورتی پارادایمەکانە، تا بتوانین ئەو بۆچوونەی کە پاش چەندین ساڵ لە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە هەڵقولاوە و تێگەشتنی خودی خۆم بۆ خودا، کە لە لای خۆم گەڵاڵە بووە، ئاشکرا بکەم. ئەو پارادایمانە پەیوەندییەکی مێژوویی و کەلتووری تایبەت پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ئاماژەدان بەو بۆچوونانەی تر، بۆچوونەکەی ئێمەش، چاتر ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر کۆی گشتی بۆچوونی مرۆڤ سەبارەت بە بوون و نەبوونی خودا لێرەدا بخەینە ڕوو، ئەوا لە دوو ئاراستەی سەرەکیدا خۆیان دەبیننەوە، ئەوانیش: (تەییسمی و ئەتەییسمی)ـن. تەییسمیش لە هەمانکات، لە دوو دۆخی جیاوازدا خۆی دەردەخات، ئەوانیش: (دوالیزمی و مۆنیسمی)ـن.

■ **تەییسمی و ئەتەییسمی:**

تەییسمی تێگەیشتنێکە کە وەك ڕەشماڵێك کۆمەڵێك چەمکیتر لە ژێر خۆیدا کۆدەکاتەوە؛ وەك پانتەییسم، پانەنتەییسم، پۆلیتەییسم، مۆنۆتەییسم و دەییسم. هەندێك دەڵێن تەنانەت ئەتەییسمیش لە ژێر ڕەشماڵی تەییسمیدا دەتوانێ جێگە بۆ خۆی بکاتەوە، وەك (دۆرۆتێی سۆللی) دەڵێت: ئەتەییسمیەکانیش هەرچۆنێك بوو بێت، دەبێ جۆرە باوەڕێکیان بە خودایەك هەبێت . لە ڕاستیدا تەییسم و ئەتەییسم دوو تێرمن، مانای پێچەوانەی یەکتر دەبەخشن. تەییسم واتە (خودابوون) و ئەتەییسم واتە (خودانەبوون). هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دوو تێرمە ڕێك ئەم دوو مانا جیاوازە دژ بەیەکە نابەخشێت، بەڵام ئیمرۆکە وایلێهاتووە، بۆیە ئێمەش هەروا لێرەدا بەکاریان دەهێنینەوە. چونکە لە سەرەتادا ئەتەییسمی بە مانای نەبوونی خودا نەهاتووە، بەڵکو بەوانە وتراوە کە لە ئایینی باوی سەردەمی خۆیان لایانداوە، کە ڕەنگە بەجۆرێکیتر خودایان ناسیبێت، نەك باوەڕیان بە خودایەك نەبووبێت. بەکورتی ئەو تێرمانەی لە ناو تەییسمیدا جێیان بۆتەوە، پێناسە دەکەین و پاشان بۆچوونی خۆمان سەبارەت چۆنیەتی ناسینی خودا لە مۆدێلێکی تردا ئاشکرا دەکەین. بێگومان ئەو مۆدێلانە هیچیان هەقیقەتی خودا وەك خۆی بۆ ئێمە نادەن بەدەستەوە، بەڵکو ئەوانە گشتیان جۆرێکن لە میتافۆر تا یارمەتیمان بدات لە بوونی هەقیقی خودا تێبگەین، یان لانیکەم وێنای بکەین، تا گەلێك لەو پرسیارانەی بە مێشکماندا دێن، وەڵام بدرێنەوە. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو میتافۆرانەی بۆ خودا دادەنرێن کە وەك پارادایمێك بۆ ناسینی خودا بەکار دەبرێن، پەیوەندییەکی پتەویان بە کەلتوور و سەردەم و ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤیشەوە دەبێت. لە بەشی داهاتوودا چەمکەکانیتر دەناسێنین و بە هەر دوو چەمکی دوالیسمی و مۆنیسمی دەستپێدەکەین.

**چەمکی مۆنۆتەیسمی بۆ خودا ئیمرۆکە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. چونکی هزری مرۆڤی پۆستمۆدێرن، هزرێکی زیاتر تاکگەر و هەستەوەر و ڕۆحیگەرە و دژ بە گشتگیر و چیرۆکە مەزنەکانی مۆدێرنەیە**

# داود ئۆغلو
# لە نێوان بێدەنگبوون و ڕاشکاویدا



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

کەس نازانێ هەڵوێستی سەرەك وەزیرانی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو بەرامبەر بە سیستمی سەرۆکایەتی چییە. تا ئێستا لەم بارەیەوە شتێکی ڕوونی نەوتووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەتەڵە. پرۆژەی گۆڕینی سیستمی سیاسی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، لە مانگی حوزەیرانی داهاتوودا یەکلایی دەبێتەوە. ئەمەش پەیوەندیی بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تازەوە هەیە.

لەم ڕووەوە سێ سیناریۆ هەیە. سیناریۆی یەکەم ئەوەیە کە پارتی دادو پەرەپێدان ۳۳۰ کورسی لە کۆی ٥٥٠ کورسی بەدەست بێنێ. ئەمە دەرفەت دەداتە پارتی دەسەڵاتدار ڕێژەی دووسێی دەنگەکان بەدەست بێنێ و دەستوورێکی تازە دابنێ. ئەردۆغان لە لێدوانێکدا لە ویلایەتی بۆرسە ڕایگەیاند کە ئەو ئومێد لەسەر ٤٠٠ کورسی هەڵدەچنێ و سیستمی سەرۆکایەتی لە تورکیا دادەمەزرێنێ.

لەم سیناریۆیەدا داود ئۆغلۆ ڕووبەڕووی سێ ئەگەر دەبێتەوە. لە یەکێکیان وەك سەرەك وەزیران دەمێنێتەوە، بەڵام هەموو دەسەڵاتەکانی لێ دادەماڵدرێن و دەدرێن بە سەرۆکی کۆمار. لە ئەگەری دووەمدا ڕەنگە لەکار بخرێ و کەسێکی وەك هاکان فیدان کە وازی لە دەزگای هەواڵگری هێناوەو بەنیازە خۆی بۆ پەرلەمان کاندید بکات، جێی بگرێتەوە. لە ئەگەری سێیەمدا ڕەنگە ئەردۆغان فیدان بکاتە سەرەك وەزیران و داود ئۆغلو بکاتەوە بە وەزیری دەرەوە، بەتایبەتی کە لەسیستمی سەرۆکایەتیدا پۆستی سەرکۆمار و وەزیری دەرەوە دوو پۆستە سەرەکییەکەی حکومەت پێکدێنن.

سیناریۆی دووەم ئەوەیە کەپارتی دادو پەرەپێدان دەوروبەری ۳۰۰ کورسی بەدەست بێنێ. لەم سیناریۆیەدا پارتی دەسەڵاتدار زۆرینە بەدەست دێنێ و لە دەسەڵات دەمێنێتەوە، بەڵام ناتوانێ دەستوور و سیستمی سیاسی بگۆڕێ. ئەم سیناریۆیە ئەو دەرفەتە بۆ داود ئۆغلو دەڕەخسێنێ کە لە پۆستی سەرەك وەزیران بمێنێتەوە.


سیناریۆی سێیەم ئەوەیە کە پارتی دەسەڵاتدار لە۳۰۰ کورسی کەمتر بەدەست بێنێ، ئەمەش بەم مانایە دێ کە پارتی دەسەڵاتدار وەك گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمان دەمێنێتەوە، بەڵام ناتوانێ حکومەت بەتەنها پێك بێنێ، بۆیە ناچار دەبێ هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێکی تردا بکا. ئەو لایەنەش ڕەنگە هەدەپ بێ. لە سیناریۆیەکی وادا ئەردۆغان سیستمی سەرۆکایەتیی پێ دانامەزرێ و چارەنووسی حکومەتی حزبەکەی بەدەست کوردەوە دەبێ.

سیناریۆی دووەم لە سیناریۆکانی تر زیاتر بە کەڵکی داود ئۆغلو دێ. کێشەی داود ئۆغلو لەوەدایە کە وەك سەرۆکی پارتی داد و پەرەپێدان، دەبێ هەموو توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی حزبەکەی ۳۳۰ کوری بەدەست بێنێ. بەڵام بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە دەرفەتی گۆڕینی سیستمی سیاسی دەڕەخسێنێ و لەم سۆنگەیەوە داود ئۆغلو لە پۆستەکەی لادەبرێ، یاخود لانیکەم هەموو دەسەڵاتەکانی لێ دەسەندرێنەوە.

تا ئێستا داود ئۆغلو لەدژی سیستمی سەرۆکایەتی هیچی نەوتووە، بەڵام پشتگیریشی نەکردووە. پشتگیری نەکردنی سیستمی سەرۆکایەتی لە لێدوانێکی ڕووندا، خوێندنەوەیەکی وای بۆ دەکرێ کە داود ئۆغلو پشتگیریی سیستمی سەرۆکایەتی ناکا، بۆیە لێدوان لەم بارەیەوە نادا، چونکە ئەگەر پشتگیریی بکا، پشتگیرییەکە بەم مانایە دێت کە ڕازییە دەسەڵاتەکانی لێ دابماڵدرێن و بدرێن بە سەرۆکی کۆمار. بەهەمان پێودانگ، بێدەنگی لەم بارەیەوە بەم مانایە دێت کە حەز ناکا دەسەڵاتەکانی لێ دابماڵدرێن و بدرێن بە سەرۆکی کۆمار. هەرچۆنێك بێ، کەس نازانێ ئەردۆغان هەتا کەی ئەم بێدەنگییە گوماناوییەی لێ قبوڵ دەکا.

# دەمارگیری و کینە...

## میکانیزم و کاریگەرییە نەرێنییەکانیان و چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

دەمارگیری و کینە دیاردەیەکە رەگ و ریشەو فرەهەلومەرجی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، ئەم دیاردەیە بە چەند چەمکێکەوە بەستراوەتەوە وەك جیاکاریی رەگەزپەرستی و نەتەوەیی و ئایینی و تایفەگەری و ئیتنی، رەنگە زۆر لە شەڕو شۆڕ و ململانێکان بووبنەتە هۆی بەرهەمهێنانی یەکێك لە شێوازەکانی دەمارگیریی ئایینی، یان نەتەوەیی و هی دیکە، تا ئێستاش کاریگەرییە مەترسیدارەکانی ئەم دیاردەیە وەك پەتایەك بە بوونی مرۆییمان و پەیوەندییەکانماندا رۆچوون، بۆیە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨١دا جاڕدانێکی راگەیاند کە تێیدا بنەماکانی لەناوبردنی هەموو شێوازەکانی دەمارگیری و جیاکاریی روونکردەوە کە دەبنە هۆی تەگەرە دانان لەبەردەم دانانان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی یان لەگەڵ دەرفەتەکانی ئەو ئازادییانەو پیادەکردنیان لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی یەکانگیردەبن.

دەمارگیری: بریتییە لە توندڕۆیی و زێدەڕۆیی لە مەیلێکدا بەرامبەر بە کارێك، دەمارگیریی زمانی تووڕەییە کە مانای وایە مرۆڤ داوای پشتیوانی بکات بۆ ئەو تاقم و کەسانەی خۆیان پێ دەپارێزێت و بەمەش لەگەڵیاندا یەکدەگرێت بۆ لێدانی نەیارانی لە ستەمکار و ستەملێکراوان.

دەمارگیریی لە رووی زاراوەوە بریتییە لە هەستێکی ناوەوە و پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کە توندڕۆ بێت تا ئەو کاتەی لەو بڕوایەدایە کە هەمیشە ئەو راستە و ئەوانی دیکە بە بێ هیچ پاساوێك هەمیشە لەسەر ناحەقی و گوناه و هەڵەن، پەیڕەوکردنی ئەم دیاردەیەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤ هەندێ کار و رەفتار دەکات کە پڕیەتی لە گاڵتەکردن بە بەرامبەر و رق لێبوونەوە و داننەنان بە مافەکانی و خودی مرۆڤایەتییەکەی تا ئەو رادەیەی دەمارگیر وادەزانێت بۆی هەیە کەس و لایەنی بەرامبەر لەناوببات و بێ بەزەییانە تێکی بشکێنێت.

دەمارگیریی تەنیا بە دیاردەیەکی تاکە کەسی دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو بریتییە لە پەتایەکی کۆمەڵایەتی و سەردەکێشێت بۆ رق و کینە و دوژمنایەتی لە پەیوەندییە گشتی و تایبەتییەکاندا، بە شێوەیەك کە دەمارگیریی، وا لە خاوەنەکەی دەکات بڕوایەکی گومڕایانەی هەبێت بە دید و تێڕوانینێك کە نەهێڵێت بگاتە هیچ رێگەچارەیەك بۆ کێشەکانی دەوروبەری

بــە ڕێگەیەکی بابەتییانە کە دواتر خۆی لە وێنەیەکی خەیاڵی پیشـــان دەدات بەهـــۆی دابڕانی دەمارگیر لە ڕاستی و واقیعدا. بەم شـــێوەیە هەمیشە دەمارگیریی بناغەیەکـــی مەترســـیدارە بۆ گێـــژاوی ململانێ کە بۆتـــە هۆی نائومێدی بۆ مرۆڤایەتی، ئەویش لە ڕێی دروستکردنی لەمپەر لە نێوان پێکهاتەکانی مرۆڤایەتی و ڕاوەستان بە ڕووی تواناکانی لێکگەیشتنی نێوان ئەم پێکهاتانە.

دەمارگیریی بەو وەسفەی کە زێدەڕۆیی و تاکڕەوەییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی دەمارگیرو دەوروبەریدا، بۆیە دەبێتە نەخۆشییەك گەشەکردنی دەروونیی مرۆڤ رادەگرێت و پشێوی و و شپرزەیی تەواو لای ئەو کەسە دروســـت دەکات بەتایبەتیش لە مەسەلەی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

لێرەدا ئاراســـتەی نەرێنیی تێڕوانینـــی دوژمنکاریانە بەرامبەر کۆمەڵـــی مرۆڤایەتی و بوونی و مافەکانی دەچەســـپێت . رق و کینــەو دوژمنایەتی و پشـــێویی گشـــتی لەو هەستەی کە لای دەمارگیر هەیە بریتییە لەوەی کـــە زەمینەیەك دەخولقێنێت بـــۆ بیرکردنەوەی نالۆژیکی و حاڵەتێکـــی تووڕەیی، یان پێداگیریی لە هەڵوێستەکانیدا، هەروەها زەمینەیەکی دیکەش دێنێتە ئاراوە بۆ زێدەڕۆیی لە گشتاندن و گۆڕانکاریی ڕێژەیی بۆ ڕەهایی، هاوکات کارئاســـانی بۆ پیادەکردنی ستەم و پاســـاو بۆ هێنانەوەی، هەروەها زاڵبوونی شێوازەکانی تاکڕەوەی لە مامەڵەکردنـــدا، هەروەکو لە حاڵەتەکانی مامەڵەکـــردن لەگەڵ توێژێك یـــان گروپێکی ئایینی یان نەتەوەیی و لێرەدا گشـــتییەکە بە بیانووی بەشەکە وەردەگیرێـــت کە ئەمـــەش بڵاوبوونـــەوەی ململانێی دەمارگیری و کینە لەنێوان گروپەکانی لێ دەکەوێتەوە نەك بە تەنیا لەنێو کەسەکاندا.

ئـــەم میکانیزمانە لـــە حاڵەتی ئاســـانکردن تا ڕادەی سەرەوەی خوێندنەوەو شێوازی شتەکان هەموویان بەیەکەوە کۆدەبنەوە، لەنێوان دوو بەر دابەش دەبن کە لە دەرەوەی ئەواندا ڕێگە بە بوونی هیچ شـــتێکی ئەرێنی نادات، هەروەها بە چوارچێوەی ئەم میکانیزمانە دەمارگیریی میکانیزمی ڕووخان دەقۆزێتەوە بەو ناوەی کە فیلێکی نەســـتە کە ئەوانەی دەمارگیرن لە بەرێکەوە عەیب و خەوش لە لایەنگرانـــی بەرەکەی دیکە دەگرن کە هەر خودی ئەوەیشە کە لایەنگرانی کۆمەڵەی دەمارگیر لە بەرەکەی دیکە پیـــادەی دەکەن، ئەم میکانیزمە دەبێتە هۆی پاککردنەوەی هەموو لایەنەکان و بەتاڵکردنەوەیان لە هۆکارەکانی پشێویی سایکۆلۆژی بەمەش پاساو بۆ دوژمنکارییەکەی دێنێتـــەوەو دەرفەتی پێ دەدات کە لە بەرگرییەوە بچێتە حاڵەتی هێرشـــەوە و دەستدرێژی بکاتە ســـەر ئەوی دیکە بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەی تۆڵەســـەندنەوە کە پشت بە پاســـاوی وا دەبەستێ کە لە جەوهـــەردا وەهمی جیاجیای ســـەنگەرلێگرتنە بە شێوازگەلی دەمارگیریی.

کەواتـــە، دەمارگیریـــی چەندیـــن ســـیمای ئاوێتە لەخۆدەگرێـــت، جێـــی خۆیەتی لێرەدا ســـەر لە نوێ دەستنیشانیان بکەین تاکو ئاگاداری هەڵوەشاندنەوەیان بین و لە قۆناغی دواتری خوێندنەوەمان بۆ ئەم بابەتە ڕێگەچارەشیان بۆ دابنێین.

یەکێك لەو سیمایانە بریتییە لە زێدەڕۆیی و توندڕۆیی و دووەمیشیان سەنتراڵییەکی دەمارگیر و بەرزبوونەوەی پشـــکەکانی لەخۆبایی بوونی بـــێ ناوەڕۆکە لەگەڵ پەراوێزخستنی ئەوی دیکە و داننەنان بە مافەکانی و بوونی دواتر ڕەتکردنەوەی گفتوگۆکردن لەگەڵیدا (واتا لەگەڵ کەســـەکەی دی ) لەبەر ئەوەی لایەنێکە، ئەو حوکمی بە لابردنی لەســـەر داوە، ســـێیەمیان حاڵەتی خۆســـەپاندن و چەقبەســـتوویی لە بیرکردنەوە، دواتر دوژمنایەتی کردنـــی بابەتیانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییەکە و پاســـاو هێنانەوەی خۆگرتن بە ناحەقی، چـــوارەم ســـیما بریتییە لـــە حاڵەتی پەنـــا بردنە بەر توندوتیژی بۆ وەدیهێنانی مەرام و مەبەستەکان. بۆیە لێـــرەدا ئاگری ململانێ و پێکدادانە دروســـتکراوەکان تەشەنە دەکات بە شـــێوەیەك کە هاوسەنگیی لەدەست دەچێت و ســـنووری هەموو شێوازەکانی دەمارگیریی و لۆژیکی رق و کینە دەبەزێنێت.

جـــا بۆ تەواوکردنی پێناســـەی دەمارگیری، ئێمە ئەو کارە ڕوون دەکەینەوە تایبەت بەوەی هەستی رق و کینە دەیهێنێتە ئاراوە لەبەر ئەوەی ئەوانە نیشانەی کشانەوە و شەرمەزاری و دوورکەوتنەوەیەکی توندن کە دوژمنکاری و ناســـۆزیی لەگەڵ کەســـێك، یـــان بیرۆکەیەك، یان خودی دیاردەکە بەرهـــەم دێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ســـەرهەڵدانیی حەزو ئـــارەزوو لـــە دوورکەوتنەوە، یان بەلاوەنان، یان تێکشـــکاندنی لایەنی نەیار، ڕەنگە ئەو لایەنـــە کـــە دەمارگیری و رق و کینەکـــەی دەیکاتە ئامانـــج، خۆی لە توێژێك، یان چینێك، یان گروپێکی خەڵکدا بەرجەستەبێت، ئەو رق لێبوونەوەیە دەرئەنجامی توندڕەوییـــە لـــە هەڵوێســـت و مەیلدا کـــە حاڵێکی دەمارگیرییە کـــە دوو لا لەیەکدی دادەبڕێنێت و وایان لێ دەکات ئارەزووی شـــەڕێکی وێرانکەر بکەن لەگەڵ یەکدیدا، ئەو تێکشـــکانەش لـــە ئەنجامی ئەوەیە رقی لێ دەبێتەوە لـــە جیاتی چاککردنی یان گۆڕین یاخود دوورخستنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکەی بۆ سەر ئێمە،

**کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨١دا جاڕنامێکی ڕاگەیاند کە تێیدا بنەماکانی لەناوبردنی هەموو شێوازەکانی دەمارگیری و جیاکاری ڕوونکردەوە کە دەبنە هۆی تەگەرە دانان لەبەردەم داننان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان**

**دەمارگیری تەنیا بە دیاردەیەکی تاکە کەسی دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو برتییە لە پەتایەکی کۆمەڵایەتی و سەردەکێشێت بۆ رق و کینە و دوژمنایەتی لە پەیوەندییە گشتی و تایبەتییەکاندا**

لێرەوە پێناسەی گوتاری رق و کینە هاتە ئاراوە کە برتییە لە گوتارێك جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی کاری توندوتیژی یان تاوانەکانی رق و کینە ئەویش بە خوڵقاندنی زەمینەیەك کە چەندین حوکمی پێشوەختە لەخۆدەگرێت لەگەڵ تێکدانی ئاسایش و سەلامەتی و وروژاندنی کینە و شێوازەکانی هەڕەشە کە هاندەرە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی رق و کینە.

هەروەك جەوهەری دەمارگیریی، گوتاری رق و کینەش بەوە ناسراوە کە بەتوندی خەڵك پەلکێش دەکات و گاڵتەشیان پێ دەکات، یان دەیانترسێنێت، هاوکات دەیخاتە بەر هەڕەشەی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵێك کردەوەی شێواندن و سووکایەتی پێکردن و وروژاندنی حاڵەتی پەرتبوون و وەحشیگەری کە بە هەمموو ئەمانە فەزایەکی دەمارگیری و رق و کینە و زمانی پێکدادان دێننە ئاراوە کە هیچ دەرفەتێك بە رێککەوتن، یان لێکتێگەیشتنی مرۆیی نادەن. دەمارگیری بێ زمانی هەڵچوون و تووڕەبوون و دوورکەوتنەوە لە کارکردن بە عەقڵ و دانایی هەڵناکات، ئەو تەنیا بە شێواندن ناوەستێ بەڵکو لە قۆناغەکانی دواتردا دەگاتە ئەوەی شتی بۆ دابتاشێت، کە لە واقیعدا لای ئەو کەسە نییە کە رقی لێ دەبێتەوە، بەڵکو هەر لەبەر ئەوەیە خزمەتی مەرامەکانی دەمارگیریی بکات لەوەش زیاتر تاوان دەکات و دەیخاتە پاڵ بەرامبەر، تا ئەو رادەیەی ئەو دووبەرەکی و ناکۆکییە لەنێوان هەردوولای دەمارگیر و هەردوو سەنگەری دروستکراویان قووڵتردەکاتەوە.

**رق و کینەو دوژمنایەتی و پشێویی گشتی لەو هەستەی کە لای دەمارگیر هەیە برتییە لەوەی کە زەمینەیەك دەخوڵقێنێت بۆ بیرکردنەوەی نالۆژیکی و حاڵەتێکی تووڕەیی یان پێداگیری لە هەڵوێستەکانیدا**

لە ئەنجامی دەمارگیریی چەندین دیاردەی جیاکەرەوەمان بەرچاو دەکەوێت وەك حاڵەتەکانی: زیندووکردنەوەی کۆیلەیی و تاوانەکانی، هەروەك چۆن داعش لەگەڵ کەسانی دیکە کردی، هەروەها چەسپاندنی شێوازەکانی ئیتنیی وەکو رەنگدانەوەکانی دەمارگیری بە حاڵەتی پیادەکردنی لەسێدارەدان و تیرۆرکردنی تۆڵەسەندنەوە، جا چ ئەوەی لەچوارچێوەی یاسا، یان لە دەرەوەیدا بێت، هەروەها وەکو بڵاوکردنەوەی گوتاری رقلێبوونەوە و ئەنجامدانی تاوانەکانی رق و شێوازەکانی دەرکردن، یان لابردنی رەگەزپەرستانە و تاوانی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ئیتنیی هەروەك چۆن بەرامبەر کورد و کریستیان و ئێزیدی و مەندائییەکان ئەنجام درا، بەڵام لە بەرامبەردا بزووتنەوەگەلێکی دژ بە جیاکاری و دەمارگیری سەریان هەڵدا هەروەك بزووتنەوەکانی رزگاربوون لە کۆیلەیی و ئازادکردنی ئافرەت و بزاڤەکانی داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگە: کرێکاران، ئافرەتان، قوتابییان، لاوان و دژبە جیاکاریی رەگەزپەرستی لە چوارچێوەی هەوڵەکانی مرۆیی بۆ گێڕانەوەی دەستپێشخەری و رزگاربوون لە نەخۆشییەکانی دەمارگیریی و رق و کینە.

ئەمە وامان لێدەکات جۆر و شێوەکانی دەمارگیریی بخوێنینەوە تاکو ئاسان بێت بۆمان و بچینەسەر ئەو رێگەچارانەی پێشنیاری دەکەین، چونکە شێوەو رەنگی زۆری جیاکاریی و رەگەزپەرستی هەن کە لە دەمارگیرییەوە وەرگیراون وەکو دەمارگیریی رەگەزی، یان وەچەیی، یان تەمەن، یان ئایینی، هەروەها دەمارگیرییەك هەیە کە پشت دەبەستێت بە جیاکردنەوەی هاوڕەگەزی، یان شێوەیی و قەبارەیی و درێژی و بەتەمەنداچوون، یان هەر حاڵەتێکی دیکەی زانراویان کە دێنە پێشەوە و هۆیەکانیش کراوەن لە جیاکاری و خوڵقاندنی وەهمی دەمارگیری، باشترین حاڵەتی دەمارگیری و رەگەزپەرستییەکەی بەگشتی لە گۆڕەپانی مرۆییدا، یان عێراقی بە شێوەیەکی تایبەت دیارە برتییە لە ئەم شێوەو حاڵەتانەی خوارەوە:

١- دەمارگیریی ئایینی یان تایفەگەری: لە راستیدا مرۆڤایەتی لە روانگەی لێبوردەیی و پێکەوەژیانەوە سەیری جەوهەری ئایین و ئایینزاکانی کردووە، بەڵام رقلێبوونەوە و حاڵەتی دوژمنکاری و ململانێ لەگەڵ بەرامبەردا بۆ گوتاری دەمارگیریی دەگەڕێتەوە کە پەیوەستە بە لۆژیکی توندڕەویی سەنترالْیی (من) کە کەسی بەرامبەر دەسڕێتەوە، بۆیە لێرەدا حاڵەتی سەنگەرلێکگرتن و دوژمنکاریی و ململانێکانیان دێتە ئاراوە، لەبەرئەوە خستنەڕووی دیدی ئایین، یان ئایینزا خۆی لە خۆیدا بەتەنیا کێشە نییە کە پێویستی بە ململانێ هەبێت کاتێ بە شێوازی دیالۆگ لەگەڵ بەرامبەر دادەنرێت، بەڵام دەگۆڕێت بە سەرپۆشێك بۆ داپۆشینی پاڵنەرێکی شاردراوەی سیاسی، یان رۆشنبیریی نەخۆش.

٢- دەمارگیریی ئیتنی، یان نەتەوەیی، یان عەشیرەتگەری: برتییە لە دەمارگیری کە لەسەر بنەمای خۆهەڵکێشانە بە داکۆکیکردن لەوەی سەر بە ئیتنێك، یان نەتەوەیەك، یان عەشیرەتێکە، ئەو خەیاڵی شتێك دەکات و لایەنگرانی پێ گومڕا دەکات لە رێی سەنگەرگرتن کە تاقمەکەی لە دەوروبەری جیادەکاتەوەو دەیخاتە باری ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا لە تاکەکانی گرووپە نەتەوەیی، یان عەشیرەتێکی دیکە. بۆیە دەکرێ لێرەدا نموونە بێنینەوە لەوەی کە هەندێ هێزی عەرەبچێتیی توندڕەو ئەنجامیان داوە لە دوژمنایەتیکردنی نەتەوەکانی دەوروبەر وەك فارس و تورك و کورد. هەروەك ئەو هەوڵانەی بۆ هەڵگیرسانی ئاشووب لە نێوان گەلانی سامیی وەك عەبری و

کەنعانییەکان دراون، هەمدیسان وەك عەرەب و ئەمازیغ لەو هەڵچوونانەی هەندێ دەمارگیر دەیانەوێت لە نێوان ئەو نەتەوانەی کە مرۆییانە لەگەڵ یەکدی ژیان دەگوزەرێنن و لە رووی جوگرافیشەوە هاوسنوورن.

**٣- دەمارگیریی فیکریی سیاسی:** بریتییە لە داخرانی بیرکردنەوەی تاکڕەوییانە کە سووکایەتی بە رای بەرامبەر دەکات و دانانی بە هاوڕێکەی، یان گفتوگۆکردن لەگەڵیدا رەتدەکاتەوە. لە ناوەڕۆکدا ئەو جۆرە دەمارگیرییە بریتییە لە سڕینەوەی عەقڵ و لۆژیکەکەی کە داوای میانڕەویی و لێککەوتنی نێوان ئەزموونەکان و دەستکەوتە هزرییەکەی دەکات کە داندەنێت بە هەمەجۆریی و فرەیی و خۆبەزلزانینیش قبوڵ ناکات، هەروەها لە بزووتنەوە سیاسییەکان کە گوزارشت لەمە دەکات: بزووتنەوە شۆڤینییەکان، نازییەی تازە، بیغیدا کە بەم دواییە دەرکەوت، هەروەها کوکلوس کلان. شایانی باسە دەمارگیریی سیاسی خاوەنەکەی پاڵدەدات کە بە رای حزبەکەیەوە پابەندبێت بێ چاوخشاندنەوە و تەگبیر، کە پێی وا بێت دیدو بۆچوونی حزبەکەی بە تەواوی راست بێت، لەکاتێکدا لایەن و هێزە سیاسییەکانی دیکە بەکرێگیراون بۆ بەرژەوەندیی دوژمنانی نیشتمان و گەل یان تایفەیەك و رەنگە زۆرجار ئەمە لە وڵاتانی دواکەوتووی لاواز و دوور لە مەدەنییەت و هەندێ جار ئەم کارە بە ئایین پەردەپۆش بکرێت هەروەك لای حزبە تایفەگەرییە سیاسییەکان لە ئارادایە.

**٤- دەمارگیریی کۆمەڵایەتی:** وەك حاڵەتی دەمارگیریی ئافرەتان بۆ ئافرەتان، پیاوان بۆ پیاوان و پیادەکردنی لەسەر بنەمای جیاکاریی جێندەری، هەروەها لەسەر رەوشی هەردوو رەگەز لە حاڵەتی کوشتار لە جیاتی هاوکوفی و یەکسانی، هەروەك جوداکاریی و رەگەزپەرستی دژی کۆچبەران و رەوەندەکان، لەهەمان چوارچێوەدا سەرنج لە حاڵەتی دەمارگیریی وەرزشی دەدەین کە تەنیا کاریگەریی نەرێنی هەیە کە هەموو بەها بەنرخەکانی وەرزش وەردەگێرێت و دەیکات بە ململانێی نەخۆشی کە لە ململانێ بازرگانی و سیاسییەکاندا دەقۆزرێتەوە. لەوەش خراپتر حاڵەتی دەمارگیریی چینایەتی تایبەت بە تاقمێکی کارکەر لە کارگە و کێڵگەکان کە بە ئاستێکی نزم دادەنرێن و پەراوێزدەخرێن و گاڵتە بەوانە دەکەن کە لە ریزی ئەواندا کار دەکەن.

لەلایەکی دیکەوەو بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی ئەو چارەسەرەی لێرەدا پێشنیارکراوە و بۆ لادان لە دەمارگیریی و رق و کینە بێجگە لەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم خوێندنەوەیەدا باسکرا، پێویستە ئاماژە بکرێت بۆ ئەزموونی چەسپاندنی هەندێ حوکم لە چوارچێوەی دەستووریدا کە وایکردووە رێگە لە دەوڵەت، یان هەر لایەنێکی دیکە بگیرێت لە پەیڕەوکردنی کردەوەکانی دەمارگیری، یان پەسندکردنی نەتەوەیی، یان ئایین لەناو سنوورەکەی خۆیدا، بەڵام ئەو چارەسەرکردنە هەمیشە پێویستی بە هۆشدارییەك هەبووە کە بەم پێیە هەموو گوتارەکانی راگەیاندن کە هاندەرن بۆ ئەو پەسندکردنەی ئایین و تایفەگەری سەرکۆنە بکرێت، هاوکات هێنانەئارای فەزای جیاکاریی و میکانیزمی رق و کینە بە هەموو ئەو تۆمارە مێژووییە ساختە دروستکراوە و داهێنانی زاراوەکانی گوتاری دابەشبوون و چەسپاندنی راستیی رەها بەسەر ئەو گومڕاییە بە پیرۆزیی ئایینی لە هەوڵدانێکدا تاکو عەقڵ نەتوانێت قسە لەسەر ئەو گوتارە بکات.

شتێکی ئاساییە کە نەهێشتنی نەخوێندەواری و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی نەزانین و دواکەوتوویی و نەهێشتنی گیانی هەلپەرستانەو میکانیزمەکانی گەندەڵی هەموویان ئامرازگەلی دیکەن کە رێگە لە هێزەکانی دەمارگیر دەگرن کە کۆمەڵێکی ئامانجدار ناچار بکرێن رۆئیا و گوتاری رق و کینە پەیڕەو بکەن، کەواتە هەر چارەسەرێکی جددی و جەوهەری کە رووبەڕووی دەمارگیری ببێتەوە پێویستە پێشتر بەرەنگاری ئەو فاکتەرانە ببێتەوە کە هۆکاری خودین، یان بابەتین، جا لەپێناو رزگاربوون لە دەمارگیری پێویستە مانا مرۆیی و بەهاکانی بەهێز بکرێن لە لێبوردەیی و برایەتی و دانی ماف بە ستەملێکراو و بەپیرەوە چوونی پێداویستییەکانی هەموو خەڵك، هەروەها بەهێزکردنی بەهاکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کۆتاییهێنان بە دیاردەی هەژاری و بێکاری و نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی ساماندا، دیسان پشتیوانیکردن لە لۆژیکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە وقبوڵکردنی دیالۆگ لە نێوان رۆئیاو بیروبۆچوون و گرووپ و کەلتوورو بیروباوەڕەکانیاندا.

ئەم زاراوە بە هەموو ئاماژەکانیەوە هەمیشە لە رێڕەوی واقیعیی ئێمەدا دەمێنێتەوەو پێویستی بە خوێندنەوەی دیکەی سەرتاسەری و فراوانی تیۆری و پراکتیکی دەبێت بەمەبەستی کاراکردنی دەرفەتەکانی لێکگەیشتن و راستکردنەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە هەموو وڵاتێکدا لەگەڵ گەل و نەتەوە گروپەکاندا بەو شێوەیەی کە گیانی بەیەکەوەژیانی ئاشتییانە بە فراوانترین چوارچێوە بەهێزدەکات.

---

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**مرۆڤایەتی لە روانگەی لێبوردەیی و پێکەوەژیانەوە سەیری جەوهەری ئایین و ئایینزاکانی کردووە، بەڵام رقلێبوونەوە و حاڵەتی دوژمنکاری و ململانێ لەگەڵ بەرامبەردا بۆ گوتاری دەمارگیری دەگەڕێتەوە**

**دەمارگیریی فیکریی سیاسی بریتییە لە سڕینەوەی عەقڵ و لۆژیکەکەی کە داوای میانڕەویی و لێککەوتنی نێوان ئەزموونەکان و دەستکەوتە هزرییەکەی دەکات کە داندەنێت بە هەمەجۆری و فرەیی و خۆبەزلزانینیش قبوڵ ناکات**

# قوتابی و گەنجی کورد

## هەڵگری فیکر و ئینتیمای بەرزی نەتەوەیین

**قوتابی و گەنجی کورد ئەو کاراکتەر و کەسایەتییەن کە سیمای پێشمەرگە و خۆبەخشی لێدەخوێندرێتەوە. گەنجی کوردستانی سەرەڕای قەیرانی ئابووری جارێکی دی سەلماندییەوە کە هەڵگری فیکر و ئینتمای بەرزی نەتەوەییە، ئەوەتا لە بەرەکانی شەڕ بوێرانە ڕووبەرووی تیرۆرستانی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و شۆڤێنیەکان بوونەتەوە و گەورەترین داستان و گیانفیداییان تۆمارکردووە، هەروەکو چۆن لە شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕیندا خەباتگێڕ بوون و ڕۆڵی گرنگیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەبووە، بگرە لە هەڵمەتی خوێنبەخشین و کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری ئاوارە و پەناهەندەکانیش نموونەیەکی جوانیان نیشان نەتەوەکەیان دا. ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و چالاکوانی مەدەنی لەم ڕاپۆرتەی (گوڵان)دا باس لە نەبەردییەکانی لاوان دەکەن و بە داینەمۆ و پارێزەری کوردستانیان لە قەڵەم دەدەن.**

### ● گەنجی پێشمەرگە بە ئومێدەوە دەڕوانێتە ئایندە و ڕێگرە لەبەردەم هێزی تاریکی

سەرەتا حەسەن شێخ عەلائەدین سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان گوتی: «قوتابی و لاوی کوردستانی ئەو کەسایەتییە بەتوانا و بوێرەن کە بە درێژایی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان چۆکیان بەهەموو ئەو دوژمنانە داداوە کە لەژێر ناوی جۆراوجۆری شۆڤێنی و توندڕەو ویستوویانە زیان بە کەرامەت و فیکری نەتەوەیی کورد بگەیەنن، سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا کە بەشی هەرە زۆری بە هێز و بازووی گەنج ولاوانە لە نەبەردییەکانی رابردوو کەمتر نییە، ئەوە توانای گەنجی کوردە ڕووبەڕووی هێزێکی دڕندەی وەکو داعش و عەرەبە قەومچییەکان دەبێتەوەو جارێکی دی ڕێگەدەکرێت لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی دیکەی ئەنفال و قەتڵوعامکردنی ئافرەت و پیاو و منداڵی کورد، واتە بە ئیرادە و ئومێدێکی گەشەوە دەڕواننە ئایندە، ئیتر چۆن ڕێگە بەهێزێکی تاریکیپەرست دەدەن کوردستان خابوور بکەن؟». گوتیشی: «لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە ناوەندەکانی زانکۆ و قوتابخانەکان وەکو دیاردەیەکی خۆرسک قوتابیان بۆ پاڵپشتی براکانیان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی قارەمانێتی ڕوویان لە پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگە کرد، ئەمە دیاردەیەکی خۆرسکانە بوو، بەڵام شرۆڤە و قسەوباسێکی زۆر هەڵدەگرێت، ئێمە وەکو یەکێتی قوتابیان هاندەربووین بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی، لەمەشدا قوتابیان خۆیان هاوکارمان بوون، هەروەها لە کاتی کەوتنەوەی ئاڵۆزییەکان و داگیرکردنی شاری موسڵ جگە لەوەی بەردەوامیمان بەخوێندن دا، چەندین ئەنداممان پێوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کرد، تەنانەت لەگەڵ هەڕەشەکردنی تائیفی بۆ سەر قوتابیانی کورد لەبەغدا بەسوپاسەوە سەرۆکایەتی حکومەت بەدەنگمانەوە هاتو لە ڕێگەی دوو فڕۆکەوە قوتابیانی کوردی بۆ هەولێر و سلێمانی گواستەوە».

### ● لاوان ٨٠٪ی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ پێکدەهێنن

تەیمور تەیمور عەبدال سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لەوەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان هێمای بۆ ئەوە کرد، کە گەنجان و لاوان ئەو توێژەی ناو کۆمەڵگەی کوردستانن کە لە زەمەنە جیاجیاکانی ناو مێژوودا بزوێنەری سەرەکی بوون لە شۆڕشەکان و ڕاپەڕینەکاندا، ئێستاش ڕێگا



بە دوژمنان نادەن بەناوی فیکری توندڕەوەوە کوشتنی مرۆڤی کورد حەڵاڵ بکەن». گوتیشی: «گەنج و لاوی کوردستان خاوەنـــی توانا و وزەیەکی بێ وێنەن و لـــە زەمەنە دژوار و قۆناغە سەختەکانی مێژووی کوردستاندا رۆڵی جوامێرانە و گیانفیدایانەیان بینیوە، راســـتە قۆناغ و زەمەنەکان وایکردووە ئەرك و بەرپرســـیارێتیەکان جیاوازییان بەســـەردا بێت، بەڵام هەرگیز کاریگەریی لەســـەر ئینتیما و فکر و هەڵوێســـتی گەنج بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەی نەکردووە، هەروەکو چۆن بەشـــداریی لاوان لەم شـــەڕەی داعش بینرا کە هەموو پێشبینیەکانی تێپەڕاند تا گەیشتە گیانفیدایی و قوربانیدان، ئێســـتا لاوان ٨٠٪ی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ پێکدەهێنن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لاوی کورد خاوەنی هێزو پێشـــەنگایەتی و داینەمۆی میللەتن، چەندین لاومان لەناو رێکخراوەکە هەبووە کە خۆبەخشـــانە پێشمەرگایەتییان کردووە و بگـــرە چەندین قوتابی زانکۆ و کادیر و ئەندامیمان هەبووە لەم شـــەڕانەدا شەهید بوون، ســـەرکردایەتی جەنابی بارزانی و بەشـــداریکردنی راســـتەوخۆی لە بەرنامەو پلانی شـــەڕەکە بۆ گەنجی کورد دەرســـێکی زۆر گرنگ بوو، کە سەلماندی جەنابی بارزانی وەکو گاندی و ماندێلا و سەرۆکە شۆڕشـــگێڕەکانی جیهان بەرگری لـــە نەتەوەکەی دەکات، ئەمە جێگەی شـــانازی و ســـەربەرزییەکی زۆری گەنجە، بەشداریکردنی خۆبەخشـــانەی لاوی کورد لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە و شـــەهیدبوونیان نیشانەی پیرۆزی و بەرزی ئینتیمایانـــە بۆ نەتەوەو خاك، تەنانەت لە رووی هزر و فیکرییـــەوە گەنج شـــەڕی داعش و ئەڵقـــە لە گوێکانی قەومچییەکانی عەرەب دەکات، چونکە ئەو فیکرە شەڕانگێز و وەحشـــیگەرییە لەگەڵ خودی حەز و ویستەکانی گەنجی ئێمەدا یەك ناگرێتەوە، بەشـــێوەیەکی گشتی بەشداریکردنی لاوی کـــورد لە پارێزگاریکردنی کوردســـتان پێویســـتی بە شـــرۆڤە و توێژینەوەی زیاترە، چونکە لەهەموو پێشبینی و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان تێپەڕی کردووە، بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێـــت کە چەند کەس و تاقمێکی کەم کە فریودراون بە بیروبۆچوونـــی دژ بەمرۆڤایەتی و کوردایەتی نەچووبنە ناو ریزەکانی داعشـــەوە، بەڵام ئەمانە ژمارەیان کەمە، تەنانەت ئەو لاوانەی پێشتر لە ئاکامی ململانێی حزبە سیاسییەکانی کوردســـتان بێ ئومێـــد ببوون و رەخنـــەی توندیان دەگرت، ئەوانیـــش هاتوونەتەوە مەیدانەکە و بەرگری لە کوردســـتان دەکەن، ئەمەش راســـتی ئەو بۆچوونانەی ئێمە دەردەخات کە



سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

**قوتابیان داینەمۆ و پارێزەری کوردستانن**



سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (بەوەکالەت):

**بەشداریکردنی خۆبەخشانەی لاوی کورد لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە نیشانەی بەرزیی ئینتمایانە بۆ نەتەوە و خاک**



سکرتێری گشتی رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان:

**پێویستمان بەوەیە گەنج و لاوی کورد بەرەو هزری ئیسلامی میانڕەویی و خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتمان ئاراستە بکەین**

پێشـــتریش بڕوامان وابوو پێویستە سیاسەتمەداران کراوەتر لە رەخنەکانی گەنجی کورد بڕوانن، چونکە ئەوان تێدەکۆشن بۆ کرانەوەی کۆمەڵگە و دۆزینەوەی ژیانێکی وا کە حەزەکانیان بێتـــەدی و رەخنە و ناڕەزایەتی و بگرە خۆپیشـــاندانەکانیش هیـــچ پێوەندی بە نزمبوونـــەوەی ئینتیماوە نەبـــووە، بگرە بەپێچەوانـــەوە ئەوە بەرزیـــی ئینتیما بووە بۆ نیشـــتمان و نەتەوە کە داوای چاکســـازی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان کردووە، ئەوەتا هەموو ئەو هانـــدان و دیاردە ناوازە جیهانییە نەیتوانی گەنجی کورد لەخشتە بەرێت. کاتێك لەیادی ١٨ی شـــوباتی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان نزیك دەبینـــەوە، زیاتر ئەم رێکخراوە لە جـــاران لە خزمەتی پرســـی نەتەوایەتی و نیشـــتمانیدا دەبێت، بێ پاراستنی ئەم پرســـە ناتواندرێت خواست و ویســـتەکانی لاوی کوردستانی لە دیموکراســـی و ئازادی و ژیانێکی پـــڕ لە کەرامەتی و خۆشـــگوزەرانی دابین بکرێت، هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو هەموو کارو چالاکیەکانی خۆبەخشانەو هونەری و رۆشنبیری و وەرزشـــی ئێمە لەچوارچێـــوەی گرێدانی گەنج بە خاك و نەتەوەدا بووە».

## ● گەنـــج و گەڕانـــەوەی رۆڵـــی رێبەرایەتی لـــە کایەی حوکمڕانیدا

سەرتیپ عەلی سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە لێدوانێکـــی تایبەتدا بۆ گوڵان، باســـی ئەوە دەکات کە گیانفیدایـــی گەنج لـــە ریزەکانی پێشـــمەرگە و بوێری و نەبەردیەکانی پێویستە وێستگەیەك بێت بۆ ئەوەی ناوەندی بڕیار لە کوردستان و لەناو پارتە سیاسییەکاندا چاوخشاندنەوەیەك بە سیاسەت و بەرنامەو کاریاندا بکەن، بەتایبەتی لەو شوێنانەی توێژی گەنجان تێیدا پەراوێـــز خراون و رۆڵی رێبەرایەتییان لە کایەی حوکمڕانیدا پێ بدرێتەوە، گوتیشی: «پێکهاتەی پێشمەرگە و شەهیدەکان کە زۆربەی لە توێژی گەنج و لاوانن، نیشانەیەکە بۆ گرنگی ئەو توێژە و ئامادەیی گیانفیداکاری تێیـــدا لە هەر کاتێـــك کە زانی میللەتەکـــەی و خاکەکەی دەکەوێتە بەر مەترســـی، راســـتە گەنجانمان بەئێستاشـــەوە گلەیی و رەخنەی زۆریان لـــە حکومەتەکەی خۆیان هەیە، بـــەڵام ئەمە پێوەندی بە کەمبوونـــەوەی ئینتیمایان بۆ خاك و نەتەوەکەیـــان نەبووە، رووداوەکانی ئـــەم دواییەی قەیرانی ئابووری و شەڕی داعش و ئامادەییان لە ناوەندەکانی زانکۆ و پەیمانگە و خوێندنگەکان و شەقام ئەو راستییەیان دەرخست کە ئەو هێزە پۆڵایینەن کە چارەنووسی ئەم نەتەوەیەیان لەسەر بنیاتدەنرێـــت، ئێمە لە ئەندامانـــی رێکخراوەکەمان چەندین پێشـــمەرگە و شـــەهیدو بریندارمان هەیە، تەنانەت لە بۆنە و یادەکانـــدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەســـەر تواناو هزری نەتەوایەتـــی گەنجدا هاتووە، بڕوا بکەن لە تەنیا دوو رۆژی هەڵمەتی خوێنبەخشـــین کە لە زانکۆی سلێمانی ئەنجاممان دا، ٣٧٥ بوتـــڵ خوێن کۆکرایەوە، ئەگەر تیمی پزیشـــکی لەتوانایدا هەبووایە، زیاتریش کۆدەکرایەوە، بۆیە بەڕاســـتی توێژی گەنجان لە هەموو بوارێکدا شایســـتەی پێشەنگێتی و رێزلێنانن».

## ● بەناوی ئایین گەنجەکانمان فریو دەدەن و دەیانکەنە قوربانیی مەرام و ئەجێندای دەرەکی

کۆچـــەر بەختیار ســـکرتێری یەکێتی گشـــتی قوتابیانی کوردســـتان، جگە لە بەرزڕاگرتنی رۆڵی گەنج لە پرســـە نەتەوەیی و نیشـــتمانییەکاندا باسی لە کارێکی قێزەوەن کرد، کە بە ناوی ئایینەوە هەوڵی فریودانی گەنجی کورد دەدرێ و هەر لەو بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «رۆڵی توێژی قوتابیان و لاوان لەسەر پرسە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ئێستاکە وەکو دیاردەیەکی خۆڕسکی لێهاتووە، ئەم توێژە گرنگە لە قۆناغە چارەنووســـازەکان و وێســـتگە گرنگەکانی نەتەوەکەمـــان بەتایبەتی کاتێك گەل رووبەڕووی ژینۆســـاید بوویێتەوە، هەموو خەون و ئارەزووەکان و داواکارییەکانی وەلاناوەو تەنیا تێکۆشاوە بۆ پارێزگاریکردن و بەرگریکردن لـــە نەتەوەکەی، ئەوەتا ســـەرەڕای قەیرانی دارایی و بێکاری و دابەزینی ئاستی بژێوی توێژی گەنجان، کەچی هەستی نیشـــتمانییان زۆر بەهێزتر بووە لەو پیلان و دژایەتیکردنـــەی حکومەتی بەغدا و تیرۆرســـتانی داعش، بـــەڵام جێگەی داخە لە رێگەی بەشـــێك لە مزگەوتەکان و هەندێك مەلاو مامۆستای ئایینی کاریان بۆ فریودانی گەنج کردووە، بە ڕادەیەك رایانکێشاونەتە ناو بازنەی توندڕەویی و توندوتیژی و ژمارەیەکیان ئەوەتا ئێستا لەناو ریزەکانی داعش تاوانی کوشتنی کورد و رفاندنی ئافرەت و سەربڕینی خەڵکی مەزڵووم ئەنجام دەدەن، مـــەلای کورد هەیە لە ناو ریزەکانی داعشـــەوە هەڕەشـــە لە خەڵکی هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەکات و لەگەڵ خۆیدا چەندین گەنجی فریوداوە، هەندێك لە رێکخراوە توندڕەوەکان بە ناوی ئایین گەنجەکانمان فریو دەدەن و دەیکەنـــە قوربانی مەرام و ئەجێنـــدای دەرەکی، گەرچی ئـــەم گەنجانە بەراورد بە زۆرینەی توێژەکەیان ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام پێویستی بەهەڵوەســـتە هەیە. پێشمەرگەیەکی گەنج بەرگری لە کەرامەتی کـــورد و هەموو پێکهاتەکانی دەکات و رێگـــە نـــادات داعش ئافرەتمـــان بڕفێنێت و وەکو دەســـتکەوتی شەڕ و سەبایە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، چۆن دەبێت گەنجێکی کورد ئەو خیانەتە گەورەیە بەناوی ئایینەوە ئەنجامبدات؟ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوە بۆ کۆنترۆڵی ئەو مزگەوت و قوتابخانانەی کە تێیدا گەنجی کورد فریـــو دەدرێن و دەیانکەنە قوربانیی ئەجێندای دەرەکی، ئینتیمای بـــەرزی توێژی گەنج رێگرە لە بەردەم ئیســـتغلالکردنی ئازادیی رەها بۆ بەرهەمهێنانی هزری توندڕەوی و وەحشیگەری و سەربڕین، شەڕەکەی ئەم دواییەی مەلا عەبدوڵڵا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم دیاردەیەیە، زۆرجار لەناو رێکخســـتنی حزبە ئیسلامییەکاندا کەسانی وا هەن فیکر و ئایدیۆلۆژیـــای توندڕەوی و دەمارگیری بڵاو دەکەنەوە کە جێگای مەترســـییە، ئەمڕۆ قوتابی و گەنجی هەرچـــوار پارچەکەی کوردســـتان خوێنیان لە پرۆســـەی بەرگریکردنی کوردستان رشتووە، کەچی لێرەولەوێ و لە ناو ریزەکانی داعشدا گوێبستی گەنجی دەمارگیر و توندڕەوی کوردســـتانی دەبین، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە گەنجەکان زیاتر

تەیارو ئامادە بکرێن بۆ هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی، بەتایبەت پێویستمان بە چاوخشاندنەوەی هەموو پرۆگرام و بەرنامەی پارتە سیاسییەکان هەیە کە تێیدا وەکو پێویست گرنگییان بە گەنج نەداوە».


**● بەهەڵە تێگەیشتن لە دەق و ئایەتەکان لە رووبەڕووبوونەوەی داعش مەترسیدارترە**

هەر سەبارەت بە فیکری توندڕەویی ئایینی لەناو هەندێك لەگەنجان و نامۆبوونیان بە ئایینی ئیسلام، ئەحمەد ئەسکەندەر سکرتێری گشتی رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان بۆ گوڵان گوتی: «داعش لە رێگەی دەرچوون لە دەقەکان و سوود وەرگرتن لێی دوور لە واقیع و شوێن و زەمەنی دیاریکراو، توانیویەتی تا رادەیەك فکری توندڕەوی و توندوتیژی لەناو گەنجەکانی سووریا و عێراق و زۆر شوێنی دنیا بڵاوبکاتەوە، کە بەداخەوە دواتر ئاراستەی ئەو رك و قینە رەشە و شەڕەکەیان بەرەو رووی گەلی کوردی موسڵمان کردەوە، لەکاتێکدا کوشتن و ئیهانەکردنی کەرامەتی مرۆڤ پێچەوانەی بنەما ئوسووڵە واقیعەکانی ئیسلامە، بەمەش داعش بووە هەڕەشە لەسەر شەریعەتی ئەو ئیسلامەی کە سەرجەم بەرژەوەندییەکانی باڵای مرۆڤایەتی تێیدا کۆدەبێتەوە، بیروبۆچوونی توندڕەوی داعش کە سەربڕینی مرۆڤی لەلا ئاساییە پێچەوانەی هەموو دەق و ئایەتەکانی قورئانە کە تێیدا هاتووە - ئەگەر مرۆڤێك مرۆڤێك بکوژێت وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت- لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د. خ ) هاتووە - کوشتنی مرۆڤێك ئەوەندە گەورەیە وەکو ئەوە وایە کەعبە برووخێنێت-. هەربۆیە ئێمە وەکو توێژی قوتابیان و گەنج بگرە هەموو گرووپە ئیسلامییە میانڕەوەکانی کوردستان و زانایان و مامۆستایانی ئایینی ئەرکێکی قورسمان دەکەوێتە سەرشان، ئەویش راستکردنەوەی بەهەڵە تێگەیشتنی دەق و ئایەتەکانە، ئەرکی پاراستنی کوردستانمان لەفیکری توندڕەوی و توندوتیژی لەسەر شانە و پێویستمان بەوەیە گەنج و لاوی کورد بەرەو هزری ئیسلامی میانڕەویی ئاراستە بکەین کە بریتییە لە تێگەیشتن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و خۆشەویستی بۆ نەتەوەو نیشتمان. ئەمڕۆ پێشمەرگە بووەتە ناوێکی جوان لەلای هەموو چین و توێژەکان بەتایبەتی لەلای توێژی گەنجان، منداڵەکانمان سروودی پێشمەرگە دەڵێنەوەو شەهیدە قوتابییەکەی زانکۆی دهۆك بە مەراسیمی قوتابیان بەڕێ کرا، لەلایەکی ترەوە قوتابیان واژوو بۆ نەمانی وەرگرتنەوەی پێشینەی هاوسەرگیری و پێشینەکانی دیکەی پێشمەرگە کۆدەکەنەوە و ئێستا وەکو پڕۆژەیەك لەپەرلەمانی کوردستانە، هەروەها بانگەواز بۆ کۆمەك و هاوکاری پێشمەرگە دەکەین هەروەکو چۆن لە رێکخراوەکەمان بانگەوازمان بۆ هاوکاری و کۆمەکردنی خێزانی ئەو پێشمەرگەیە کرد کە باوکی ١٠ منداڵ بوو، داعشەکان دڵڕەقانە سەریان بڕی، بەڵام پێشمەرگە بووەتە ناوێکی جوان و پیرۆز و هەمووومان ئەو هیوایەمان لادروست بووە کە دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی پێشمەرگە دروست دەبێت، هەروەکو چۆن ئێستا بووەتە دیوارێکی پۆڵایین لەبەردەم رێگرتن لە قەتڵوعامکردنەوەی کورد و تەشەنەکردنی بیرو هزری دڕندایەتی و بێ بەزەیی و توندڕەویی، ئێمە وەکو توێژێکی قوتابیانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوو کارمان کردووە بۆ پاراستنی ئەو هزر و بۆچوونە میانڕەوەو لەدژی بڵاوکردنەوەی فکری توندڕەویی کە کار بۆ تێکدانی بنەما شەرعییەکانی ئیسلام دەکات، چونکە چەندین گرووپی توندڕەو لە دەرەوەی سنوورەکان کاریان بۆ بە هەڵە تێگەیشتنی دەق و ئایەتەکانی ئایینی ئیسلام کردووە و سودیان لە رەهەندی سایکۆلۆژی ئایینیی گەنج وەرگرتووە، هەربۆیە شەڕی داعش بە پێشمەرگەو لەناوبردنی فکری توندڕەویی دەکرێت و لەهەردوو بوارەکەشدا گەنجان لەپێشەنگی ئەو کارەدان».

**● ئافرەتی لاوی کورد لەشەڕی تیرۆردا بەهێزترین توانای بە میللەتانی جیهان ناساند**


روخۆش سەعید چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبواری لاوان، سەبارەت بە رۆڵی ئافرەتی لاو لەناو پرۆسەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا باسی ئەوەی بۆ گوڵان کرد کە «ئافرەتانی کورد لە کۆنەوە تا ئێستا بە شێوازی جیاجیا و بە هاوشانی باوك و برا و هاوسەری پارێزگاری کوردستان بوون و لە ئێستاشدا لەناو ریزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤان و ئاسایش و پۆلیسدا رۆڵی کاریگەریان هەیە، کارە خۆبەخشەکانی ئافرەتی کورد لە کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ پێشمەرگە و برینپێچی و ئامادەکردنی نانخواردن و خوێنبەخشین هەمووی کۆمەڵە نموونەیەکی زیندووی هەستی بەرزی بەرپرسیارێتی و خۆشەویستیی بۆ نەتەوەی کورد و کوردستانە، کاتێك داعشەکان هێرشیان کردە سەر کوردانی ئێزیدی و ئافرەت و کچی کوردیان ڕفاندو کردیانە قوربانی، لەبەرامبەردا سەدان ئافرەتی لاو پەیوەندییان بە ریزەکانی پێشمەرگەوە کرد و ژمارەیەکی زۆریشیان وەکو چالاکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چادریان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاریی ئاوارەکان هەڵدا». گوتیشی: «لاوی کورد لە هەموو کات زیاتر هۆشیارە بەرامبەر ئەو فشارو مەرامانەی دەرهەق بە کوردستان و ئەزموونەکەی دەکرێت.

بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆر لەو چالاکانەی کە باسیان لە نەمانی ئینتیما لەلای توێژی لاوان دەکرد، ئەمڕۆ لە بەرەکانی شەڕدا مێژوو بە خوێن تۆمار دەکەنەوە، راستە گەنج لە هەندێك رەفتاری نابەرپرسانە رەخنە و گلەیی هەبووە و دژ بە گەندەڵی و نادادپەروەری و پەراوێزخستنی دەنگی ناڕەزایەتی هەبووە، بەڵام هەرگیز دژی ئەم ئەزموونە و ئەو سەرکردە دڵسۆزانەی نەبووە کە وڵاتیان پێش بەرژەوەندیی حزبی خستووە، بۆیە لە بەرامبەر ئەم گیانفیدایی و دڵسۆزییە بێ وێنەیەی گەنجان مافی خۆیەتی زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە، بەتایبەتی توێژی گەنجان لەناو پێشمەرگەدا، بڕیارەکەی سەرۆکی کوردستان بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە گەورەترین ئومێدە بۆ ئەوەی یەکەکانی پێشمەرگە بەرەو بەدامەزراوەییکردن ببردرێت و تێیدا ئافرەتی پێشمەرگەش شوێنی شیاوی خۆی پێبدرێت».




روخۆش سەعید
چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبواری لاواندا:

**گیانفیدایی و دڵسۆزیی گەنج لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا بێ وێنەیە و مافی خۆیەتی ئاوڕی لێبدرێتەوە**



سەرتیپ علی
سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان:

**گیانفیدایی گەنج لە ریزەکانی پێشمەرگە پێویستە وێستگەیەک بێت بۆ چاوخشاندنەوە بە پەراوێزخستنی گەنج**



سکرتێری یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان:

**بەرزیی ئینتمای توێژی گەنج رێگرە لەبەردەم ئیستغلالکردنی ئازادیی رەها بۆ بەرهەمهێنانی هزری توندڕەوی و وەحشیگەری و سەربڕین**